پارتی داوای ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەکات

پارتە سیاسییە کوردستانییەکان داوای دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەکەن

لە ئێستادا سەرجەم پارتە سیاسییە کوردستانییەکان لە هەوڵی دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکدان و دەڵێن، ناکرێ لەم دۆخەی ئێستادا پرۆسەکە بەڕێوەبچێت، هەروەها دوای ئاساییکردنەوەی دۆخی شارەکە، ئینجا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا ئەنجام بدرێت، بەهۆی ئەوەی شارەکە دووچاری تەعریبکردن بووەتەوە لە دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5819) دووشەممە 2ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

فراکسیۆنێکی تورکمانەکان داوای دارشتنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان دەکات

سەرۆکی فراکسیۆنی میللەت لە پەرلەمانی کوردستان داوای دارشتن و پەسەندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان دەکات.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)







سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆککۆماری پێشووی عێراق دەکات

جەخت لە پێویستیی تەبایی و برایەتیی و یەکڕیزیی لایەنە کوردستانییەکان کرایەوە

دوێنێ یەکشەممە 1/9/2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە دکتۆر فوئاد مەعسووم سیاسەتمەداری کورد و سەرۆککۆماری پێشووی عێراق کرد.
لە دیدارەکەدا ببرووڕا لەبارەی دوایین پێشهاتە سیاسییەکان لە ئاستی عێراق و ناوچەکە ئاڵوگۆڕ کرا. هەروەها پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان خرایە بەر باس و گفتوگۆ و جەختیش لە پێویستی تەبایی و برایەتیی و یەکڕیزیی لایەنە کوردستانییەکان کرایەوە.

بڕیارە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی لە نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان بکرێت

پێشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە 2019/9/1 شاندێکی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرۆکایەتی عومەر سەید عەلی، لەپیرمام سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتییەوە پێشوازییان لێکراو دواتریش هەردوولا کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵییان ئەنجام دا. لە کۆبوونەوەکەدا پرسی هەڵبژاردن و کەرکووک و ڕەوشی ئەو ناوچانە لە دوای شازدەی ئۆکتۆبەرەوە تاوتوێ کران.

دوای کۆبوونەوەکەش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، هەریەک لە گوتەبێژانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی ئەمڕۆی نێوانیان خستەڕوو.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق دەکات

پرۆسەی وەرگرتنی ڤیزای بەریتانیا بۆ هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستان خێراتر دەبێت

گفتوگۆی بەغدا و هەولێر بەردەوامە و بە ئاراستەیەکی ڕاستدا دەڕوات



دوێنێ یەکشەممە 2019/9/1 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کرد لە جۆن ویلیکس باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق.
لە کۆبوونەوەکەدا کە جەمیس سۆرۆنتن کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە هەولێر ئامادەبوو. باڵیۆزی بەریتانی ئاماژەی بەوە کرد کە وڵاتەکەی بە گەشبینی و ئەرێنی پێشوازی لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و ئامادەیە بۆ هەموو هاوکارییەک و گوتیشی هەرێمی کوردستان بەردەوام لە گەشەکردن دایە.
خۆشحاڵی خۆشی دەربڕی کە ئێستا کەشێکی ئەرێنی لە نێوان هەولێر و بەغدا لە ئارادایە. هەروەها ئاماژەی بە ئامادەیی کۆمپانیا بەریتانییەکان کرد بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بکەن.
مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر پێشکەوتنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و ڕوونیکردەوە کە ئێستا گفتوگۆکان بەردەوامن و پەیوەندییەکان بە ئاراستەیەکی ڕاستدا دەڕۆن و لەیەکتێگەیشتنێکی باش هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە سەر بنەمای دەستوور.
سەرۆکی حکوومەت داوای لە باڵیۆزی بەریتانیاش کرد کە ئاسانکاری زیاتر بکرێت بۆ هاتوچۆ و گەشتکردن لە نێوان هەردوولادا بە تایبەتی بۆ هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستان کە بتوانن سەردانی بەریتانیا بکەن. لەم ڕووەوە باڵیۆزی بەریتانیا ڕوونیکردەوە کە لەمەودا پرۆسەی وەرگرتنی ڤیزا بۆ هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستان خێراتر دەبێت.
لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا هەردوولا هاوڕابوون لە سەر مەترسیی هەڕەشەکانی داعش کە ئێستا لە چەند ناوچەیەکی عێراق دەستیان بۆ خۆرێکخستنەوە و جموجۆڵ کردووەتەوە و بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر خەڵکی ئەو ناوچانە و ڕێگریش لە گەڕانەوەی ئاوارەکان دەکات بۆ شوێنەکانیان.
بۆیە جەخت لە سەر ئەوە کرایەوە کە پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان، هەماهەنگی زیاتر لە نێوان هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان هەبێت.

سەرۆک بارزانی:

پێویستە فراکسیۆنی پارتی بەرگری لە مافی سەرجەم هاووڵاتیان بکات

سەرۆک بارزانی لە وتەیەکدا ڕۆشنایی خستە سەر گرنگی و بایەخی ڕۆڵی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەپێناو بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و جەختیشی لەوە کردەوە کە پێویستە وەک چۆن بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردستان دەکەن بە هەمان شێوەیش بەرگری لە مافی هاووڵاتی و دانیشتوانی پارێزگاکانی عێراق بکەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی:

پڕۆژەیاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق دژ بە دەستووری عێراقە و زیانی بۆ کورد هەیە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ، هەوڵ دەدەن یاسای هەڵبژاردنەکان هەموار بکەنەوە، بۆ ئەوەش قسە لەگەڵ فراکسیۆنە کوردییەکان دەکەن، کە یاساکە دژی دەستووری هەمیشەیی عێراقە و زیانی بۆ کورد هەیە.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



لەندەن.. خۆپیشاندانی هاووڵاتیان دژی بڕیاری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بە هەڵپەساردنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان

ئاوارەکان ئاگادار کراونەتەوە لەوەی ئازادن لە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

لە سنووری پارێزگای سلێمانی چەند کارگەیەکی تایبەت بە بڕین و هارینی بەرد هەیە

لە نزیک قەزای دەربەندیخان ژمارەیەک کرێکار لە نێو کارگەیەکدا سەرقاڵی کارێکی سەخت و قورسن و لەو ڕێگەیەوە بژێوی ژیانی خۆیان دابین دەکەن، کە ئەویش کارکردنە لە کارگەیەکی بڕین و هارینی بەردا. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



بۆ جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکانی کارنامەکەی.. حکوومەت 16 پرۆژە یاسا دەنێرێتە پەرلەمان


دوێنێ یەکشەممە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی کردنەوەی خولی پایزەی لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن ئەنجامدا. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لە چوار خاڵ پێکهاتبوو.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

لە ئیسرائیلەوە بۆمبی سووتێنەر ئاراستەی دارستانەکانی باشووری لوبنان کرا

لە لایەن سوپای ئیسرائیلەوە بۆمبی سووتێنەر ئاراستەی دارستانەکانی مەشە کراوە لە سنووری لوبنان لەگەڵ ئیسرائیل. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆک بارزانی لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی لە بەغدا کۆبۆوە

سەرۆک بارزانی: پێویستە فراکسیۆنی پارتی بەرگری لە مافی سەرجەم هاووڵاتیان بکات



دوێنێ یەکشەممە 1ی9ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبۆوە.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بە مەبەستی ڕاگۆڕینەوە لەسەر پرسە سیاسییەکان و تاوتوێکردنی دواین پێشهات و گۆڕانکارییەکانی عێراق ئەنجام درا، سەرۆک بارزانی لە وتەیەکدا ڕۆشنایی خستە سەر گرنگی و بایەخی ڕۆڵی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەپێناو بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و جەختیشی لەوە کردەوە کە پێویستە وەک چۆن بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردستان دەکەن بە هەمان شێوەیش بەرگری لە مافی هاووڵاتی و دانیشتوانی پارێزگاکانی عێراق بکەن. لە بەشێکی تری ئەو کۆبوونەوەیە سەرۆک بارزانی بۆچوونی خۆی لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ ئامادەبووان شی کردەوە و پەیوەست بە چۆنیەتی کارکردن و پەیوەندی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی پێویستی خستەڕوو.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی لە بەغدا سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لەبارەی ڕەوشی سیاسی و کاری پەرلەمانی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق خستەڕوو و جەختیان لە پێویستیی هەبوونی هاوهەڵوێستی و هەماهەنگیی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان کردەوە بە تایبەت لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە ماف و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کونسوڵی نوێی فەرەنسا کرد

مەسرور بارزانی: فەرەنسا بەردەوام هەڵوێستی دۆستانە بووە بەرامبەر گەلی کورد

کونسوڵی فەرەنسا: بە گرنگییەوە لە کارنامەی کابینەی نوێی حکوومەت دەڕوانین

دوێنێ یەکشەممە 2019/9/1 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کونسوڵی نوێی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان ئۆلیڤییە دیکۆتینێ کرد.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە کونسوڵی نوێ کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست و ئاماژەی بە پەیوەندیی مێژوویی نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستان کرد و گوتی سوپاسی دەوڵەتی فەرەنسا دەکەین کە بەردەوام هەڵوێستی دۆستانە بووە بەرامبەر گەلی کورد و هەرێمی کوردستان. ئومێدەواریشم پەیوەندییەکانمان زیاتر گەشە بسەنێت. کونسوڵی نوێی فەرەنسا سوپاسی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و گوتی بە گرنگییەوە لە کارنامەی کابینەی نوێی حکوومەت دەڕوانین و حکوومەتی فەرەنساش ئامادەیە بۆ پێشکەشکردنی هەر هاوکارییەک کە پێویست بێت بۆ یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی: پرۆژەیاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق دژ بە دەستووری عێراقە و زیانی بۆ کورد هەیە

قسە لەگەڵ فراکسیۆنەکان دەکەین و هەوڵ دەدەین یاسای هەڵبژاردنەکان هەموار بکەینەوە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ، هەوڵ دەدەن یاسای هەڵبژاردنەکان هەموار بکەنەوە، بۆ ئەوەش قسە لەگەڵ فراکسیۆنە کوردییەکان دەکەن، کە یاساکە دژی دەستووری هەمیشەیی عێراقە و زیانی بۆ کورد هەیە. دکتۆر ڤیان سەبری، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: وەک پارتی لە دادگای باڵای دەستووری سکاڵامان لەسەر ماددەی 16ی پرۆژەیاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق تۆمار کردووە، کە دژ بە دەستووری عێراقە، چونکە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە، هەموو هاووڵاتییەکی عێراقی مافی دەنگدانی هەیە، بەڵام ماددەی 16ی پرۆژەیاسای هەڵبژاردنەکان مافی دەنگدان لەو کەسانە دەستێنێتەوە، کە لە پارێزگاکانی خۆیان ئاوارە بوون.



سەبری گوتیشی: لەگەڵ یۆنامی لە عێراق کۆبوونەتەوە و هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی جارێکی تر پرۆژەیاسای هەڵبژاردنەکان هەموار بکەینەوە، تا هیچ کەس بیانوەش نەکرێت لە دەنگدان، لەگەڵ گەڕانەوەشماندا بۆ بەغدا، لەگەڵ لایەنەکانی تر لەو بارەیەوە گفتوگۆ دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو یاسایە هەموار بکەینەوە. ناوبراو دووپاتیشی کردۆتەوە، ماددەی 16ی پرۆژەیاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، دژ بە دەستووری هەمیشەیی عێراقە و زیانی بۆ کورد هەیە.

فراکسیۆنێکی تورکمانەکان

داوای داڕشتنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان دەکات

سەرۆکی فراکسیۆنی میللەت لە پەرلەمانی کوردستان داوای داڕشتن و پەسەندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان دەکات.

ئازاد کورەچی، سەرۆکی فراکسیۆنی میللەت (فراکسیۆنێکی کۆتای تورکمانە)، ڕایگەیاند، فراکسیۆنەکەی یاداشتێکی بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان ناردووە و تێیدا چەند داواکارییەکی ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە.

ئازاد کورەچی ئاماژەی بەوەش کرد، کە یەکێک لە داواکارییەکانیان، بریتییە لە ئامادەکردنی پرۆژەیاسای دەستووری هەرێمی کوردستان، کە تێیدا گەرەنتیی مافی پێکهاتەکان بکرێت.

کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە 2019/9/1 پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی یەکەمی خولی پایزەی ساڵی یاسادانانی یەکەمی خۆی، سازکرد.بەپێ زانیارییەکان، زۆرینەی سەرۆک فراکسیۆنەکان پێششنیاز دەکەن ئەم خولەی پەرلەمان گرنگی بە پەسەندکردنی پرۆژەیاسای چاکسازی و پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بدرێ.



لەبەر ڕەوشی ناڕەباری ئەمنی

شنگالییەکان ناگەڕێنەوە زێدی خۆیان

سەرۆکی دەزگای لووتکە بۆ کاروباری ئاوارە و پەنابەرانی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، وێڕای ئازادکردنی شارەکە لە دەستی داعش، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە شنگال هەیە ئاوارەکان بە تەواوەتی نەگەڕاونەتەوە شارەکە. ئاری جەلال، سەرۆکی دەزگای لووتکە بۆ کاروباری ئاوارە و پەنابەرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: هەرچەندە ماوەی دوو ساڵە شنگال لە دەستی داعش دەرهێنراوە و ئازاد کراوە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕەوشە ناهەمواریەی ئێستا لە شارەکەدا هەیە، هاوکات هاتنی هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ ئەو ناوچەیە، زۆرێک لە ئاوارەکانی ئەو شارە ئامادە نین بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان. گوتیشی: ئاوارەکان چاوەڕێی باشبوونی دۆخەکە دەکەن تا دەیانەوێت ژیانێکی ئارام و شایستەیان بۆ دەستەبەر بکرێت و ئەوجار بگەڕێنەوە.

ئاری جەلال ڕوونیشی کردەوە: بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بڕیار وایە لیژنەیەک لە پەرلەمانی کوردستان بچێتە بەغدا تاکوو بتوانن بارودۆخی شنگال ئارام بکەنەوە. بە گوتەی ئاری جەلال، تا ئێستا بەشێکی زۆر لە ئاوارەکانی شنگال لە کامپەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان نیشتەجێن.

لە ئیسرائیلەوە بۆمبی سووتێنەر ئاراستەی دارستانەکانی باشووری لوبنان کرا



لە لایەن سوپای ئیسرائیلەوە بۆمبی سووتێنەر ئاراستەی دارستانەکانی مەشە کراوە لە سنووری لوبنان لەگەڵ ئیسرائیل. ئاژانسی هەواڵیی فەرمی لوبنان LNA بڵاویکردەوە کە لە لایەن ئیسرائیلەوە بۆمبی سووتێنەر ئاراستەی دارستانەکانی ناوچەی بەستەرە و جەبەل ئەلروس کراوە لە نزیک سنوور بە مەبەستی بەرگرتن لە تێبەڕبوونی قاچاخ لە لوبنانەوە بۆ ئەو وڵاتە.

لە هەواڵەکەدا باس لەوە کراوە کە دوای بۆردومانەکە ئاگر لە ناوچەکە بەربووەتەوە و دواتر لە لایەن دانیشتوانی ناوچەکەوە کوژێندراوەتەوە. هەروەها لە هەواڵەکەدا هاتووە «ئیسرائیل بە مەبەستی بەرگرتن لە دزەکردن لە لوبنانەوە بۆ وڵاتەکەی هەوڵی داوە ئاگر لە دارستانەکە بەربدات».

پارتی و گۆڕان کۆبوونەوە

مەحمود محەمەد: بڕیارە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی لە نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان بکرێت

ئاراس وەلی: ڕوانگەکانمان لەگەڵ پارتی لە یەکترەوە نزیک بوون

پێشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە 2019/9/1 شاندێکی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرۆکایەتی عومەر سەید عەلی، لەپیرمام سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتییەوە پێشوازییان لێکراو دواتریش هەردوولا کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵییان ئەنجام دا. لە کۆبوونەوەکەدا پرسی هەڵبژاردن و کەرکووک و ڕەوشی ئەو ناوچانە لە دوای شازدەی ئۆکتۆبەرەوە تاوتوێ کران.



دوای کۆبوونەوەکەش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، هەریەک لە گوتەبێژانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی ئەمڕۆی نێوانیان خستەڕوو. سەرەتا مەحمود محەمەد، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند: لە کۆبوونەوەکەماندا هەندێ پرسمان تاوتوێ کرد و باسمان لەوە کرد لەوانەیە حکوومەتی بەغدا بە گوێرەی ئەو یاسایەی کە دایان ناوە، هەوڵی دابێت حزبە بچووکەکان لە دەسەڵاتە ناوچەییەکان بێبەش بکەن، جیا لەمانەش لەوانەیە لە کەرکووک و مووسڵ و ناوچە کێشە لەسەرەکان و سنووری مادەی 140 بەهۆی ئەو کێشەیەی کە دوای 16ی ئۆکتۆبەر پێشهات، تووشی گرفت بێن. مەحمود محەمەد، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاماژەی بەوەش کرد: کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدار هەیە کە پێویست بەوە دەکات دەبێ لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش دابنیشین و بەتەماین کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لە نێوان پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان بەدین هاوکات بۆ پرسی بەغدا و پرسی کەرکووک، جیا لەم سێ حزبە، لە هەوڵدراین لەگەڵ حزبەکانی دیکەش کەلە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆنن کۆدەبینەوە، چونکە ئەمە پرسێکی نیشتمانییە و پرسی کەرکووک و بەغدایان لەگەڵ تاوتوێ دەکەین.

لای خۆیەوە ئاراس وەلی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان ڕایگەیاند: ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان چەند تەوەرێک بوو، کە یەکێکیان یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بوو کە پێمان وایە یاساکە گرفتی تێدایە و تێبینیمان لەسەری هەیە و ڕوانگەکانمان لەگەڵ پارتی لە یەکترەوە نزیک بوون و باسمان لەوە کرد کە ئەگەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکرێت، ئێمە چۆن بەشداریی تێدا بکەین، ئایا بە یەک لیست بەشداری بکەین؟ بۆ ئەوەی سەنگ و قورسایی کورد دەربکەوێت. ئاراس وەلی گوتیشی: پرسێکی دیکە کە باسمان لێوە کرد، مەسەلەی شەفافیەت بوو لەبارەی ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە پرسی نێوان بەغدا و هەرێمەوە هەیە کە بۆ هاوولاتیانی بگوازینەوە، هاوکات جەختمان لەوە کردەوە هەموومان یارمەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدەین بۆ ئەوەی گرفتەکان لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دیکەی ناوچەیی چارەسەر بکەین. هاوکات ڕاشیگەیاند: باسمان لە چۆنیەتیی بەشداریکردنمان لە حکوومەتی خۆجێیی و پشکەکانمان لە حکوومەت کرد، هەروەها باس لە پەیوەندییە سیاسییەکانی ئێمە و پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکەش کران.

پارتە سیاسییە کوردستانییەکان داوای دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەکەن

پارتی داوای ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەکات

ئیبراهیم خەلیل: هەموو لایانە سیاسییەکان کار بۆ ئەوە دەکەین هەڵبژاردن دوابخرێت

ڕێباز سابیر: پێویستە هەموومان بایکۆتی هەڵبژاردنەکە یان بە یەک لیست بەشداری بکەین

خەبات - ئارام شێرکۆ:

لە ئێستادا سەرجەم پارتە سیاسییە کوردستانییەکان لە هەوڵی دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکدان و دەڵێن، ناکرێ لەم دۆخەی ئێستادا پرۆسەکە بەڕێوەبچێت، هەروەها دوای ئاساییکردنەوەی دۆخی شارەکە، ئینجا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا ئەنجام بدرێت، بەهۆی ئەوەی شارەکە دووچاری تەعریبکردن بووەتەوە لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر.

مامۆستا ئیبراهیم خەلیل، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بەرپرسی مەڵبەندی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە کەرکووک لە لێدوانێکی تایبەتدا گوتی: هەموو لایانە سیاسییە کوردستانییەکان کار بۆ ئەوە دەکەین هەڵبژاردن دوابخرێت تا ئەوکاتەی بارودۆخی شارەکە ئاسای دەکرێتەوە، چونکە پێمانوایە پرۆسەکە لەم بارودۆخەی ئێستادا بە باشی بەڕێوەناچێت. ئیبراهیم خەلیل گوتیشی: ئەگەر سەرکەوتوو نەبووین لە دواخستنی پرۆسەکە، دەبێت هەموو پارتە سیاسییە کوردستانییەکان بە یەکەوە و بایکۆتی هەڵبژاردن بکەین، ئەگەر بڕیاریشماندا بەشداری بکەین، دەبێ هەموومان بە یەک لیست بەشداری ئەو پرۆسەیە بکەین، بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکەو بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەگەر وامان نەکرد، کورد دووچاری زیانی زۆر گەورە دەبێت. بەرپرسی مەڵبەندی یەکگرتووی ئیسلامی گوتیشی یەکڕیزی و یەکدەنگی مانگی کورد لە ئێستادا لە هەموو کاتێک پێویستترە بۆ کەرکووک، هەر پارتێکی کورد بەرپرسە لە بەرانبەر پاشەڕۆژی ئەم شارە، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاش بەشێکە لە دیاریکردنی چارەنووسی ئایندەی ئەم شارە و دانیشتووانەکەی.

بەرپرسی مەڵبەندی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، ڕێباز سابیر گوتی: لە ئێستادا زۆر پێویستیمان بە یەکدەنگی و یەکڕیزی هەیە، بە تایبەتی بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای شارەیەکە، هەر چەندە پارتە سیاسییە کوردستانییەکان لەگەڵ ئەوەدان هەڵبژاردن لە شارەکەدا دوابخرێت، بەڵام ئەگەریش دوانەخرا، ئەوە پێویستە هەموومان بە یەکەوە بایکۆت بکەین یاخود بە یەک لیست بەشداری بکرێتەوە، پارتی ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە شارەکە بە سەربازگە کراوە و پێویستە پێش هەموو شتێک ئەو هێزانە لە شارەکە بچنە دەرەوە، ئێنجا کار بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بکرێت.

ئێستادا سەرجەم پارتە سیاسییە کوردستانییەکان لە سنووری کەرکووک زۆر بە گرنگییەوە کار بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە دەکەن. دواخستنی بێت یاخود بەشداریکردنمان، چونکە ئەمە پرۆسەیەکی زۆر گرنگە بۆ ئایندەی شارەکەمان. ئەمەش لە کاتێکدایە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە فەرمی دەیەوێت پێش ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنە، دۆخی شارەکە ئاسایی بکرێتەوە، پارتی ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە شارەکە بە سەربازگە کراوە و پێویستە پێش هەموو شتێک ئەو هێزانە لە شارەکە بچنە دەرەوە، ئێنجا کار بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بکرێت.



عەبادی و حەکیم بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن پێکدەهێنن

K24/ فەلاح خەفاجی، گوتەبێژی هاوپەیمانێتی نەسر بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی ڕایگەیاند، لەگەڵ ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی عەمار حەکیم لە گفتوگۆدان، بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتییەکی ئۆپۆزیسیۆن پێکبهێنن.

خەفاجی گوتیشی: دوای دەرچوونی ڕەوتی حیکمە هاوپەیمانێتییەک بە ناوی چاکسازی و بوونیادنانەوە نامێنێت. ئاماژەی بەوەشدا، هاوپەیمانێتییەکەیان لەگەڵ ڕەوتی حیکمە بۆ فراوانکردنی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنە. لە 23ی حوزەیرانی ڕابردوو، ڕەوتی حیکمە لە هاوپەیمانێتی چاکسازی وبوونیادنانەوە هاتەدەرەوە و خۆی وەکو هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن ناساند.

پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی کردنەوەی خولی پایزەی ئەنجامدا

بۆ جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکانی کارنامەکەی.. حکوومەت 16 پرۆژە یاسا دەنێرێتە پەرلەمان



دوێنێ یەکشەممە 2019/9/1 پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی کردنەوەی خولی پایزەی لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن ئەنجامدا. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لە چوار خاڵ پێکهاتبوو خاڵی یەکەم بریتی بوو لە یەک دەقیقە بێدەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی، خاڵی دووەمیش بریتی بوو لە کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن، خاڵی سێیەمیش بریتی بوو لە وتاری سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، خاڵی چوارەم و کۆتاییش بریتی بوو لە وتاری سەرۆک فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ خستنەڕووی ئەولەوییەتی تەشریعییان لە وەرزی یاسادانانی نوێ.

لەبارەی کارکردنەوەی لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور بۆ ڕاپرسی، سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند: بە مەبەستی ڕەخساندنی زەمینەی سیاسی لەبار و ژینگەیەکی تەندروست بۆ کاراکردنەوەی لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور بۆ ڕاپرسی، دەستمان بە سەردانی بۆ لای حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کردووە و بەردەوامیش دەبین بە مەبەستی دروستکردنی جۆرێک لە کۆدەنگیی سیاسی و نیشتمانی سەبارەت بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە دواجار دەبێتە سایەی کۆکردنەوەی گشت جیاوازییەکان و پاریزەری ماف و ئازادییە گشتییەکان و دەبێت فەراهەمی ڕەزامەندیی جۆرێک لە کۆدەنگیی پێشوەختەی بۆ بکەین.

سەبارەت بەهاوئاهانگیی نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، سەرۆکی پەرلەمان ئەوەشی خستەڕوو: کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کارنامەیەکی ڕاگەیەنراوی هەیە، جێبەجێکردنی ئەو کارنامەیەش زەمینەی تەشریعیی لەباری دەوێت، کە خۆی لە نزیکەی 14 بۆ 16 پرۆژەیاسا و بڕیاردا دەبینێتەوە، لە هەرە گرنگترینیان پرۆژەیاسای چاکسازییە لە بواری خەرجی و داهات و وەزیفەی گشتی و خانەنشینی، چاکسازی لە کەرتی تەندروستی و دەرمان و خۆراک لە ڕێگەی پرۆژەیاساکانی دامەزراوەی نیشتمانیی دەرمان و خۆراک، پرۆژە یاسای هەمواری یاسای وەبەرهێنان، پرۆژە یاسای بیمەی کشتوکاڵی، پرۆژە یاسای کار و بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت، پرۆژەیاسای سیستەمی بانکی هاوچەرخ.

هەروەها جەلال محەمەدئەمین، بڕیاردەری لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەم، پێویستی بە هەمواری ژمارەیەک یاسا هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش حکوومەت 16 پرۆژە یاسا دەنێرێتە پەرلەمان بۆ پەسەندکردنیان. ئەو پەرلەمانتارە ڕاشیگەیاندووە: لەم وەرزەی یاسادانانی پەرلەمانی کوردستاندا گرنگی بەو پرۆژە یاسایانە دەدرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەیانناردێتە پەرلەمان و لایەنەکانیش لەسەر ئەم پرۆژانەی حکوومەت ڕێککەوتنیان هەیە.

رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە وەڵامی ئەمنیستی ئینتەرناشنڵ:

ئاوارەکان ئاگادار کراونەتەوە لەوەی ئازادن لە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان

رۆژی 2019/8/28

رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشنڵ لەسەر زاری بەرپرسی توێژینەوەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رایگەیاند کە بە سەدان ئاوارەی عێراقی لە کەمپێکی حەمام عەلیل بە زۆر دەگەڕێندرێنەوە سەر شوێنەکانی خۆیان لە حەویجە سەرەڕای مەترسییە ئەمنییەکان و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست لەو شوێنانە.

سەبارەت بە گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان پاش رزگار کردنیان لەدەستی داعش د. دیندار زێباری، رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم رایگەیاند: هێزە ئەمنیەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ کەسێک بە زۆر ناگەڕێننەوە سەر شوێنەکانی خۆیان لە هەمان کاتدا ڕێگریش نین لە گەڕانەوەی خەڵکی ئەم ناوچانە بۆ سەر زێدی خۆیان، بەڵام بەشێک لەو گوندانەی کە خەڵکەکەی ئاوارە بوون دەکەونە هێڵەکانی پێشەوە و بەهۆی بارودۆخی ئەمنی و بوونی مینی چێندراو لەو ناوچانە و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست وەک ئاوی پاک، فریاکەوتنی سەرەتایی، خوێندن و کارەبا گەڕانەوەیان لە ئێستادا ئەستەمە.



زێباری ئاماژەی بە سازکردنی زەمینەیەکی لە بار بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان کرد و لەم بارەوە گوتی: سەرەتا پێویستە ئەو ناوچانە لەو مینە چێندراوانە پاک بکرێنەوە و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک ئاوی پاک، فریاکەوتنی سەرەتایی، خوێندن و کارەبایان بۆ دابین بکرێت ئینجا بگەڕێنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە ژمارەیەکی زۆر شانەی نوستووی داعش لەو ناوچانە بوونیان هەیە و مەترسیان بۆ ڕەوشی ئەمنی و سەقامگیری ناوچەکە دروست کردووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا نەبوونی هیچ سەرچاوەیەکی داهات بۆ ژیان یەکێک لەسەرەکیترین ڕێگریەکانە لەبەردەم گەڕانەوەی خەڵک بۆ ناوچەکانیان.

د. دیندار زێباری گوتیشی: دانیشتوانی هەندێک لە گوندەکانی نەینەوا و ناوچەکانی تری ماددەی 140 بەشێکی خەڵک ناتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، هۆکاری سەرەکیش بوونی مینی چێندراو، بوونی شەڕی تایفی، نەبوونی خزمەتگوزارییە لەم ناوچانە، بەڵام لە هەندێک لە گوندەکانی دیکەی دەشتی نەینەوا کە بارودۆخ بۆ گەڕانەوە لەبارە، سەرەڕای ئەمانەش بەپێی ڕاپۆرت و داتاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان تا ئێستا نزیکەی یەک ملیۆن و شەش سەد هەزار ئاوارە نەگەڕاوەتەوە سەر زێدی خۆیان کە ژمارەیەکی زۆریان لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، ئەمەش بارگرانییەکی زۆری لەسەر هەرێمی کوردستان دروستکردووە، چونکە بە هۆی کەمی کۆمەکەوە نەتەوەیەکگرتووەکان یارمەتییەکانی کەمیکردووە و ئەم ئاوارانەش پێویستیان بە هاوکاری زیاتر هەیە.

لە درێژەی قسەکانیدا ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان گوتی"ئەو ئاوارانەی کە ناوچەکانیان بۆ ژیان دەبێت و مەترسی لەسەر ژیانیان نییە، هەموو ئاسانکاریەک کراوە کە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

لە کۆتایی قسەکانیدا ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان رایگەیاند: هەموو ئاوارەکان لە هەرێم ئاگادار کراونەتەوە لەوەی ئازادن لە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان جگە لەو کەسانەی تۆمەتبارن بەوەی پەیوەندیان بە داعشەوە هەبوو بێت کە ئەوانیش بەپێی یاساکانی هەرێم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.



سوپای ئیسرائیل: دوو موشەکی دژە تانک ئاڕاستەی ئیسرائیل کراون

دوو سەربازی ئیسرائیلی گیانیان لەدەست دا

شەڕوپێکدادان لە نێوان هێزەکانی سوپای ئیسرائیل و حزبوڵای لوبنانی دروستبوو، بەگوێرەی زانیارییەکان دوو سەربازی ئیسرائیلی گیانیان لەدەستداوە. لەلایەن خۆیەوە سوپای ئیسرائیل وەڵامی هێرشەکانی داوەتەوە و چەند ناوچەیەکی لە ئیسرائیل بۆردومانکرد. حزبوڵای لوبنانی ڕایگەیاندووە، هێزەکانیان تانکێکی سوپای ئیسرائیلیان لە سەر سنوری لوبنان و ئیسرائیل کردۆتە ئامانج و دوو سەرباز کوژراون و ژمارەیەکی تریش برینداربوون. بە گوێرەی زانیارییە میدیاییەکانیش لەکاتی ئامادەکردنی ئەم هەواڵەدا فڕۆکە جەنگیەکانی ئیسرائیل لە ئاسمانی باشووری ئیسرئیل دەسوورێنەوە.

هەروەها بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ڕۆیتەرز، سنورەکانی نێوان ئیسرائیل و لوبنان ئاڵۆزی زیاتری سەربازی بەخۆوە بینیوە و سوپای ئیسرائیل فەرمانی ڕەوانەکردنی هێزی زیاتری بۆ سنوورەکە دەرکردووە، حزبوڵای لوبنانیش ڕایگەیاندووە فەرماندە سەربازییەکانیان ئامادەن بۆ وەڵامدانەوەی هەر هێرشێکی ئیسرائیل. لەو بارەیەوە حەسەن نەسروڵا سەرکردەی جوڵانەوەی حزبوڵای لوبنان ڕایگەیاندووە، هەموو بژاردەکان لەبەردەمیاندا کراوەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پێشێلکاریی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئیسرائیل.

فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەیان سەر مەڕ و ئاژەڵی ڕەوندەکانیان کوشت



فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردومانی دەڤەری سیدەکانیان کردو بەم هێرشەوەشەوە چەندان سەر ئاژەڵیان کوشتووە. لە دوو شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەبیانووی هەبوونی بنکەو بارەگانی پەکەکە بۆ چەند جارێک ناوچەکانی خواکورک و بناری شەکیویان لەدەڤەری سیدەکان بۆردومان کردووە و بەپێی زانیاریەکانیش فڕۆکەکان بۆردومانی مەڕوماڵاتی هاووڵاتیان و ڕەوندەکانی ئەو سنوریان کردووە و چەندان سەر ئاژەڵیان کوشتووە.

سەرچاوەیەک بە کوردستان تیڤی ڕاگەیاندووە شەوی 30 لەسەر 2019/8/31 لە دۆڵەقاشمی بناری چیای شەکیو و کۆیستانەکانی لۆلان لەکاتی بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکان بۆ سەر ناوچەکە ڕانەمەڕێک کە بەمەبەستی لە وەڕاندن بردوویانە بۆ شاخەکانی ئەو سنورە بەر بۆردومانەکە کەوتووە دەیان سەر مەڕو بزن مردار بوونەو چەندان سەری دیکەش تا ئێستا بێ سەروشوێنن.

سەردار هەرکی کەسێکی نزیک لە خاوەن ئاژەڵەکانە بەکوردستان تیڤی ڕاگەیاندووە: ڕانە مەڕەکە هی دوو هاووڵاتیە بە ناوەکانی محەمەد قادر و ڕەشید مەحمود کە دانشتویی ناحیەی باسورمەن و بەمەبەستی ڕەوند وئاژەڵداری هاتوونەتە کوێستانەکانی خنێرەو لۆلان.

ئەو هاووڵاتیە گوتیشی شوان و خاوەن ئاژەڵەکان تائێستاش بەدووایی ئەو چەندان سەرمەڕوماڵاتانەدا دەگەڕێن لەکاتی بۆردومانەکە بێ سەروشوێن بوون. لای خۆشیەوە بەڕێوەبەری شاروچەی سیدەکان ڕایگەیاندووە: بەهۆی بۆردومانە بەردەوامەکانی تۆپخانەکانی تورکیا ئەمساڵ و ساڵانی ڕابردووش زیانێکی زۆر بە گوندنشینان و ڕەوندو ئاژەڵدارانی دەڤەری سیدەکان گەیشتووە.



لەماوەی یەک مانگدا 16 کۆڵبەری کوردی ڕۆژهەڵات کوژراون و بریندار بوون

لە مانگی ئابی ڕابردوودا لانیکەم 16 کۆڵبەر و کاسبکار لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بە تەقەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران کوژراون، یان بریندار بوون. بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی (هەنگاو) لە ماوەی مانگی ئابی 2019دا، لانیکەم 16 کۆڵبەر لە سنوورەکانی ئێران کوژراون و بریندار کراون کە 94ی ئەو حاڵەتانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران بووە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، لەو ماوەیەدا 6کۆڵبەر و کاسبکار کوژراون و 10 کۆڵبەریش بریندار بوون.هەمان ڕێکخراو ڕایگەیاندوە کە 15 حاڵەت (6 کوژراو و 9 بریندار) کە دەکاتە 94ی کۆی حاڵەتەکان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران بووە.

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا:

حکوومەتی عێراق مافی وەڵامدانەوە و لێپرسینەوەی لەگەڵ کەنالی ئەلحورە هەیە

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا ڕایگەیاند، حکوومەتی عێراق مافی وەڵامدانەوە و لێپرسینەوەی لەگەڵ کەنالی ئەلحورە هەیە کە لە لایەن ئەمەریکاوە پاڵپشتی دەکرێت لە بارەی هەر ڕاپۆرتێک، ئەگەر پێبوابێت زانیاری ناڕاست و ناپیشەییانە لەخۆدەگرێت یان پێچەوانەی سیاسەتی ئەمەریکا بێت. پێشتر کەنالی ئەلحورە لێکۆڵینەوەیەکی لە بارەی گەندەڵی لە دامەزراوە ئایینییەکان لە عێراق لەژێر ناوی "جەوهەری گەندەڵی پیرۆز لە عێراق" بڵاوکردبوویەوە، ئەوەیش بەجۆرێک مشتومڕ و کاردانەوەی لێکەوتەوە کە پیاوانی ئایینی، سیاسەتمەدران و چالاکوانان لە عێراق واشنتۆن-یان بە هێرشکردنە سەر مەرجەعییەتی ئایینی تۆمەتبار کرد. باڵیۆزخانەی ئەمەریکا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوەکردووە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەسەڵاتی چاودێریکردنی بابەت و پڕۆگرامەکانی کەنالی ئەلحورەیان نییە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "کەنالی ئەلحورە بەوردی و بێ لایەن، پرسە گرنگەکان لە ناوچەکە بڵاودەکاتەوە، تەنانەت دیداو بۆچوونەکان لەبارەی پرسەکانەوە دەخاتەڕوو بە تایبەتیش ئەو پرسانەی کە بۆ بینەرانی گرنگن". لە ڕاگەیەندراوەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا لە جیهان دەسەڵاتی چاودێرکردنی بابەت و پڕۆگرامەکانی کەنالی ئەلحورەیان نییە، بۆیە حکوومەتی عێراق مافی وەڵامدانەوە و لێپرسینەوەی لەگەڵ کەنالی ئەلحورە هەیە کە لە لایەن ئەمەریکاوە پاڵپشتی دەکرێت لە بارەی هەر ڕاپۆرتێک، ئەگەر پێبوابێت زانیاری ناڕاست و ناپیشەییانە لەخۆدەگرێت یان پێچەوانەی سیاسەتی ئەمەریکا بێت.



هۆنگ کۆنگ.. ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی خۆپیشاندەران و پۆلیس

لە بەردەوامی خۆپیشاندانەکان لە هۆنگ کۆنگ، دژبە پرۆژە یاسای ڕادەستکردنی تاوانباران بە چین، ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیسیدا ڕوویدا. وێرای باران بارینی بەخوڕ، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بەشداریان لە خۆپیشاندانەکان کرد لە ناوچەکانی "Kwai Fong" و " Tsuen Wan Park" و دڕێژەیان دا بە ناڕەزایەتیی دەربڕین دژبە پرۆژە یاسای ڕادەستکردنی تاوانباران بە چین. هەر لە خۆپیشاندانەکانی ئەو ڕۆژەدا، ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان پۆلیس و خۆپیشاندەراندا ڕوویدابوو. جێی باسە لە سێی نیسانی ڕابردوودا، پڕۆژە یاسایەک پێشکەش بە پەرلەمانی هۆنگ کۆنگ کرا کە ئاسانکاری دەکات بۆ ڕادەستکردنی تاوانبار و تۆمەتباران لە هۆنگ کۆنگ بە چین.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/9/2 ژمارە (5819)
خەبات

عێراق.. هێرشی داعش لە رێگەی دوو مانگای بۆمبڕێژکراوەوە

تیرۆریستانی داعش لە رێگەی تەقاندنەوەی دوو بۆمب کە لەسەر پشتی دوو مانگا جێگیریان کردبوو، کردەیەکی تیرۆریستیان ئەنجامدا. لەو بارەیەوە نەقیب لە سوپای عێراق، ئەکرەم عابیدی رایگەیاند کە تیرۆریستانی داعش بە کۆنترۆڵ لە دوورەوە دوو بۆمبیان تەقاندووەتەوە کە لەسەر پشتی دوو مانگا جێگیریان کردبوون. نەقیب ئەکرەم عابیدی باسی لەوەش کرد، لەو تەقینەوەیەدا کە لە گوندی ئیسلاحی سەربە ناحیەی جەلەولا سنووری پارێزگای دیالە ئەنجامدرا، یەک کەس بریندارببووە. جێی باسە هەرچەندە لە کانوونی یەکەمی 2017دا رزگارکردنی عێراق لە داعش راگەیەندرا، بەڵام بەپێی گوتەی لێپرسراوانی عێراق، چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش کە لە نێوان خۆرهەڵاتی پارێزگای دیالە و ناوچەکانی باکووری پارێزگای سەلاحەددین، هەروەها پارێزگای کەرکووک گەمارۆدراون تاکە کەسیانە بەردەوامن لەسەر ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستیی.

ئەمەریکا.. لە ئاکامی هێرشێکدا 5 کەس کوژران و ژمارەیەکی دیکەش بریندارببوون



میدیاکانی ئەمەریکا بڵاویانکردەوە لە ویلایەتی تێکساس چەکدارێک بە شێوەیەکی هەڕەمەکی تەقەی لە ژمارەیەک کەس کردووە و لە ئاکامدا پێنج کەس کوژراون و 21ی دیکەش بریندارببوون، هەروەها کەنالی ئەلحورە بڵاویکردەوە کە پۆلیسی ویلایەتی تێکساس رایگەیاندووە، چەکدارێک ئۆتۆمبێلێکی پۆستەی رفاندووە و دواتر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی تەقەی لە ژمارەیەک کەس کردووە. بەگوتەی پۆلیس لە ئاکامی تەقەکردنەکەدا پێنج کەس کوژراون و 21ی دیکەش بریندارببوون.

نەرویج.. تێکشکانی هێلیکۆپتەرێک گیانلەدەستدانی شەش کەسی لێکەوتەوە



لە ئاکامی تێکشکانی هێلیکۆپتەرێک لە شاری ئەڵتا باکووری نەرویج، شەش کەس گیانیان لەدەستدا. بەپێی راگەیەنراوێکی پۆلیسی نەرویج، شەوی یەکشەممە لە ئاکامی تێکشکانی هێلیکۆپتەرێک لە شاری ئەڵتا باکووری نەرویج، شەش کەس گیانیان لەدەستداوە کە یەکێکیان فڕۆکەوانی هێلیکۆپتەرەکە بووە. لە راگەیەنراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، راگەیاندنی هۆکاری تێکشکانی هێلیکۆپتەرەکە و ناسنامەی سەرنشینەکانی کاتی دەوێت و تەنها ئەوە راگەیەنراوە کە لە رووداوەکەدا فڕۆکەوانەکە و پێنج سەرنشێن گیانیان لەدەستداوە. راشگەیەنراوە کە هێلیکۆپتەرەکە سەربە کۆمپانیای Helitrans لە و کۆمپانیاکە لەئێستادا سەرجەم گەشتە ئاسمانییەکانی راگرتووە.



شەڕی ئیسرائیل و ئێران فراوانتر دەبێت

ئەمەریکا لە سزادانی ئێران بەردەوامە

خەبات/زانکۆ جاف: بە گوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی ئاماژەی ئەوەی داوە کە بەرپرسانی ئەمەریکی و ئێرانی گرینگەی نوێیان لەبارەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر جبەخانە و پێگەکانی حەشدی شەعبی خستووەتە روو و پێیانوایە ئیسرائیل لەو هێرشانەدا مووشەکی دوورهاوێژی دژی ئەو جبەخانانە بەکارهێناوە کە پەیوەندییان بە ئێرانەوە هەیە و حەشدی شەعبیش دەڵێت: "ئەو شوێنانە چەک و تەقەمەنی ئەوانی تێدا بووە". ئەمە لەکاتێکدایە بەرپرسێکی حەشدی شەعبی ئاشکرای دەکات، لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە کە ئیسرائیل بۆردومانی سەر جبە خانەکانی حەشدی شەعبی ئەنجامداوە.

شەڕی ئاسمان

بە گوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی کە رۆژی پێنجشەممە 2019/8/29 بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی ئەوەیداوە کە بەرپرسانی ئەمەریکی و ئێرانی گرینگەی نوێیان لەبارەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر جبەخانە و پێگەکانی حەشدی شەعبی خستووەتە روو و پێیانوایە ئیسرائیل لەو هێرشانەدا مووشەکی دوورهاوێژی دژی ئەو جبەخانانە بەکارهێناوە کە پەیوەندییان بە ئێرانەوە هەیە و حەشدی شەعبیش دەڵێت: "ئەو شوێنانە چەک و تەقەمەنی ئەوانی تێدا بووە". راپۆرتەکەی گاردیان لەژێر ناونیشانی (پێشبڕکێی پرچەککردنی نهێنی لە جەنگی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ململانێکانی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا) نووسراوە و ئاماژەی بەوەکردووە کە "شەپۆلی هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە سووریا و عێراق و سعوودیە و یەمەن و لوبنان، تارمایی کۆمەڵێک ململانێی نوێی لە ناوچەکە دەرخستووە، چونکە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، بەهۆی بەرزی ئاست و توانایان لە چوونە ژوورەوە بۆ مەیدانەکانی جەنگ و پێگەکانی ئامانجە دیاریکراوەکانی بە وردی زۆر کارا و کاریگەرن. بەگوێرەی راپۆرتەکە، بەهۆی بچووکی قەبارەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان و کەمی خەرجیی دروستکردنی و توانای هەڵاتن و خۆشاردنەوەی لە رادارەکان و بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر سوپای ئیسرائیل لە ئۆپەراسیۆنەکانی غەززە بەکاریهێناوە زۆر کاریگەرە، بەڵام ئێستا کاراتر بووە لە ململانێ و گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران. لە چەند رۆژی رابردوودا بەهۆی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشکرایە سەر چەندین جبەخانە و پێگەی سەربازیی حەشدی شەعبی و ئیسرائیل بە ئەنجامدەری ئەو هێرشانە دەستنیشان کرا.

سکاڵای حەشد

بەرپرسێکی حەشدی شەعبی ئاشکرای دەکات، لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە کە ئیسرائیل بۆردومانی سەر جبە خانەکانی حەشدی شەعبی ئەنجامداوە. ئەحمەد ئەسەدی، سەرکردە لە حەشدی شەعبی و هاوکات گوتەبێژی هاوپەیمانی فەتح لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: لێکۆڵینەوەکانی حکوومەتی عێراقی بەوە گەیشتووە، کە بەڵگەیان لەبەردەستدایە و ئیسرائیل هێرشەکانی ئەنجامداوە. ئەسەدی روونیشی دەکاتەوە، لێکۆڵینەوەکان دەریدەخات، کە بەبێ بوونی هیچ گومانێک ئیسرائیل لە پشت هێرشەکانی سەر حەشدی شەعبییە و لەم رووەشەوە حکوومەت خەریکی کۆکردنەوەی بەڵگەکانە بۆ ئەوەی رادەستی ئەنجوومەنی ئاسایش بکات و سکاڵا تۆمار بکات. لە بارەی تێوەگلانی ئەمەریکاشەوە، ئەو سەرکردەیەی حەشدی شەعبی رایگەیاند، تێوەگلانی ئەمەریکا هێشتا روون نییە و رەتیشکردەوە ئەمەریکا تۆمەتبار بکات. لە چەند هەفتەی رابردوو، چەند فڕۆکەیەکی نەناسراو، چەند جبەخانە و بنکەیەکی سەربازی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق بۆردومان کرد و تاکو ئێستا هیچ لایەنێک بە فەرمی بەرپرسیارەتی رانەگەیاندووە.

سزاکانی ئەمەریکا

ئیدارەی ئەمەریکا، چوار کەسی بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ سوپای قودس و بزووتنەوەی حەماس خستە لیستی رەشەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، لە بەیانێکدا رایگەیاند: چوار کەس بە تۆمەتی بازرگانی لەگەڵ حەماس و سوپای قودسی ئێرانی و هەروەها کەتیبەکانی عیزەدین قەسام، بالی سەربازی حەماس، خراونەتە لیستی تیرۆرەوە. بە گوێرەی بەیانی وەزارەتی خەزێنەداری ئەمەریکا، ئەم کەسانە لە رووی دارایی، تەکنیکی و بازرگانییەوە، یارمەتی ئەم گروپانەیان کردووە. جگە لەم سزایەش هاوکات وەزارەتی خەزینەداری ئەمەریکا، رۆژی شەممە 31ی ئاب، کەشتییەکی ئێرانی خستە لیستی گەمارۆکانەوە. ئەو کەشتیە ئێرانییە، کە هەڵگری 2.1 ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوە، خرایە لیستی گەمارۆکانی ئەمەریکاوە و واشنتۆن رایگەیاندووە، کە دەستی بەسەردا دەگرێت. وەزارەتی خەزێنەداری ئەمەریکا، هەروەها کاپتنی ئەم کەشتیەی خستۆتە لیستی گەمارۆکانەوە.

ئێران فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ''کیان''ی ناساند



ئێران فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی "کیان"ی ناساند کە دروستکراوی خۆیەتی و بە مەبەستی سەربازیی بەکاردێت. سوپای ئێران لە ڕێوڕەسمێکدا کە لە تارانی پایتەخت بە ئامادەبوونی فەرماندەی بەرگریی ئاسمانیی ئەو وڵاتە، جەنەراڵ عەلی ڕەزا ساباحیفەردی بەڕێوەچوو فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی "کیان"ی نمایش کرد کە بۆ مەبەستی سەربازیی بەکاردێت. لە گوتارێکیدا کە لە ڕێوڕەسمەکەدا پێشکەشی کرد، ساباحیفەردی گوتی: کیان بە مەبەستی چاودێری، پشکنین و هێرشبردن دروستکراوە. ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانەی دروستکراوە دەتوانێت ئامانجی زۆر دوور لە سنووری وڵاتەوە بکاتە ئامانج و ماوەیەکی زۆر لە ئاسمان بمێنێتەوە.

ڕووسیا.. دەستگیرکردنی سەدان چالاکوانی ئۆپۆزسیۆن لە مۆسکۆ



لە چوارچێوەی ئەو زنجیرە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانەی کە دژ بە دوورخستنەوەی چالاکوانانی ئۆپۆزسیۆن و کاندیدانی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی خۆجێی مۆسکۆ بەڕێوەدەچێت، ڕۆژی شەممە سەدان چالاکوانی ئۆپۆزسیۆن لە ناوەڕاستی مۆسکۆ گردبوونەوە و خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.
خۆپیشاندانەکە بێ مۆڵەت ئەنجامدرا، وێڕای ئەوەی پێشتر چالاکوانەکانی ئۆپۆزسیۆن داوای مۆڵەتیان کردبوو، بەڵام لە لایەن بەرپرسانی مۆسکۆوە داواکارییەکان ڕەت کرابووەوە. خۆپیشاندانەکە لە شەقامی بۆلیڤارد رینگ ناوەڕاستی مۆسکۆ بەڕێوەچوو و خۆپیشاندەران بە بەرزکردنەوەی چەند دروشم و لافیتە داوای ئازادکردنی دەستگیرکراوەکانیان دەکرد.
لەوتەی مانگی تەمووزی ڕابردووە بەشێوەی نیمچە هەفتانە خۆپیشاندانی ناڕەزایی لە ڕووسیا دژ بە دوورخستنەوەی چالاکوانانی ئۆپۆزسیۆن و کاندیدانی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی خۆجێی مۆسکۆ کە بڕیارە لە هەشتی ئەیلوولی داهاتوو بەڕێوەبچێت. بەپێی کەنالەکانی ڕاگەیاندنی خۆجێی، تاوەکو ئێستا دەیان چالاکوانی ئۆپۆزسیۆن و خۆپیشاندەر لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ڕووسیاوە، دەستگیرکراون.

وەزیری ناوخۆ پێشوازیی لە فڕاکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دەکات



دوێنێ یەکشەممە 2019/9/1 ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی لە شاندی فڕاکسۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان کرد.
سەرەتای دانیشتنەکە، عەلی حەمە سالح سەرۆکی فڕاکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان پیرۆزبایی خۆیانی ئاراستەی وەزیری ناوخۆ کرد بە بۆنەی دەستبەرکاربوونی لەم ئەرکە نوێیەیدا و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کارەکانی.
لە بەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا کار و ئەرکەکانی وەزارەت و هەماهەنگیی نێوان پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی ناوخۆ بەمەبەستی خزمەتکردنی زیاتری هاوواڵتیان و دابینکردنی ئاسایش بۆ کۆمەڵگا، گفتوگۆی لەسەر کرا و بیرورا ئاڵوگۆڕ کرا.
دواتر وەزیری ناوخۆ خۆشحاڵی خۆی بەم دیدارە دەربڕی و هیوای خواست وەزارەت و پەرلەمان وەک دوو بنەمای چەسپاندنی یاسا و خزمەتکردنی هاوواڵتیان هاوکار و هاوئاهەنگ بن و لەم ڕووەوەش وەک وەزارەتی ناوخۆ هەموو هاوکاری و ئاسانکارییەکی لەم بارەوە خستەڕوو.

بەرپرسی لقی 16 سەردانی ژمارەیەک لە هاونیشتیمانیانی کۆمەڵگای شاوەیسی کرد



لە دێڕەی دیدار و سەردانە بەردەوامەکانیدا بەمەبەستی ئاگاداربوون لە کێشە و گیروگرفت و پێداویستییەکانی هاونیشتیمانیانی سنوورەکە، بلند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاوارە هەولێری کارگێڕی لق و مامۆستا سەروان بەرپرسی لێژنە ناوچەی تارین لە کۆمەڵگای شاوەیس سەردانی هەر یەکە لە ئەیوب حاجی تاهر وەسانی و حەسەن شەهید عەبدوڵا مەلەکی و مام عەلی مەجید و نەریمان تاریقی کرد.
لەمیانی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی16 وێڕای هەواڵپرسین لەبارى تەندروستی و ژیان و گوزەرانی ئەو هاونیشتیمانیانەی سەردانی کردبوون بە وردی لە کێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانی هاووڵاتیانی سنوورەکەی کۆڵییەوە بەئامانجی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان و گەیاندنی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ دەڤەرکە بەهاوکاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتییانی کوردستاندا.
لەبەشێکی دیکەی سەردانەکاندا ئەو هاونیشتمانیانەی کۆمەڵگای شاوەیس چەندین داواکاری و سەرنج و پێشنیازیان خستە بەردەم بەرپرسی لقی16ی هەولێر کە بەئەنجام گەیاندنیان تەواوی خەڵکی دەڤەرەکە لێیان سوودمەند دەبن، لەبەرامبەردا بلند ئیسماعیل ئامادەیی لقی16ی دەربڕی بۆ هەرجۆرە هاوکاریی و پالپشتییەک کە ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان و زیاتر ئاوەدانکردنەوی ناوچەکە.

هەولێر.. پیاوێک لەبەردەم دادگا، ژنەکەی خۆی دەکوژێت

بەیانی دوێنێ دووشەممە پیاوێک لەبەردەم دادگای هەولێر بە گوللە ژنەکەی خۆی کوشت و دواتر لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکرا.
گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر، هۆگر عەزیز هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوە و ڕاگەیاند کە پیاوێک بە گوللە هاوسەرەکەی خۆی کوشتووە.
گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر، هۆگر عەزیز گوتی: دوێنێ یەکشەممە 2019/9/1 پیاوێک لە نزیک سەرۆکایەتی داواکاری گشتی، بەرامبەر پارکی سامی عەبدولڕەحمان بە گوللە هاوسەرەکەی کوشتووە.
هەروەها عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕایگەیاندوە: ژنەکە لە ساڵی 2018 لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەستگیر کراوە و دوای ئەو کێشەیە، دۆسیەی جیابوونەوەی ئەو دوو هاوسەرە چووەتە دادگا. ڕاشیگەیاند: بە گوتەی بکوژ، هۆکاری کوشتنی ئەو ژنە بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکەی ساڵی 2018 دەگەڕێتەوە نەک پرۆسەی جیابوونەوەیان. ئاماژەی بەوەشدا، دوێنێ چوارەم دانیشتنی دادگا بوو لەسەر دۆسیەی جیابوونەوەیان، بەڵام پیاوەکە لە دەرەوەی دادگاکە ژنەکەی کوشتوە.

بەغدا بەشێکی دیکەی پارەی گەنمی جووتیارانی ڕەوانەی هەرێم کرد

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: بەغدا بڕی 30 ملیار دیناری پارەی گەنمی جووتیارانی ڕەوانە کرد و دست بە دابەشکردنی ئەو بڕەپارەیە لە شاری هەولێرو دهۆک و سلێمانیش کراوە و بۆ هەر پارێزگایەک بڕی 10 ملیار دینار دیاری کراوە و بڕیاریش وایە لە ماوەیەکی نزیکدا قۆناغی سێیەمی پارەکە بگاتە هەرێمی کوردستان. شایانی باسە لە قۆناغی یەکەمدا حکومەتی عێراق لە مانگی تەموزی ئەمساڵدا بڕی 15 ملیار دیناری بۆ جووتیارانی کوردستان نارد و لە بوودجەی عێراقیش بڕی 192 ملیار دیناری بۆ پارەی گەنمی جوتیارانی کوردستان جێگیر کراوە.



بەرپرسانی شارەوانیی هەولێر ڕوونکردنەوە لەبارەی خانووەکانی گەڕەکی تەعجیل دەدەن

سەرۆکی شارەوانیی هەولێر لەبارەی هەواڵی ڕووخاندنی خانووە چۆڵ و کەلەپوورییەکانی گەڕەکی تەعجیل و دروستکردنی گەراج لە شوێنەکانیان، ڕوونکردنەوە دەدات.
سامان محەمەد، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر ڕایگەیاند: ئەو بابەتە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی بۆ دەرچووە و زیاتر لەڕێگەی پارێزگاری هەولێرەوە سەرپەرشتی دەکرێت، بۆ ئەوەی گەڕەکەکان بخرێنە سەر شارەوانی و ئیستملاک بکرێن، بۆ ئەو مەبەستەش لێژنەیەکی تایبەتمەند لە شارەوانیی یەک دروست بووە کە لە لایەنی پەیوەندیدار و داواکاری گشتی پێکهاتوون.
سەرۆکی شارەوانیی هەولێر گوتیشی: وردە وردە خانووەکان ئیستملاک دەکرێن و قەرەبوو بە خاوەنەکانیان دەدرێت، بۆیە ئەو خانووانەی ئیستملاک نەکراون، یان زۆر کۆنن و داڕماون، نابێت ڕێگەیان پێ بدرێت بڕووخێنرێن، یان نۆژەن بکرێنەوە و دەبێ شێوەی ئاسەواریان پێوە بمێنێت.
سامان محەمەد، بۆ باسنیوز ڕوونیشی کردەوە: لەلایەن یونسکۆ، پارێزگار و شارەوانییەوە وا دانراوە نۆژەن بکرێنەوە، ئەگەر بێت و خەڵکانێک بیانهەوێ کە بیانڕووخێنن، ئەوا ڕێپێدراو نییە، ئەگەر حاڵەتێکیش هەبێ چاوپۆشی لێ کرابێت، پێمان باشە ئاگادار بکرێینەوە و لێپێچینەوەی یاسایی لەسەر دەکەین.
لەلایەن خۆشیەوە مەریوان هادی، بەڕێوەبەری شارەوانیی یەکی هەولێر بە باسنیوی ڕاگەیاند: گەڕەکی تەعجیل و خانەقا دوو گەڕەکن ناوچەیەکیان فەرمانی ئیستملاککردنی بۆ ئێمە هاتووە لەسەر نەخشەیە و پێی دەگوترێ conservation Area ئەوە دەستکاری ناکرێن.
هاوکات گوتیشی: ئەو بەشەی کە ئیستملاک نەکراوە، خەڵکێکی زۆر فشار دەکات و دەڵێن ئەوە حەوت ساڵە حکوومەت بڵۆکی لە خانووی من داوە و ڕێگە نادات دەستکاریی بکەم و بەکاری بهێنم، بۆیە لەو خاڵەدا خەڵکێکی زۆر هەلەکە دەقۆزنەوە و فشار لە شارەوانیش دەکەن، بۆیە بە شێوەیەکی نافەرمی دەیکاتە گەراج.
مەریوان هادی ئاماژەی بەوە کرد: شارەوانی ئیفرازات خاک و شوێنی نوێی نییە کە وەک قەرەبوو پێیان بدات، من بەڵێن دەدەم ئەگەر ئیفرازاتی نوێ هەبێت، ئەوا لە ماوەی شەش مانگدا هەموو ئەو خانوانە کە نزیکەی 800 خانووە ئیستملاکی دەکەین

بەرپرسێ لقا ئێک خوە لپرسا هند کرێکاران دکەتە خودان



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل هولا بارەگایێ لقێ پێشوازیا هژمارەیەکا خودان ترومبێلێن بارهەلگرێن کواشێ کرن، لدەستپێکێ بەرپرسێ لقێ گوهداریا داخوازی و گلە و گازندێن وان بو ئەوێن کو دڤان ڕوژێن چوویی دا هاتینە پێشیا وان، وان ژی ب تێر و تەسەلی گرفتێن خوە ئێخستنە بەرچاف پاشی بەرپرسێ لقێ بخێرهاتنا وان کر و گوت: ئەز ژی وەکی هەوە ڕێنجبەر و کورە جوتیارەکێ قی باژێری مە و دزانم کو ئێش و نالێن هەژارێ چەندن و ل دور پرسگرێکا هەوە ژی دی هەمی هەولا دەین دگەل لایەنێن پەیوەندیدارێن ڤێ ئێکێ کو ڕێکە چارەیەک ل دور ڕێکارین یاسایی و سازیێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ ڕا بهێنە چارەسەکرن، ئەڤە و خودانێن ترومبێلا سوپاسیا بەرپرسێ لقی کرن ژبو پشتەڤانی و پالپشتیا وی دگەل دا.

وەزارەتی تەندروستی کارێک لە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی قەدەغە دەکات

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: وەزارەتی تەندروستی هەرێم بڕیاری داوە دیاردەی کەسێکی دیکە دەوام کردن (متناوب) قەدەغە بکات، جگە لەوەش نابێت پزیشک و کارمەندانی تەندروستی لە کاتی دەوامی فەرمی لە کەرتی تایبەتدا کار بکەن، ئەوەش بە پێی نووسراوێکی وەزارەتی تەندروستی هاتووە و بە واژۆی دکتۆر سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی هەرێمی بەسەرەوەیە و دەوامی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی لە کاتژمێر هەشتی بەیانی تا کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆیە و دوای دەوامی فەرمی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی بۆیان هەیە لە کەرتی تایبەتدا کاربکەن.

سلێمانی... ئاڵۆزی لە نێوان پۆلیس و دانیشتووانی گوندێک ڕوویدا



لە ڕاگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی بڵاوی کردەوە کەپێش نیوەڕۆی دوێنی یەکشەممە 1ی9ی2019 لە ئەنجامی دەرچوونی مەفرەزەیەکی بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی شارباژێڕ بۆ کێومالکردنی سنوورەکەیان، لە گوندی هەباسە چەقەڵ دەستبەسەر 6فەرد خەڵوزدا گیرا و هەروەها 2 کوردی خەڵوز تێکدرا.
پۆلیسی دارستانی سلێمانی ڕاشیدەگەیێنێت، خەڵکی گوندەکە ڕووبەڕووی کارمەندانی پۆلیسی دارستان بوونەوە، بەڵام هێزەکانی پۆلیسی ناوخۆ و ئاسایش بە هانای کارمەندانی پۆلیسی دارستانەوە هاتن و باردۆخەکە کۆنترۆڵکرا.
لەکۆتادا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستانی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، گەڕانی مەفرەزەکانمان بەردەوامیان دەبێت بۆ ڕێگریکردنی سەرپێچیکاران و پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ دۆسیەکە کراوەتەوە و ڕاستی دادەدەر کراوە بۆ وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی.

هەموو پڕۆژەکانی وێستگەی گۆڕین بەهێڵی کارەباوە دەبەسترێنەوە



ئەندازیار کەمال محمد سالح وەزیری کارەبا ڕایگەیاند: هەموو ئەو وێستگانەی گۆڕینی کارەبا بە 100%ی کارەکانیان تەواو بووە دەبێت بەزووترین کات بەهێڵی کارەبای نیشتمانییەوە ببەسترێنەوەو بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و گەیاندنی کارەبا بۆ هاوبەشانی کارەبا بەکار بهێنرێن.
ئەم لێدوانەی ئەندازیار کەمال محمد سالح وەزیری کارەبا لەچوارچێوەی ئەو کۆبوونەوەیەدا هات کە دوێنێ یەکشەممە لەگەڵ بریکاری وەزارەت و ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەت کۆبوونەوەو و داوای لێکردن هەرچی زووە کار بۆ بەستنەوەی هەموو ئەو وێستگانەی گۆڕینی کارەبا بکرێت کە کارەکانیان تەواو بووە و ئامادەن بۆ کارکردن. لەتەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا وەزیری کارەبا باسی لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کرد و بڕیار درا دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان کار بۆ چارەسەرکردن و ڕێکخستنی هەموو ئەو کار و پڕۆژانە بکرێت کە پەیوەندی بە گەیاندنی وزەی کارەباوە هەیە بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان. سەبارەت بە کۆنترۆلکردن و بەڕێوەبردنی سیستەمی کارەباش وەزیری کارەبا داوای لە بەڕێوەبەری گشتی کۆنترۆلی کارەبای هەرێمی کوردستان کرد بەدواداچوون لەسەر پڕۆژەی سکادا بکات کە پڕۆژەیەکی پێشکەوتووی کۆنترۆلکردنی کارەبایە و ڕۆڵی لە چارەسەرکردنی زۆربەی گرفت و کێشەکان دەبێت.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/9/2 ژمارە (5819) | خەبات

لە سنووری پارێزگای سلێمانی چەند کارگەیەکی تایبەت بە بڕین و هاڕینی بەرد هەیە

لە کوردستانەوە بەرد ڕەوانەی شارەکانی باشووری عێراق دەکرێت بۆ دروستکردنی کاشی و کەلوپەلی بیناسازی







خەبات: سلێمانی

لە نزیک قەزای دەربەندیخان (دەکەوێتە دووری 66کلم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی) ژمارەیەک کرێکار لە نێو کارگەیەکدا سەرقاڵی کارێکی سەخت و قورسن و لەو ڕێگەیەوە بژێوی ژیانی خۆیان دابین دەکەن، کە ئەویش کارکردنە لە کارگەیەکی بڕین و هاڕینی بەرددا.

هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە کانزای جۆراو جۆر و چەندین کانگای بەردی دەگمەنی تێدایە، بەتایبەت لە ناوچەی پێنجوێن لە سنووری پارێزگای سلێمانی کە لە شاخ و چیاکانی ئەو ناوچەیە بڕێکی زۆر بەردی جۆراوجۆری دەگمەن بونیان هەیە.

بەرد تەنێکی سروشتییە و شڵخەیەکی ڕەقەوبووە لە یەک یا چەند ماددەی کانگایی و نیوەکانگایی پێکهاتووە، چینی ڕەقی دەرەوەی گۆی زەوی لە بەرد دروست بووە. لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتییەوە بەزۆری بەرد بەکارهاتووە بۆ ڕاییکردنی کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خۆی ، لەلای کوردیش بەرد گرنگی خۆی هەبووە و لە زۆربەی زاراوە کوردییەکاندا ئەم وشەیە بوونی هەیە.

خاوەنی کارگەکە ، کەریم عەبدوڵا لە بارەی کارەکەیانەوە گوتی: "لەم ناوچەیەی ئێمەدا چەند کارگەیەک هەیە کە کاریان بڕین و هاڕینی بەردە ، ئەو بەردەش زۆربەی لە کانگا و شاخەکانی پێنجوێن بۆمان دێت بۆ بڕین ، بۆ هاڕینیش لە شاخەکانی دەربەندیخانەوە بەردمان بۆ دێت ، بەردەکەی پێنجوێن بەردی ڕەنگاو ڕەنگ و بەردی سەیدسادقیش هەیە ڕەشە ".

ئەو گوتی: ئەو بەردانە بە قیاسی ستاندارد یەک سانتیمەتر و نیو دەبڕدرێت و دەخرێتە سەر سکێبە و ڕەوانەی بەغدا و شارەکانی تر دەکرێت ".

خاوەنی ئەو کارگەیە کە ڕۆژانە بۆ خۆیی و چوار کرێکار سەرقاڵی کارن، باس لەوەش دەکات کە کارەکەی ئەوان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بەغدا و باشووری عێراقەوە هەیە و 95%ی بەردەکان دوای بڕین و هاڕینیان ڕاستەوخۆ ڕەوانەی بەغدا و ئەو شارانەی تری باشووری عێراق دەکەن ، لەوێ لە کارگەکان کاشی و کەلوپەلی تری بیناسازی لێدروست دەکرێت.

سەبارەت بە تایبەتمەندی بەردی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ، کەریم عەبدوڵا لە وەڵامدا گوتی:" هەر بەردێک لە ناوچەیەکی تایبەت هەیە ، بە فمونە بەردی سەوز تەنها لە پێنجوێن هەیە و سوور و ڕەش لە ناوچەی سەیدسادق و زەردیش لە هەولێر هەیە".



لەماڵی تورکمانی هەولێر 300 قوتابی بەشداری خوولەکانیان کردووە

گەیلان ئاڵتی بەرماخ:

سەرجەم خوولەکانمان بەخۆڕاییە و بەشداربووان هیچ بڕە پارەیەکیان لێ وەرناگیرێت

خەبات: هەولێر

ماڵی تورکمانی لەهەولێر 300 قوتابی لەم هاوینەدا خستووەتە چەند خولێکی فێربوونی زمان و کاری دەستی و میوزیک، ڕێوڕەسمی دابەشکردنی بڕوانامە بەسەر بەشداربووانی خولی فێربوونی زمانی تورکی بەڕێوەچوو، بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری تورکمانی گەیلان ئاڵتی بەرماخ ڕایگەیاند: بڕوانامە بەسەر 80 لەبەشداربووانی خولی فێربوونی زمانی تورکی دابەش کراو ڕۆژانی دیکەیش بڕوانامە بەسەر بەشداربووانی خوولەکانی تر دابەش دەکرێت.



گەیلان ئاڵتی بەرماخ

ماڵی تورکمانی لەهەولێر سااڵنە خولی هاوینە بۆ قوتابیان لەسەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکان دەکاتەوە و خولەکانی فێربوونی زمانیش بە چەند زمانێکی جیاواز دەکاتەوە.

بەیانی ڕۆژی چوارشەمە لەماڵی تورکمانی لەشاری هەولێر ڕێوڕەسمی دابەشکردنی بڕوانامەی قوتابیانی خولی زمانی تورکی بەڕێوەچوو و تێدا چەند بەرپرسێکی حزبی و حکوومی و وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ئامادەبووبوون.

لە ماڵی تورکمانی کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری تورکمانیی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە ، ئەمڕۆ نزیکەی 80 قوتابی لەوانەی لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا لەخولی فێربوونی زمانی تورکی بەشداربوون بڕوانامەیان وەرگرت و بەوەش ئاستێکییان لە فێربوونی زمانەکە بڕیوە.

بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری ماڵی تورکمانی گەیلان ئاڵتی بەرماخ لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: ماڵی تورکمان ئەوە حەوتەمین ساڵە لەسەر یەکتر خولەکانی هاوینە دەکاتەوە، خولەکان بریتین لە فێربوونی زمانەکانی تورکی، عەرەبی، ئینگلیزی، هەروەها خولی فێربوونی دوورمان، لەگەڵ خولی فێربوونی میوزیک بۆ چەند ئامێرێک، ساڵانە نزیکەی 250 قوتابی سەردانی ئێمە دەکەن و بۆ ئەمساڵ 300 قوتابی هاتوونەتە لای ئێمە و فێری ئەو شتانەیان دەکەین، کە خۆیان مەبەستیانە.

ئاڵتی بەرماخ گوتیشی: لە ڕێوڕەسمێکدا خەڵات بەسەر 80 فێرخواز لە گەورەن و منداڵانی بەشدار لە خولی فێربوونی زمانی تورکی دابەشکرا و ڕۆژانی دیکەش بۆ فێرخوازانی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەبێت و هەروەها بەو شێوەیە بەردەوام دەبین تا کۆتایی". ساباتکاروان کچێکی 10 ساڵان دەبێت، ئەو بەشداریی لە خولی فێربوونی زمانی تورکی کردبوو، گوتی: دەستخۆشی لەسەرجەم مامۆستایانی ئێرە دەکەم زۆر زۆر ماندووبوون پێمانەوە، ئەوە دوو مانگە زۆر سوودمان لەو خولە بینی و فێری زمانی تورکی بووین و ئومێدەوارین قوتابیانی دیکەش بێن بۆ ئەم جۆرە خولانە". لەو ڕێوڕەسمەدا چەندین کەس ئامادەی بووبوون لەنێویاندا دایک و باوک و کەسوکاری بەشداربووان و پاش پێشکەشکردنی چەندین پارچە شیعر و پەخشان و گۆرانی خەڵاتەکان دابەشکران.

هەناسە کچێکی پۆلی شەشەمی سەرەتاییە ، ئەو دەیگوت" لە خولەکەدا فێری زۆر شت بووم و زانیاریی باشم لەبارەی زمان وەرگرت، دڵخۆش بووم کە هاوڕێی نوێشم لەم خولە ناسی"، هەناسە بە تورکیش چەند قسەیەکی بۆکردین و بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد بۆ بەشداربیان لەو ڕێوڕەسمەدا.

هەروەهاش بڕیارە ڕۆژانی دیکەی ئەم حەفتەیە و حەفتەی داهاتووش بڕوانامە بەسەر بەشداربووانی خولەکانی ماڵی تورکمانی دابەش بکرێن کە بۆ ئەمساڵ نزیک بە 300 قوتابی بەشداربیان کردووە.

گەیلان ئاڵتی بەرماخ لە دوایین قسەکانیدا گوتی: ئێمە بە پاڵپشتی وەزارەتی ڕۆشنبیر و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبین لەم خوولانە و ساڵانەیش خوولەکانمان بۆ قوتابیان و ئەو کەسانە دەکەینەوە کە خواستی فێربوونی زمان و پیشەی دەستی و میوزیکیان هەیە ، گرنگیی ئەو خوولانەی ئێمەیش لەوەدایە جگە لە مامۆستا و ڕاهێنەری بە توانا ، هیچ بڕە پارەیەک لەبەرانبەر ئەو خوولانە لە بەشداربووان وەرناگیرێت و سەرجەم خوولەکان بەخۆڕایی دەبێت.

لە پەراوێزی جێبەجێ کردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سێکتەری ئافرەتان





سوورە مەرگەیی

ئەو چەمک و زاراوانەی بوونی خۆیان لە دەرکەوتنی بارزانی نەمردا دۆزیەوە

کوردستانی بوون: بەر لە دەرکەوتنی بارزانی نەمر شۆڕشگێڕانی کورد لە سووچێکەوە لە کوردستانی بوونیان دەڕوانی و ئەو ڕوانینەش بە تاوان دەزانرا، دەرکەوتنی بارزانی نەمر ئەو ڕوانینەی گۆڕی و وای لە کوردپەروەر و شۆڕشگێڕانی کرد، کوردانە و لە هەر چوار سووچەکەوە بۆ کوردستانی بوون بڕوانن.

کوردایەتی:ـ بەر لە دەرکەوتنی بارزانی نەمر کوردایەتی لە هەناوی خێڵ و عەشیرەت و سیاسەتی ناوچەگەراییدا دەگوشرا، لەو لاشەوە داگیرکارانی کوردستان کوردبوون و کوردایەتیان بە تاوان دەزانی، بە دەرکەوتنی بارزانی نەمر شکۆ و سەروەری بۆ کوردبوون و کوردایەتی گەڕایەوە، ئەو گەڕانەوەیەش وای لە تاکی کورد کرد شانازی بە تاوانی کوردبوون و کوردایەتی کردنی خۆیەوە بکەن.

بڕوا بە خۆبوون:ـ بەر لە دەرکەوتنی بارزانی نەمر داگیرکارانی کوردستان بە هێز و زەبروزەنگ و پیلانگێڕی، ئیرادەی نەتەوەیی و بڕوا بە خۆبوونی تاکی کوردیان تێک شکاندبوو، بارزانی نەمر بە خۆڕاگری لەبەردەم زەبروزەنگ و وەڵامدانەوەی پیلانگێڕیەکان ویستی نەتەوەیی و بڕوا بە خۆبوونی بۆ تاکی کورد گێڕایەوە.

ئازایەتی: بەر لە دەرکەوتنی بارزانی نەمر ئازایەتی شانازی بە بوونی خۆیەوە دەکرد و پێی وابوو هەموو ئازاکان لە بوونی ئەودا کۆ دەبنەوە، بەڵام کاتێ بارزانی نەمر دەرکەوت، ئازایەتی لەوە گەیشت کە لە ئەویش ئازاتر هەیە و خۆی بەشێکە لەو ئازایەتیەی کە لە بارزانی نەمردا بەرجەستە بووە.

دادپەروەری:ـ هەموو ئەوانەی لە خۆشی و ناخۆشیدا لە بارزانی نەمر نزیک بوون و لەگەڵی ژیاون، شاهیدی ئەوە دەدەن کە خۆی جیا نەکردۆتەوە و لە شەڕ و تەنگانەداشدا لەو شۆینە بووە کە زۆرترین مەترسی لێبووە، بۆیە ئێستاش دەبینین دادپەروەری ئاخ بۆ دەرکەوتن و سەردەمی بارزانی نەمر هەڵدەکێشێ.

شۆڕشگێڕی: کاتێک بارزانی نەمر ڕابەرایەتی شۆڕشی گرتە دەست، سەربەخۆیی بووە خواستی ژێردەستان و خۆنەویستی و گیان بەخشینیش لای سەربەخۆخوازان بووە ئەرک و ماف، لێرەوە شۆڕشگێڕی کەوتە بەر نەفرەت باران کردنی ئەو کەس و لایەنانەی کە سەربەخۆیی ناکەنە دوا ئامانج و خۆ نەویستانە بەگژ زۆڵم و ستەم و ژێردەستیدا ناچنەوە.

سەنگەر: بەر لە دەرکەوتنی بارزانی نەمر، سەنگەرەکان فرە ڕەنگ و فرە ئاواز بوون، بەڵام کاتێ ئەو دەرکەوت هەموو سەنگەرەکان بوونە سەنگەری (کوردستان یان نەمان)و بە ئاوازی نەمری (ئەی ڕەقیب)یان بۆ بنیاتنانی داهاتوو دەچڕی.

دیموکراسی: ئەوکاتە هەرشە لەسەر دیموکراسی نامێنێ کە شۆێنی هەموو جیاوازیە سیاسی و ئاینیی و مەزهەبیەکانی تێدا ببێتەوە، بە واتایەکی تر پێکەوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لای جیاوازیەکان ببێتە مەبدەئی کار پێکراو، جا ئەگەر ئەوە بنەمای دیموکراسی بێت، ئایا لە دوای بارزانی نەمر دیموکراسی لە کوردستان هەست بە هەتیو بوونی خۆی ناکات؟!

هەستانەوە: بەر دەرکەوتنی بارزانی نەمر کەوتن بڕستی لە هەستانەوە بڕی بوو، ئەو کەوتن کوردی دەدایە دەست ئەو کەوتن، بەڵام بە دەرکەوتنی بارزانی نەمر هەستانەوە هێزی هەستانەوەی سروشتی خۆی وەرگرتەوە و کەوتن بۆ هەمیشە کەوت.

شەونخونی: بەر لە دەرکەوتنی بارزانی نەمر شەونخونی پێی وابوو لە شەوانی ئەنگوستە چاو و لێزمە باران و پێتەڵوکەی کرێوە و بەفردا، ئارامی بەسەر تووڵە ڕێگاکاندا دەکشێ و پێیەکان بێ هەست و بێدەنگ دەبن، بەڵام بارزانی نەمر ئەو بۆچوونەی شەونخونی کردە خەیاڵ و لە شەوە ئەنگوستە چاوەکاندا تووڵە ڕێیەکانی کردنە شارێی شۆڕشگێڕان و سەربەخۆخوازانی کوردستانی داگیرکراو.

خەبات: تریفە ئازاد

لە ئێستادا کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە جێبەجێ کردنی کارنامەی خۆی کردووە، بێگومان چاکسازی و خزمەتگوزاری و پێشڕەوبردنی ئاستی بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستان و پێشخستنی سێکتەرە جیاجیاکانی جومگەکانی حکوومەتی کاری لەپێشینەی حکوومەتی کوردستان دەبێت. هەڵبەت هەماهەنگی نێوان حکوومەت و هاوولاتیان و فەرمانبەران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتە ئەگەری سەرکەوتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێ کردنی کارنامەی خۆی کە لەسەرەتای دەستبەکاربوونی حکوومەت ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت ڕایگەیاند. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژنامەی خەبات لە پەراوێزی جێبەجی کردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵدەدات لە تەوەرێکی ئالۆگۆڕی بیروڕادا، بیروبۆچوونی شارەزایان و پسۆڕانی سێکتەرە جیاجیاکان وەرگرێت وەک هاوکاری و بەشداربوون لە جێبەجێ کردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

پێویستە بودجەیەک تەرخان بکرێت بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی بەرنامەی پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەتان ناسک سەعید، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە بارەی گرنگیدانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بواری ئافرەتان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

گرنگیدان بە پرسەکانی ئافرەتان لەگۆی سێکتەرەکان لەناو دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە یەکێتی ئافرەتان ئەو کارەی کردووە بە ئەولەویەتی خۆی و لە چوارچێوەی بەرنامەی کاردا فۆکۆسی زیاتری دەخاتە سەر ، بۆچوونمان وایە بەشداری کارای ئافرەتان لەناو دامەزراوە و بەرێوەبردنا فاکتەری سەرەکی دەبێت بۆ دروستبوونی ئافرەتی سەرکردە لەهەموو بوارە جیاوازەکاندا و هاوکات هۆکارێکیش دەبێت بۆ بەشداریکردنی ئافرەت لە ئاراستەکردن و جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی حکوومەت، هەموو ئەمانەش دەتوانن کاریگەری لەسەر ڕوئیای خەڵک دروست بکەن کە ئافرەتان دەتوانن کارەکتەرێکی ئیدارى و سیاسی بن و بەم ڕێگەیەش کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن بەرجەستە دەبێت، لەم سۆنگەوە بوو کە ئێمە لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان داواکارێان ئاراستەی بەرێز کاک مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد بەهۆی کارە لەپێشینە سەرکەوتووەکانی لەبواری ئارامی و ئاسایشی کوردستان و ئەزموونی جیاوازی ئەو دڵنیاییەمان پێدەبەخشێت لە سەرکەوتنی کارەکانی لە کابینەی نۆیەمدا و پەسەندکردنی ئەو پێشنیارانەی تایبەتن بە ماف و پرسی ئافرەتان بەشێک دەبن لە پاکێجەکانی لەحکومڕانیکردندا. وێنا دەکەین بەشداری ئافرەت لە پێکهاتەی حکوومەت لە پێشینەی بایەخ و گرنگیدان بێ و پرسی ئافرەت لە کارنامەی حکوومەت بە شێوەی تیۆری جێگەی بکرێتەوە و بە میکانیزمی نوێ و گونجاو لەگەڵ ئەم قۆناغەدا کار بۆ جێبەجێکردنی بکرێت، بە شێوەیەک کە بارودۆخی هەمەلایەنەی ئافرەت و هەلومەرجی گشت ئافرەتان دەرفەتی خوێندن و پرۆژەی تواناسازی و بەشداری لە خول و ڕاهێنانەوە و پێگەیاندن.

9- ڕێگەنەدان بە تەدەخولکردنی مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان لەو کەیسانەی کە تایبەتن بە تووندوتیژیی بەرامبەر ئافرەت و بە ڕەهایی سەروەربوونی یاسا و ڕێکارە یاساییەکان لە کەیسەکانی تووندوتیژی و ستەم لە ئافرەت.

10- پێکهێنانی دامەزراوەیەکی گشتگیر و کارای تایبەت بە ئافرەت بۆ چاودێریکردنی بارودۆخی گشتیی ئافرەت و باری هاوسەنگیی جێندەری و کارکردن بۆ توانا سازی ئافرەت و کاراکردنی ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا.

11- تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەت و کاروباری ئافرەت و یەکسانیی جێندەری، ئەویش لە ڕێگای ڕەچاوکردنی جێندەر لە بودجە و پرسی ئافرەت دابەزرێ بە ناوی ''فەرمانگەی یەکسانیی جێندەری ''کە بە فیعلی کار بۆ یەکسانی لە 50%بەشداری ئافرەت بکات لەسەر بنچینەی توانست و لێهاتوویی، ئەوەش دەبێتە یەکەم هەنگاو بەرەو نەمانی سیستەمی کۆتا لە کوردستان.

پێویستە حکوومەت کار بکات بۆ ئەوەی ئافرەتان خاوەن سەرمایەی خۆیان بن

شەیما محەمەد، بێژەر و میدیاکار لە بارەی گرنگی پرسی ئافرەت و ڕۆڵی ئافرەت لە کابینەی نۆیەمی حکوومەت لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: وێنای ئافرەت دەکرێت بە نیوەی کۆمەڵ ، بەڵام شارستانێتی مرۆڤ و ژیانی دوور و درێژی مرۆڤایەتی ناتوانێ ڕۆڵ و کاریگەریی ئافرەت و مافی ڕەوای بە بەراورد کردن بە نیوەی کۆمەڵگا و بەژداری لە پێشکەوتن بە گشتی و بەرهەمی شارستانییەتی مرۆڤایەتی کەم بکاتەوە، یەکسانی لە نێوان پیاو و ئافرەت لە تەواوی کایەکانی حکوومەت بە ئەرکێکی لە پێشینە و گرنگ دەبینم ڕێژەی بۆ دیاری نەکرێت لە ڕووی بەژداری کردنەوە، پێویستە لەسەر حکوومەت کار بۆ ئەوە بکات ئافرەتانی کوردستان بە گشتی بەێ گوێدانە ئایدیا و ئایین و بیر و بۆچوون خاوەن ئابووری سەربەخۆی خۆیان بن ، بۆ ئەوەی لە هەموو ڕوویکەوە وەک ڕەگەزی بەرامبەر یەکسان بن و جیاوازی نەمێنێ و چیتر ئافرەت نەبێتە قوربانی گۆمەڵگای پیاوسالاری. نهێنی سەرکەوتنی ئەم حکوومەتە لەوەیە هەستکردنی هەموو هاوولاتییەک بە ئافرەت و پیاوەوە ئەمە حکوومەتی ئەوە گوێی لێدەگرێ ، مناقشەی دەکات، ڕێزی دەگرێ، بۆچوونی جیاواز وەردەگرێ سوود لە هەموو جۆرە ڕۆشنبیرییەکی ئەم ولاتە دەبینێ، حکوومەت هاوسەنگی دەکات لە نێوان تەواوی ئایین و نەتەوەکان لە تەواوی دامەزراوەکانی بەێ جیاوازی ئافرەتانی کورد، ئاشوور، تورکمان، مسیحی و ئێزیدی .....هتد، بەشداری پێ دەکات. ئەوە بناغەیەکی بەهێز دەبێت بۆ داهاتوومان، بوونی سێ وەزیری ئافرەت لەم حکوومەتە نیشانەیەکی دڵخۆشکەرانەیە بە بەراورد بە کابینەی ڕابردوو و بەشێکی گرنگ و سروشتی ئەم کابینەیەیە و قورساییەکی زۆریان لەسەرە بە قەبارەی گەورە نەک بە قەبارەی بچووک، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ژینگەیی بەرنامەی کرداری و کارایی ئافرەتان لە پێشینەبێت لە ژێر چەتر وسێبەری ئەم کابینەیە. کاتی ئەوەیە زیاتر گرنگی بە توانا و لێهاتوویی شارەزا و پسپۆرانی ئافرەت بدرێت لە بواری جیاجیاکان بۆ سەرخستن و بەردەوامی کاری کرداری گرنگی ئەم حکوومەتە. ئەوە بابەتێک نیە لەسەر توانا و حسابی ئەوی تر، بەڵام تەواوکار و پرنسیپێکی ستراتیژییە کە بنەماکانی هێز و بەشداری تواناکانی جیاوازی دەردەخەن. لە ڕووی تەندروستییەوە بایەخێکی باشی بە تەندروستی جەستە و دەروونی ئافرەت لە دام ودەزگاکان بە دانانی کەسانی پسپۆر لە بواری تەندروستی جەستە و دەروون دابینکردنی جیهاز و ئامێر بۆ چارەسەر کردنیان .هەروەها هەبوونی دایەنگە لە تەواوی دامەزراوەکانی حکوومەت بە مەبەستی چاودێری کردنی منداڵانی خاوەن خێزان و منداڵ.



ناسک سەعید



خانزاد سەعدی



شەیما محەمەد

4- دانانی میکانیزمەکانی خستنەسەر کار و ڕەخساندنی هەلی کار بە هاوسەنگی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر بۆ قوتابیانی کچی دەرچووی کۆلێژەکان.

5- هاوکاری تۆێژە لاواز و پەراوێزخراوەکان و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆیان(ئافرەتانی بێ هاوژین و جیابووەوە، ئافرەتانی بەسالاچوو) .

6- پابەندکردنی کەرتی تایبەت بۆ دابینکردنی مۆڵەتی دایکایەتی بۆ کارمەندانی ئافرەت.

7- نەبواردنی ئەنجامدەرانی تووندوتیژی دژی ئافرەت لە ژێر هیچ پاساوێکدا لە سزادان بۆ ئەوەی تووندیژی دژی ئافرەتان کەم ببێتەوە.

8- زیادکردنی پەناگەکانی دالدەدانی ئافرەتانی تووندوتیژی لە دژکراو لە شوێنی گونجاو و پڕ هۆکارەکانی ئاسایش و ئارامی و داهاتی حکوومەت.

من و ڕۆڵەی ئافرەتانیش گەشبینین بە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

خانزاد سەعدی، شارەزا و چالاکوانی پرسی ئافرەت لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا و لە یەکێک لە خاڵەکان ئاماژە بە ڕۆڵی ئافرەت دەدات و دەڵێت "دژی هەر جیاکارییەکی ڕەگەزی و پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئافرەت دەوەستینەوە، پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا وەرگرن و بەشداریەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمدا بکەن". دەکرێ ئەو خاڵە ببێتە بنچینەی نەخشەڕێیەک بۆ فەرهەنگی ناو حزبە کوردستانییەکانە و لەوێ هەڵقوڵاوە. بەگشتی من و زۆربەی ئافرەتانیش گەشبینین بە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی دوای هەشت کابینەی حکوومەت، جاری یەکەم بوو لە کۆی 21 وەزیر 3 ئافرەتی وەزیرمان هەبێت، هەرچەندە بەپێی ڕێژەی دیاریکراوی پەرلەمانی کوردستان دەبوایە 6 وەزیر ئافرەت بن. هەر بە مەبەستی جێبەجێکردنی کارنامەی سەرۆکی حکوومەت سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەت و کاراکردنی؛ دیسان پێشنیازەکەم دووپات دەکەمەوە و بە گرنگی دەزانم کە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و بۆردی چاودێری مافەکانی ژنان بە فۆرمی ئێستای هەڵوەشێتەوە و لە بری ئەوانە فەرمانگەیەکی تۆکمەی گشتگیری تایبەت بە

شەهیدی زیندوو

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی/ دەڤەری بارزان

ئافرەتی تێکۆشەر(غوربەت عەزیز) کچی شەهید، ماوەی 34 ساڵە وەک پزیشکێک خزمەتی هاوسەری قارەمانی دەکات کە نیوەی زیاتر جەستەی بەخشییە کوردستان لە پێناو ئەمرۆدا، شەهیدی زیندوو (جادر حوسێن لێلۆکی): لە پێناو پارتی و بارزانی بە شانازییەوە ئامادەی قوربانیدانین، بۆیە پرسەدڵ دەمەوێت سوپاسی هاوسەرم بکەم کە ئەو هەموو ساڵە لەگەڵم بووە و وەک پزیشکێک خزمەتی کردووم. هاوسەری شەهیدی زیندوو(جادر حوسێن لێلۆکی): هەمیشە هاوسەرم بە منی دەگووت: هاوسەر تۆ بۆچی خۆت بۆمن ماندوو دەکەی، ئیدی من هیچ سوودێکەم بۆ ئێوە و مندالەکان نیە، منیش پێم دەگووت هاوسەر ئەو قسانە نەکەی من پەیمانم بە تۆی پێشمەرگە داوە هەتا لە ژیاندا ماوم خزمەتی تۆ بکەم، هەزار جار شاکرم لە خوای گەورە کە تۆ تەنها بە ئەو نێوە جەستە گیانەت ماوی، قەد ئەو بیرکردنەوانە نەکەی، وا بزانە کە تۆ هەر پێشمەرگەی لە شاخ و من لە ماڵ ئەرکی بە خێوکردنی منداڵەکان لە ئەستۆم دایە.



پێشمەرگایەتی واتە گیانفیدایی بۆ کوردستان وهەمیشە ئامادەیە و گیانفیدایە، بۆ پاڵپشتی پێشمەرگە ئافرەتانی کوردستان رۆژلی بەرچاویان گێڕاوە کە هەردەم هاوکاری هاوسەرە پێشمەرگەکانیان دەکەن و هەمیشە هەمو دەردەسەریان بینیوە، جگە لە ڕاگوستنی زۆرە ملێ و کۆمەڵکوژی و سوتاندنی بەردەوامی وڵاتمان لە لایەن جاش و پیاوانی رژێمی بەعس، سیاسەتی مینڕێژکردنی زۆربەی هەرەزۆری ناوچە ئازادکراوەکان و ناوچە سنووریەیەکانیش بەکار هێنرا، لە کاتی جەنگی نێوان عێراق و ئێران لە هەردوو لاوە زۆربەی زەویەکان مینڕێژکران، بەتایبەتی ناوچە کوردییەکان لە 7/13/ 1984 لە کاتی ئاوارەبوونی چەند خانەوادەیەکی بارزانی لە بەر زەبر و ستەمی حکوومەتی رژێمی بەعسی عێراق لە ناوچەی سنووری میرگە کاروان ژکێلەشین بە ئۆتۆمبیلی جێپ دەپەڕنەوە کە ئۆتۆمبێلیان بە نێو کێلگەی مین دەکەوێت و لە کۆی 10کەس لە ئافرەت و گەنج و منداڵ تەنها 2کەس ڕزگار دەبێ و ئەوانی تر دەبنە قوربانی، لە ئەنجامدا کە پێشمەرگەی دڵسۆز (جادر حوسێن مستەفا لێلۆکی) بەسەختی بریندار دەبێت و نیوەی خوارەوەی گیانی ئیش لەکار دەکەوێ بە هەردوو قاچاکانیەوە، ئەوانی تر گشتیان گیانیان لە دەستدا و شەهید بوون کە بریتین لە شەهیدان:غوربەت حوسێن مستەفا، زەرد حەسەن مستەفا، دڵشاد عەبدوڵڕەحمان حالی، عەبدوڵڵا خەلیل حالی، سەلیم خەلیل حالی، نەجات محەممەد مستەفا، شەمسی خان ئەحمەد محەممەدو سێبەر ئەحمەد حوسێن. بۆیە لە ناویاندا پێشمەرگەی قارەمان شەهیدی زیندووجادر حوسێن لێلۆکی بەهۆی سەختی برینەکەیەوە دەکەوێتە سەر تەخت کە ئاواتە خوازە جەستەی سالم بوایە و خزمەتی بە کوردستان بکردبایە کە ئێستا ماوەی 36ساڵە ئەو قارەمانە لە رۆژانی ئاوارەیی هەتا ئێستا لەسەر جێگادایە کە هاوسەری ناوبراو(غوربەت عەزیز باوەیی) کە ئەوەیش کچی شەهید (عەزیز باوەیی)یە هاوکاری کردووە. ئەو خاتوونە ئافرەتێکی تێکۆشەرە کە لەلایەکەوە توانیویەتی خزمەتی هاوسەری بکات، لە لایەکی دیکەوە ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی لەئەستۆیە. بۆیە رۆژنامەی خەبات بە پێویستی زانی چەندین بیرەوەری رۆژانی پێشمەرگایەتی ئەوان و چۆنیەتی بەخێوکردنی ئەو تێکۆشەرە لە لایەن هاوسەرەکەیەوە بۆئێوە خوێنەرانی خەبات بخاتەڕوو.

بۆ ئەم مەبەستە چوومە گوندی لێلۆکی سەربەدەڤەری بارزان و سەردانی ئێمە زۆر خۆشحاڵ بوون. ئەم بنەماڵەیە کوڕی تاقانەیان (سەفین) پێشمەرگەیە کە بەردەوام بۆ ڕێبازی ئەوان خەبات بکات.

شەهیدی زیندوو (جادر حوسێن مستەفا لێلۆکی) لە ساڵی 1962 لە گوندی لێلۆکی سەربەدەڤەری بارزان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروە لە دایک بووە و لە تەمەنی لاوەتی هەزری کوردایەتی دەچێتە ناخیەوە هەتا کاتی بڕیندارببوونی خزمەتی بەکوردستان کردووە، بنەماڵەی خاوەن چەندین شەهیدن دوای ڕاپەڕین و تەنانەت لە شەڕی تیرۆریستانی داعش ئامۆزای ئەم شەهیدە زیندووە قارەمانە واتا زێرو حەسەن لێلۆکی شەهید دەبێ، ئەو بنەماڵەیە ئاسراون بە شەهید و پێشمەرگە کە هەردەم ئامادەن بەرگری لەکوردستان بکەن.

ناوبراو دەڵێ زۆر سەربەرزم بۆ ئەوەی پێشمەرگەم، گوندی ئێمە لێلۆک لە شۆڕشەکانی بارزان هەتا ئەمڕۆ پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانیی نەمرن و ئەو ڕێبازە بەردەوامە، بۆیە لە ساڵی 1981 پەیوەندیم بە ریزەکانی پێشمەرگە لە ڕێکخراوی پیران سەر بە قوەتی بارزان کرد، ئەوکات ئێمە لە دەڤەری بارزان بووین و تەنزیماتی داخلی بووین، لە لایەک کار و چالاکیمان دەکرد بۆ ڕێکخستنەکانی پارتی بە نهێنی و لە لایەکی تر پێشمەرگە بووین و هەمیشە لە شاخ دابووین، هەمیشە خەڵکمان ئاگادار دەکردەوە کە سەرکەوتن بۆ ڕێبازی بارزانیی نەمرە، ئەو کات کوردایەتی زۆر بەهێز بوو و ناوی پێشمەرگە زۆر دەنگی دابووەوە و خەڵک باوەری تەواوی هەبووە کە ئەو ناوچانە ئازاد دەبن و پێشمەرگە سەردەکەوێت و هەتا خەڵکێک هەبوون هاوکاری پێشمەرگەیان دەکرد لە ڕووی خواردن وحەوانەوەوە.

ئەم باسی لەو ڕۆژانە کرد کە بە سەختی بریندار بوو و نێرەی جەستەی لە دەستدا بوو، پێشمەرگەی دڵسۆز (جادر حوسێن لێلۆکی) گوتی: هاوین بوو 7/13/ 1984 دروست 36 ساڵ پێش و یەک مانگ زیاتر دەبێت ئێمە لەسەر سنووری نێوان ئێران و عێراق لە کاتی ئاوارەبوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی کلێکەشین 2ئۆتۆمبێل بووین، ئێمە لە پێشەوە دەڕۆیشتین، کاتێک تێدەپەڕین یەکێک لە ئۆتۆمبێلەکان ئەوانەی تێدا بوون سەلامەت بوون و ئێمە کە 8کەس بووین لە ئۆتۆمبێلی بەڕێز "عەباس غەزالی میرخان"دا بووین کە لە جۆری جێپ بوو وەبەر لۆغمی دوژمن کەوتین کە کاک(عەباس غەزالی) سەلامەت بوو و من بریندار و کەم ئەندام بووم کە نێوەی خوارەوەی جەستەم لە دەست دا و خوشک و ئامۆزا و کەسوکارم شەهید بوون بە ناوەکانی شەهید غوربەت حوسێن مستەفا، شەهید زەرد حەسەن مستەفا، شەهید دڵشاد عەبدوڵڕەحمان حالی، شەهید عەبدوڵڵا خەلیل حالی، شەهید سەلیم خەلیل حالی، شەهید نەجات محەممەد مستەفا، شەهید شەمسی خان ئەحمەد محەممەد و شەهید سێبەر ئەحمەد حوسێن. پێشمەرگەی کەم ئەندام (جادر حوسێن لێلۆکی) کە زیاتر لە 36 ساڵ دەبێت لە سەر جێگا دایە باسی هەندێک لە بیرەوەرییەکانی دەکات :

دواتر منیان گەیاندە نەخۆشخانە پاشان زانیم کە ئەوان شەهید بوون بۆکوردستان، دەبێ هەر قوربانی بدەین کە هەموو ئاواتی ئێمە سەربەخۆیی کوردستانە و ئێمە لە شۆڕشی گوڵان بەشداربووین، بەڵام نێوەی جەستەم لەدەست دا کە ئەوە ئاواتم بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان چاک ببمەوە و وەک جاران ببمەوە پێشمەرگە و بەرگری لەکوردستان بکەم. هەمیشە من لە ژێر چادیری پزیشک دام و پرسیاری هاوسەرم بکەم کە ئەو هەموو ساڵە لەگەڵمدا بووە و وەک پزیشکێک بووە بۆم و تەواوی هاوکاری منی کردووە، نازانم بە چ وشەیەک سوپاسی بکەم کە ئەرکی بەخێوکردنی من و منداڵەکانی گرتۆتە ئەستۆ تەنانەت لەکاتی ئاوارەیی لە ئێران هاوکاری پێشمەرگەکانی دەکرد.

چاومان بە ئافرەتی تێکۆشەر و ماندوونەناس خاتوو(غوربەت عەزیز) کچی شەهیدی قارەمان (عەزیز باوەیی) و بڕازای شەهید(ئەحمەد ڕەش باوەیی) کەوت کە ئەوەیش هاوسەری کەم ئەندامی سەنگەر واتە شەهیدی زیندوو(جادر حوسێن لێلۆکی)یە کە باسی ڕۆژانی ژیانی هاوسەری کرد: ساڵی 1981 ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا، ئەوکات ئەو تەمەنی لاو و پێشمەرگە بووە و هەتا خزمایەتیمان هەبووە و هاوسەرم کەسێکی قارەمان بووە و کاتێ من بوومە خێزانی هەمیشە دەیگوت ئێمە لە شاخ داین و لە ئەو ناوچانە تا بتوانین لە داخلی خزمەت دەگەین و هەر فەرمانێک لە قوەتی ئێمە یان ڕێکخراومان هات جێبەجێی دەکەین و ژیان ئەو کات زۆر مەترسی هەبوو، هەمیشە لە ژێر چادیری دوژمندا بووین و هەتا کەسوکاریان لە شۆڕشی گوڵان لەدەڤەرەکەمان پێشمەرگە و شەهید بوون، ئەو ڕۆژانەی کە هاوسەر و کەسوکارمان هاتن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان باش لە یادمە من لە ماڵ بووم و کچم ئەڤین تەمەنی تەنیا چەند مانگێک بوو، هەر ئەوندە دەزانم کە هەواڵ هات کە کەسوکاری هاوسەرم شەهید بوون و تەنها هاوسەرم بریندارە، منیش گووتم قەد باوەڕ ناکەم حەتمەن ئەوەیش شەهید بووە، ئیدی ئەوە بوو ئێمەش بە هاوکاری قوەتی بارزان و پێشمەرگەکان چووینە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زانیم 8کەس کە خوشک و ئامۆزا و هەتا لە ناویاندا میرمندان و لاو لە ناو ئۆتۆمبێلی "عەباس غەزالی میرخان ژاژۆکی"دا بوون کە شەهید بوون و تەنها عەباس غەزالی سەلامەت و هاوسەرم بەسەختی بریندار ببوو.

بە هەستێکی دڵتەزاوان خاتوو غوربەت گوتی: دواتر من لە نەخۆشخانە هاوسەرم بینی کە کەوتووە و لە ژێر چاودێری پزیشک دایە لە ڕەزایە، هەستم دەکرد کە هیچ ئومێدێک نابێت و چاوم پێی ناکەوێت، چونکە نیوەی زیاتر جەستەی لە دەستدا بوو و پزیشکەکان ئومێدیان دەدا کە ئەو دەبێتە کەم ئەندام و پەککەوتە و دەبێ زیاتر خزمەتی ئەو بکەن کە حاڵی باشتر بێت وەک ئێستا نەبوو و زۆر بەزەحمەت دەستمان دەخست و زۆریش دەرمان و پێداویستییەکان گران بوون، چونکە وەزعی مادیان باش نەبوو، دوای چەند مانگ خوا کوڕی بە ئێمە بەخشی کە ناومان نا سەفین. منیش لەگەڵ ئافرەتان ڕۆژانە دەچوومە سەر ئیش و کار بۆ بژیوی ژیان و هەندێک ڕۆژ کە هاوسەرەکەم بە تەنها دەمایەوە نان و خواردنم ئامادە دەکرد و لە لای ئەوم دادەنا تا ئێوارە دیسان بەردەوام بووم لە ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکان و چاودێری هاوسەرەکەم. هەمیشە هاوسەرەکەم بە منی دەگووت؛ هاوسەر تۆ بۆچی خۆت بۆمن ماندوو دەکەی، ئیدی من هیچ سوودێکەم بۆ ئێوە و منداڵەکان نیە. پێم دەگووت هاوسەری خۆشەویستم ئەو قسانە نەکەی من پەیمانم بە تۆی پێشمەرگە داوە هەتا لە ژیاندا ماوم خزمەتی تۆ بکەم هەزار جار شوکری خوای گەورە دەکەم کە تۆ تەنها بە ئەو نێوە جەستەی گیانت ماوی بۆ ئێمە هەر ڕازین و قەد ئەو ببرکردنەوانە نەکەی، وا بزانە کە تۆ هەر پێشمەرگەی لە شاخ و من لە ماڵ ئەرکی بە خێوکردنی منداڵەکانم لە ئەستۆ دایە، هاوسەرم بەمنی گووت خۆزگە پێشمەرگە بوایەم، خۆزگە لایەکی کەمی جەستەم لە دەستدابایە کە بتوانم بەرگری لە کوردستان بکەم، پێم گووت هاوسەرم وەزع باش دەبێت و ڕۆژێک هەردەگەڕینەوە کوردستان و ئەوە بوو کە منداڵەکانم گەورە بوون لە ئاوارەییدا من هەر دەچوومە سەرکار و هەموو جۆرە کارێمان دەکرد و لایەکی تر هاوکاری پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانیم دەکرد و هەتا لەگەڵ ئافرەتان پێداویستییەکان خواردنمان بۆ پێشمەرگە دەنارد.

خاتوو غوربەت عەزیز لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: دوای ڕاپەڕین گەڕاینەوە کوردستان لە گوندی لێلۆکی سەربەدەڤەری بارزان نیشتەجێ بووین، هەرچەندە زۆر زەحمەتیمان بینی و هەمیشە و ڕۆژانە تا ئێستا 36 ساڵ دەبێت کە ڕۆژانە و ڕۆژ بە بەرۆژ وەرە و ئومێد دەدەمە هاوسەرم کە تۆ قارەمان و خۆراگر و پێشمەرگەی و هەموو خەڵکی دەڤەری بارزان دەزانن کە تۆ چ دەردەسەری و سەختییەکت کێشاوە و چەند خۆشەویستی لای خەڵکی ئەو دەڤەرە کە هەمیشە تۆ بەسەردەکەنەوە و لە تەندروستیت دەپرسن. هەموو ئاواتی هاوسەرم ئەوە بوو کە چاومان بە کوردستانی سەربەخۆ بکەوێت بەسەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی و ئەوە بوو کە ڕۆژێک کوڕی تاقانەمان داوای لە من و باوکی کرد کە دەبەوێ بێتە پێشمەرگە و درێژە پێدەری ڕێبازی باوک و باپیر و بنەماڵەکەیانن. سوپاسی تۆی ئازیز و کوڕە شەهید و ڕۆژنامەنووس دەکەم کە لە ڕۆژنامەی خەبات ئەرکتان کێشاوە و ئەو ڕێگا دوورەتان بڕیوە کە ئێمەتان لە یادە.

لە کۆتایی دوای ئەو ڕاپۆرتە داوا لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کوردستان دەکەم کە ئاوڕێک لەو ماڵباتە بدەنەوە کە شایستەی باشترین ڕێزلێنانن، بەتایبەتی خاتوو(غوربەت) کچی شەهید کە وەفادار بووە بۆ ڕێبازی هاوسەری.



سوبحی سالەیی

ململانێکانی کورد... لە شارەوە چۆتە شاخ

لەکاتێکدا کە زۆربەی زۆری گەلانی جیهان لە هەوڵی دەستەبەرکردنی ئازادی ودیموکراسی زیاتر وگەشەکردنی شارستانی وچەسپاندنی مافە کانی مرۆڤ وبەرگریکردنن لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان، دەبینین، ئەو گەلانەی کە بە زۆر خراونەتە نێو عیراق، بەگشتی، خەریکی ململانێی قێزەونی ئایینی ونەتەوەیی ومەزهەبی وسیاسین و، سەرقاڵی یەکدی شکاندن وراگرتنی میلی کاتژمێرەکانن، تا دێتیش ململانێکانیان پەرە دەسێنن، هەر چەندەش لایان ڕوون وئاشکرایە کەهیچ کامیان ناتوانن بۆ بەرژەندی خۆیان یەکلایبکەنەوە وناکرێتیش یەکلابکرێتەوە، چونکە ئەگەر بکرایا سەدام حوسێن وررژێمەکەی لە ماوەی سی و پێنج ساڵ دەیانکرد.

هەموو جارێکیش، لەکاتی ڕوودانی هەر کارەساتێک کە ڕووبدات بەشێوەیەک لە شێوەکان هۆی کارەساتەکان دەگێڕنەوە، بۆ: دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ وبەرژەندییە تایبەتەکان وکارگێڕییەکانی هەژموونی دەرەکی. واتە پەنا دەبەنە بەر تیۆری پیلان وکارگێڕییەکانی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیان وهیچ کامیان دان بەوەدا نانێن کە دوەڵەتی عیراق (هەرچەندە هێشتا، بەگوێرەی هەموو پێوەرەکان، نەگەیشتۆتە ئاستی بەدەوڵەت بوون)، لە بنەڕەتەوە دوور لە فۆرمی گەسەندنی سروشتی کۆمەڵگەکان وقەوارە سیاسییەکان و، بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراوی ناسروشتی دروست بووەو، کێشەی ناسنامەی نیشتمانی هەیەو، ململانییەکی قوڵی ترسناک لە نێوان پێکهاتەکانی هەیە لەپێناو بەرژەوەندییە سیاسییەکان وجڵەو گرتنی دەسەڵات. هەندێ لە پێکهاتەکانیش، هەندێ جار، لە ترسی زوڵم وزۆری ئەوانی دیکەو توندوتیژی ووەڵاوەنان وپشتگوێخستن دەستیان دە خەنە نێو دەستی هێزی دەرەکی، هەندێ جاری دیکەش، لە پێناو گۆڕینی سروشت و ڕاستی ڕووداوەکان و لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان پەنا دەبەنە بەر چەواشە کاری، یا، لەبەنی دەرەکی کە یا هاوئایدیۆلۆژییان لە مەزهەب، یا لە نەتەوە ورەگەز لە گەڵیان دەگەن بە یەک، ئەوانیش، واتە لایەنە دەرەکییەکان، بە فوورسەتیان دەزانن بۆ بەکارهێنانیان لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییە ئابووری وجوگرافی و سیاسییەکانی خۆیان و بڵاوکردنەوەی پشێوی وئاژاوە لە عیراق وناوچەکە .

ڕەگ و ڕیشەی ئەم ململانێ نادروستە هی ئەمڕۆ ودوێنێ نیە، بەڵکو کۆنە، گەلی کوردیش، سەرەڕای تایبەتمەندییەکانی و، جیاوازییە کۆمەڵایەتی وجوگرافی ومێژوویی وکلتوورییەکانی لەگەڵ ئەوانی دیکە و، سەرەڕای بەخشندەیی ولەخۆبوردەیی و، ئەو هەموو کارەساتەی ڕووبەڕووی هاتووە وەدەڕهاوێشتەکانیشیان، بەدەر نەبووە لەو ململانێ وناکۆکییانە وکاریگەریەکانیان.

زۆر جار گوێمان لەوە دەبێ کە دەڵێن کورد زۆربەی ململانێکانی لە دوای ڕاپەڕین لە شاخەوە هێناوەتە شار. بەڕای من، ئەم بۆچونە پێچەوانەی ڕاستییەکانە، چونکە کورد مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لە گەڵ ململانێی سیاسی و خۆخستە نێو قەیران. ململانێی نێو شار وناکۆکییە سیاسییەکان ودووبەرەکی و پاشقول لەیەکگرتنەکانی ساڵانی پەنجاکان وسەرەتای شەستەکان، کە نیفاق وپڕوپاگەندەو کوتلە بازی وڕاپۆرت نووسین لە دژی یەکتر ئامرازی بوون، لەگەڵ خۆی گواستۆتەوە بۆ شاخ، ڕاستییەکانیش پێمان دەڵێن ئەوەی لە شاخ ڕوویدا لە دوای بەرپا بوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، بە تایبەت دوای ساڵی 1964، دەرهاوێشتەی ناکۆکییەکانی نێو شار بوو.

لە سەرەتای شۆڕش ?یەکپزیییەک هەبوو لەنێو ریزەکان، بەڵام بە هۆی هەبوونی ڕوانگەی سیاسی جیاوازەوە، ترسیش هەبوو لەوەی کە تۆمەتبارکردنی یەکتر، ببێتە هۆی لادان لە ڕێگەی ڕاستی کوردایەتی وزیانگەیاندن بە شۆڕش و، گەشەی کردنی تونددڕەوەکان ببێتە داینەمۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان سیاسییەکان و، قۆستنەوەی هەڵەکان و هەڵەکان لەلایەن خەڵکانێکەوە لەپێناو بەدەستهێنانی پلەو پایەو دەسەڵات. لە گەڵ زیادبوونی ئامرازەکانیش لەشاخ، لە هەندێ قۆناغ مللانێیەکانی گەیشتنە ئاستی تووندوتیژی و بەکارهێنانی چەک وخوێن ڕشتن، ئەم حاڵەتە، سەرە ڕای ئیمزاکردنی چەندین ڕێککەوتن ودروستکردنی بەرەو وهاوپەیمانی جۆراو جۆر، بەردەوام بوو لە نێو هزر وویست خواستی هەندێک، تا ڕاپەڕین..

لە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان. دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان کەوتە دەست کورد، ئەو وەرگرتنی دەسەڵاتەش بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکانی نێوان پارتە سیاسییەکان بەرەو ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان سیاسییەکان و، قۆستنەوەی هەڵەکان و هەڵەکان لەلایەن خەڵکانێکەوە لەپێناو بەدەستهێنانی پلەو پایەو دەسەڵات. لە گەڵ زیادبوونی ئامرازەکانیش لەشاخ، لە هەندێ قۆناغ ململانێیەکانی گەیشتنە ئاستی تووندوتیژی و بەکارهێنانی چەک وخوێن ڕشتن، ئەم حاڵەتە، سەرە ڕای ئیمزاکردنی چەندین ڕێککەوتن ودروستکردنی بەرەو وهاوپەیمانی جۆراو جۆر، بەردەوام بوو لە نێو هزر وویست خواستی هەندێک، تا ڕاپەڕین..

لە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان. دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان کەوتە دەست کورد، ئەو وەرگرتنی دەسەڵاتەش بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکانی نێوان پارتە سیاسییەکان بەرەو ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان سیاسییەکان و، قۆستنەوەی هەڵەکان و هەڵەکان لەلایەن خەڵکانێکەوە لەپێناو بەدەستهێنانی پلەو پایەو دەسەڵات. لە گەڵ زیادبوونی ئامرازەکانیش لەشاخ، لە هەندێ قۆناغ ململانێیەکانی گەیشتنە ئاستی تووندوتیژی و بەکارهێنانی چەک وخوێن ڕشتن، ئەم حاڵەتە، سەرە ڕای ئیمزاکردنی چەندین ڕێککەوتن ودروستکردنی بەرەو وهاوپەیمانی جۆراو جۆر، بەردەوام بوو لە نێو هزر وویست خواستی هەندێک، تا ڕاپەڕین..

لە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان. دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان کەوتە دەست کورد، ئەو وەرگرتنی دەسەڵاتەش بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکانی نێوان پارتە سیاسییەکان بەرەو ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان سیاسییەکان و، قۆستنەوەی هەڵەکان و هەڵەکان لەلایەن خەڵکانێکەوە لەپێناو بەدەستهێنانی پلەو پایەو دەسەڵات. لە گەڵ زیادبوونی ئامرازەکانیش لەشاخ، لە هەندێ قۆناغ ململانێیەکانی گەیشتنە ئاستی تووندوتیژی و بەکارهێنانی چەک وخوێن ڕشتن، ئەم حاڵەتە، سەرە ڕای ئیمزاکردنی چەندین ڕێککەوتن ودروستکردنی بەرەو وهاوپەیمانی جۆراو جۆر، بەردەوام بوو لە نێو هزر وویست خواستی هەندێک، تا ڕاپەڕین..

لە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان. دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان کەوتە دەست کورد، ئەو وەرگرتنی دەسەڵاتەش بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکانی نێوان پارتە سیاسییەکان بەرەو ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان سیاسییەکان و، قۆستنەوەی هەڵەکان و هەڵەکان لەلایەن خەڵکانێکەوە لەپێناو بەدەستهێنانی پلەو پایەو دەسەڵات. لە گەڵ زیادبوونی ئامرازەکانیش لەشاخ، لە هەندێ قۆناغ ململانێیەکانی گەیشتنە ئاستی تووندوتیژی و بەکارهێنانی چەک وخوێن ڕشتن، ئەم حاڵەتە، سەرە ڕای ئیمزاکردنی چەندین ڕێککەوتن ودروستکردنی بەرەو وهاوپەیمانی جۆراو جۆر، بەردەوام بوو لە نێو هزر وویست خواستی هەندێک، تا ڕاپەڕین..

لە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان. دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان کەوتە دەست کورد، ئەو وەرگرتنی دەسەڵاتەش بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکانی نێوان پارتە سیاسییەکان بەرەو ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان سیاسییەکان و، قۆستنەوەی هەڵەکان و هەڵەکان لەلایەن خەڵکانێکەوە لەپێناو بەدەستهێنانی پلەو پایەو دەسەڵات. لە گەڵ زیادبوونی ئامرازەکانیش لەشاخ، لە هەندێ قۆناغ ململانێیەکانی گەیشتنە ئاستی تووندوتیژی و بەکارهێنانی چەک وخوێن ڕشتن، ئەم حاڵەتە، سەرە ڕای ئیمزاکردنی چەندین ڕێککەوتن ودروستکردنی بەرەو وهاوپەیمانی جۆراو جۆر، بەردەوام بوو لە نێو هزر وویست خواستی هەندێک، تا ڕاپەڕین..

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/9/2 ژمارە (5819)
خەبات XEBAT

وون بوون
ناسنامەی کۆلیژی ئەندازیاری بەشی تەلار سازی بەناوی هاجر حکمت علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
وون بوون
مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای رەنو فریا نامق جۆری ئۆتۆمبێل کرایلر ٣٠٠ صالون رەنگ سپی مۆدێل ٢٠١٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٦١١٤ کاتی دهوك ژمارەی شاصی: ٢C٣CCAEG٠JH٢٩٦٢٢١ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
دائرة تسجيل العقاري في بردةرش
الاعلان
طلب تسجيل العقار مجددا
بناء على طلب المقدم الى هذه الدائرة بتاريخ ٢٠١٩/٨/٢٨ لتسجيل تمام العقار تسلسل ١٦ / محلة سرهلدان , باسمها (شاهده رقيب علي) مجددا باعتبار حائزة لها بصفة المالك للمدة القانونية , والغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا للتسجيل وفق احكام القانون التسجيل العقاري رقم ٤٣ / لسنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذا الطلب ,فعلى كل من يدعي بوجود علاقة او حقوق معنية على هذا العقار تقديم ماليده من بينات الى هذه الدائرة خلال مدة ثلاثون يوما اعتبارا من اليوم تالي لنشر هذا الاعلان و كذالك الحضور في موقع العقار في ساعة العاشرة صباحا من يوم التالي لانهاء مدة هذا الاعلان و ذالك الاثبات حقوقيه موقعيا في الكشف الذي سيجري في اليوم المذكور لهذا الغرض .
دائرة تسجيل العقاري في برده رش
عبدالحافظ احمد رجب
* * *
محكمة الاحوال الشخصية /٣ في السليمانية
رقم الدعوى : ٣٣٥٩/ش/٢٠١٨
التاريخ:٢٠١٩/٨/١
تشكلت محكمة الاحوال الشخصية /٣ في السليمانية بتاريخ (٢٠١٩/٨/١) من قاضيها السيد (قادر بارام فتاح) الماذون بالقضاء باسم الشعب و أصدرت القرار الاتي ؛
المدعية /ژووان طارق فايق وكيلتها المحامية (بێستان عمر دروێش قادر)
المدعي علية / امين عارف علي
القرار :-
لادعاء المدعية و طلبها عن طريق وكيلتها في (٢٠١٨/٩/٢) ولجريان المرافعة الحضورية و الغيابية العلنية و لاستماع المحكمة لاقوال وكيلة المدعية و لاطلاعها على عقد الزواج الرقم (٤٩٢٣/ع/٢٠١٢) الصادر من هذه المحكمة بتاريخ (٢٠١٢/٧/١٨) و الخاص بالطرقين المتدعيين و لاستماع المحكمة لشهادة شاهدي اثبات المدعية كل من (بورهان محمود عزيز و طارق نايف محمود)المؤيدة للادعاء و لاطلاع المحكمة على تقرير البحث الاجتماعي المؤرخ (٢٠١٩/٨/١) حيث تبين للمحكمة بان المدعي عليه قد هجر المدعية منذ سنة (٢٠١٧) و حيث ان للزوجة طلب التفريق اذا هجرها زوجها مدة سنة فاكثر بلا عذر مشروع و يجوز اثبات اسباب التفريق بكافة وسائل الاثبات بما في ذلك الشهادات الواردة علي السماع اذا كانت متواترة و يعود تقديرها الى المحكمة ويجوز الاثبات بالشهادة في الوقائع المادية و لمحكمة الموضوع تقدير الشهادة من الناحيتين الموضوعية و الشخصية لذا يكون لدعوى المدعية سند من القانون عليه و بالطلب قررت المحكمة الحكم بالتفريق بين المدعية (ژوان طارق فايق) و المدعي عليه (امين عارف علي) بتاريخ (٢٠١٩/٨/١) و اعتباره طلقة واحدة بائنة بينونة صغرى بحيث لا يجوز للمدعي عليه ارجاع المدعية الى عصمته الا بعقد و مهر جديدين و برضائهما ان شاءا ذلك و على المدعية ان تعتد عدتها الشرعية البالغة ثلاثة قروء اعتبارا من تاريخ (٢٠١٩/٨/١) و لايجوز لها الزواج من رجل اخر الا بعد مضى عدتها الشرعية و اكتساب الحكم درجة البتات و تحميل المدعي عليه الرسوم و المصاريف و اتعاب محاماة لوكيلة المدعية مبلغا قدره) ١٠٠٠٠٠) مائة الف دينار و صدر القرار استنادا لاحكام المواد (٤٣ /اولا -٢ و٤٤و٤٥ و ٤٧ و ٤٨ و ٤٩) من قانون الاحوال الشخصية المعدل و (٢١و٢٢و٧٦و٨٢) من قانون الاثبات و(٥١و٥٢و ٥٥و٦١و٦٢و١٥٤و١٥٦و١٥٩و١٦٠و١٦١و١٦٦و ١٧٧و٢٠٣و٣٠٠) من قانون المرافعات المدنية و ٣٥ من قانون محاماة لاقليم كوردستان العراق المعدل حكما حضوريا بحق المدعية قابلا للتميز و غيابيا بحق المدعي عليه قابلا للاعتراض و التميز و افهم علنا في (٢٠١٩/٨/١) .
القاضي/ قادر بارام فتاح
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە: ٢٢٥٧/ب٢٠١٧/٢ ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٨
جاردان
بۆ/ داوالێکراو/ علی حسن خدادوست
لەسەر داوای داواکار (دعاء جلال خلیل) لە داوای ژمارە (٢٢٥٧/ب٢٠١٧/٢) ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/٨/٥ بڕیاریدا لەسەرتان بەپابەندکردنتان بەگەڕانەوەی بڕی ٦٠٠ شەش سەد مسقاڵ زێڕی عیار ٢١ یاخود نرخەکەی بەبڕی (١٣٥,٠٠٠,٠٠٠) سەدو سی و پێنج ملیۆن دیناری عیراقی بۆ داواکار وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەڕەکی فەرمانبەران) لە ٢٠١٧/٨/٢٤ بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنتان بەبڕیارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارە و بڕیارەکە پاشملەیە و (معلقا على النكول عن اليمين الحاسمة عندالاعتراض و الانكار قابلا للاعتراض و الاستئناف و التمييز) ە مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارەکە لەماوەی یاساییدا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ سرکوت طه رسول
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٤٨/انابە/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٩/١
جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مووڵکی ژمارە ٤٣٧/٢٥٥ ك ٥ عنکاوە کە کەوتوتە ك ٥ عنکاوە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار کمال طاهر محمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی شیرین ابراهیم سعید بەبڕی/ ١٩٢,٣٦٣,٥١٦ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٤٣٧/٢٥٥ ك ٥ عنکاوە
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە خانوویەکی دوو نهۆمی یەکەم هۆل استقبال دوو ژوور مطبخ و حمام و مرافق نهۆمی دووەم ٣ ژوورو حمام و مرافق.
٥ – ڕووبەرەکەی/٣٧٩,٩٣ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ کرێچی بەناوی (عمر عبداللە) داوای مانەوە دەکات
٨ – نرخی قرساو/ ٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠ سێ سەد ملیۆن دینار.
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٣٢٩٢/ش٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/٩/١
جاردان
بۆ داوالێکراو (بناز محمود مولود) شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٣٢٩٢/ش٢٠١٩/٤) بڕیاریدا لەسەر (تصدیق طلاق خارجی) لەبەرواری لەنێوان تۆ و داواکار (ئاراس عبدالکریم درویش) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری قصیل روستم/ عینکاوە بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی مافی پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ صباح حسن رشید
* * *
دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ٣٠٢٨/ب٢٠١٨/٧
ڕێکەوت:٢٠١٩/٩/١
داواکار: کتان عزیز حسین و هاوبەشەکانی
داوالێکراو: طلعت عزیز حسین و هاوبەشەکانی
شوێنی مولك: هەولێر – ٩٤ی باداوە
ژمارەی مولك: (١/١٠٨٦١ ك ٩٤ باداوە)
پێکهاتووەکان: خانووەکە پێکهاتووە لە (٢) دوو خانووی ١٠٠ مەتری دووجا.
خانووی یەکەم/ پێکهاتووە لە یەك ژوورو ناندین و حمام و مرافق لە خوارەوە وە دوو ژوورو حمام و مرافق لە سەرەوە.
خانووی دووەم/ پێکهاتووە لە یەك ژوورو ناندین و حمام و مرافق لە خوارەوە وە دوو ژوورو حمام و مرافق لە سەرەوە.
ڕووبەری مولك/ ٢٠٠ مەتر دووجا
نیشتەجێ/ ١- سعدیە همزە پیرداود/ کرێ نادات/ لەکاتی فرۆشتن دەرئەچم.
٢- صابر رمضان اسعد/ خانووی خۆیەتی/ لەکاتی فرۆشتندا دەرناچێ.
نرخی خەملاندن/ خانووی یەکەم ٦٩٠٠٠٠٠٠ ملیۆن دینار
خانووی دووەم ٦٩٠٠٠٠٠٠ ملیۆن دینار
کۆی گشتی/ ١٣٨٠٠٠٠٠٠ سەدو سی و هەشت ملیۆن دیناری عیراقی
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٣٠٢٨/ب٢٠١٨/٧ (ازالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای مولکی سەرەوە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە دوای بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە, جا هەرکەسێ نیازی کڕینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی ڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
* * *
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
بەڕێوەبەرایەتی یاسا/ هۆبەی گرێبەستەکان
تۆمار: ١٠٣٢٩/٢٩/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٩
کەمکردنەوەی نهێنی (بانگهێشتی کراوە)
بۆ/ پرۆژەی: چاککردنەوە و ئیشپێکردن و ئیدامەکردنی ئامێرەکانی بەشەناوخۆیەکانی (کوڕان و کچان لە کەمپی نێو عەواڵی کچان و مجید بەگی کوران)ی زانکۆی سلێمانی.
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیاکان دەکات، کە ئارەزووی بەشداریکردنیان هەیە لە ئەم کەمگەریە، سەردانی بینای سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی (کە دەکەوێتە ناو کەمپی نوێ لە گەڕەکی ڕاپەڕین لەسەر ڕێگای سەرەکی سلێمانی- کەرکوك) / بەڕێوەبەرایەتی یاسا/ هۆبەی گرێبەستەکان لە نهۆمی زەمینی بکات، بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری عیراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا وە کرێی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە کارەکەی بۆ ئەسپاردە دەکرێت.
١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (یەك شەممە) بەرواری (٢٠١٩/٩/١) دەست پێدەکات تا ڕۆژی (یەك شەممە) بەرواری (٢٠١٩/٩/١٥) لە کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا کاتژمێر (١)ی دوای نیوەڕۆ.
٢- ڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر (چوار شەممە) بەرواری (٢٠١٩/٩/١٨) تا کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی دەبێت و هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێت.
٣- ڕۆژی کردنەوە و ئاشکراکردنی تەندەر هەمان ڕۆژ (چوار شەممە) بەرواری (٢٠١٩/٩/١٨) دەبێت کاتژمێر (١١)ی سە ر لە بە یا نی .
٤- ئەگەر ڕۆژی گەڕاندنەوە و کردنەوەی تەندەر بوو بە پشووی فەرمی ئەوا بەهەر هۆیەك بێت. ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشووەکە دەبێتە ڕۆژی گەڕاندنەوە و کردنەوەی تەندەر.
٥- کۆمپانیا دەبێت پابەندبێت بەڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦).
٦- پێویستە کۆمپانیا ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان و پشتگیری تۆماری کۆمپانیاکان بهێنێت بۆ ساڵی (٢٠١٩)
٧- کۆمپانیا پابەند دەبێت بەپێشکەشکردنی بارمتەی سەرەتایی (بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر)
٨- زانکۆی سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچوونی فەرمانی کارسپاردن پاڵپشت بە ماددەی (١٤) لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦).
٩- پێویستە کۆمپانیا لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبووردن پێشکەش بکات و تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەر روون بکاتەوە.
١٠- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی وەرناگیرێت.
١١- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیار و روونکردنەوەیەك دەتوانێت سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتی یاسا/ هۆبەی گرێبەستەکان بکات.
١٢- پێویستە کۆمپانیا لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەردا (ئیمەیڵ email) و ژمارە تەلەفۆنی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات.
١٣- زانکۆی سلێمانی پابەند نییە بەکەمترین نرخ.
١٤- ماوەی پرۆژەکە لە بەرواری دەسبەکاربوونەوە دەست پێدەکات تا بەرواری (٢٠٢٠/٧/١).
پ.ی.د. رضا حسن حسین
سەرۆکی زانکۆ
* * *
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
بەڕێوەبەرایەتی یاسا/ هۆبەی گرێبەستەکان
تۆمار: ١٠٣٣٠/٢٩/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٩
کەمکردنەوەی نهێنی (بانگهێشتی کراوە)
بۆ/ پرۆژەی: پاککردنەوەی بەشە ناوخۆیەکانی (کوڕان و کچان)ی زانکۆی سلێمانی لە کەمپی ناوشار و عەواڵ.
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیاکان دەکات، کە ئارەزووی بەشداریکردنیان هەیە لە ئەم کەمگەریە، سەردانی بینای سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی (کە دەکەوێتە ناو کەمپی نوێ لە گەڕەکی ڕاپەڕین لەسەر ڕێگای سەرەکی سلێمانی- کەرکوك) / بەڕێوەبەرایەتی یاسا/ هۆبەی گرێبەستەکان لە نهۆمی زەمینی بکات، بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری عیراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا وە کرێی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە کارەکەی بۆ ئەسپاردە دەکرێت.
١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (یەك شەممە) بەرواری (٢٠١٩/٩/١) دەست پێدەکات تا ڕۆژی (یەك شەممە) بەرواری (٢٠١٩/٩/١٥) لە کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا کاتژمێر (١)ی دوای نیوەڕۆ.
٢- ڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر (چوار شەممە) بەرواری (٢٠١٩/٩/١٨) تا کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی دەبێت و هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێت.
٣- ڕۆژی کردنەوە و ئاشکراکردنی تەندەر هەمان ڕۆژ (چوار شەممە) بەرواری (٢٠١٩/٩/١٨) دەبێت کاتژمێر (١٠:٣٠)ی سە ر لە بە یا نی .
٤- ئەگەر ڕۆژی گەڕاندنەوە و کردنەوەی تەندەر بوو بە پشووی فەرمی ئەوا بەهەر هۆیەك بێت. ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشووەکە دەبێتە ڕۆژی گەڕاندنەوە و کردنەوەی تەندەر.
٥- کۆمپانیا دەبێت پابەندبێت بەڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦).
٦- پێویستە کۆمپانیا ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان و پشتگیری تۆماری کۆمپانیاکان بهێنێت بۆ ساڵی (٢٠١٩)
٧- کۆمپانیا پابەند دەبێت بەپێشکەشکردنی بارمتەی سەرەتایی (بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر)
٨- زانکۆی سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچوونی فەرمانی کارسپاردن پاڵپشت بە ماددەی (١٤) لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦).
٩- پێویستە کۆمپانیا لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبووردن پێشکەش بکات و تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەر روون بکاتەوە.
١٠- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی وەرناگیرێت.
١١- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیار و روونکردنەوەیەك دەتوانێت سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتی یاسا/ هۆبەی گرێبەستەکان بکات.
١٢- پێویستە کۆمپانیا لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەردا (ئیمەیڵ email) و ژمارە تەلەفۆنی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات.
١٣- زانکۆی سلێمانی پابەند نییە بەکەمترین نرخ.
١٤- ماوەی پرۆژەکە لە بەرواری دەسبەکاربوونەوە دەست پێدەکات تا بەرواری (٢٠٢٠/٧/١).
پ.ی.د. رضا حسن حسین
سەرۆکی زانکۆ
* * *
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
بەڕێوەبەرایەتی یاسا/ هۆبەی گرێبەستەکان
تۆمار: ١٠٣٣١/٢٩/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٩
کەمکردنەوەی نهێنی (بانگهێشتی کراوە)
بۆ/ پرۆژەی: پاککردنەوەی بەشە ناوخۆیەکانی (کوڕان و کچان)ی زانکۆی سلێمانی لە کەمپی نوێ.
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیاکان دەکات، کە ئارەزووی بەشداریکردنیان هەیە لە ئەم کەمگەریە، سەردانی بینای سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی (کە دەکەوێتە ناو کەمپی نوێ لە گەڕەکی ڕاپەڕین لەسەر ڕێگای سەرەکی سلێمانی- کەرکوك) / بەڕێوەبەرایەتی یاسا/ هۆبەی گرێبەستەکان لە نهۆمی زەمینی بکات، بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری عیراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا وە کرێی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە کارەکەی بۆ ئەسپاردە دەکرێت.
١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (یەك شەممە) بەرواری (٢٠١٩/٩/١) دەست پێدەکات تا ڕۆژی (یەك شەممە) بەرواری (٢٠١٩/٩/١٥) لە کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا کاتژمێر (١)ی دوای نیوەڕۆ.
٢- ڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر (چوار شەممە) بەرواری (٢٠١٩/٩/١٨) تا کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی دەبێت و هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێت.
٣- ڕۆژی کردنەوە و ئاشکراکردنی تەندەر هەمان ڕۆژ (چوار شەممە) بەرواری (٢٠١٩/٩/١٨) دەبێت کاتژمێر (١٠)ی سە ر لە بە یا نی .
٤- ئەگەر ڕۆژی گەڕاندنەوە و کردنەوەی تەندەر بوو بە پشووی فەرمی ئەوا بەهەر هۆیەك بێت. ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشووەکە دەبێتە ڕۆژی گەڕاندنەوە و کردنەوەی تەندەر.
٥- کۆمپانیا دەبێت پابەندبێت بەڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦).
٦- پێویستە کۆمپانیا ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان و پشتگیری تۆماری کۆمپانیاکان بهێنێت بۆ ساڵی (٢٠١٩)
٧- کۆمپانیا پابەند دەبێت بەپێشکەشکردنی بارمتەی سەرەتایی (بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر)
٨- زانکۆی سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچوونی فەرمانی کارسپاردن پاڵپشت بە ماددەی (١٤) لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦).
٩- پێویستە کۆمپانیا لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبووردن پێشکەش بکات و تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەر روون بکاتەوە.
١٠- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی وەرناگیرێت.
١١- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیار و روونکردنەوەیەك دەتوانێت سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتی یاسا/ هۆبەی گرێبەستەکان بکات.
١٢- پێویستە کۆمپانیا لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەردا (ئیمەیڵ email) و ژمارە تەلەفۆنی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات.
١٣- زانکۆی سلێمانی پابەند نییە بەکەمترین نرخ.
١٤- ماوەی پرۆژەکە لە بەرواری دەسبەکاربوونەوە دەست پێدەکات تا بەرواری (٢٠٢٠/٧/١).
پ.ی.د. رضا حسن حسین
سەرۆکی زانکۆ
* * *
ڕێڤەبەرییا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوك
سەروکاتییا باژێرڤانییا سێمێلێ
ژمارە: ١١٤٨ /٤/٣٢٥/٢٦/٢٦
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٨/٢٨
ئاگەهداری
لدیف نڤیسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە (٥٠٧) ل ٢٠١٩/١/٢١ و نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشە دانانا ئاڤەدانیێ ل دهوکێ یا ژمارە (١٠٤) ل ٢٠١٩/١/١٣ سەبارەت نەخشێ کەرتێ ئەوێ هاتیە دانان بو پارچە ئەردێ ژمارە (٣٣٠٤/١) کەرتێ (١١) سێمێلێ سەبارەت گهورینا ڕەگەزێ وێ ژ کەسکاتی لدیف نەخشێ ژمارە (٥٨٣) بو خزمەت گوزاری بو مەرەما بەرفرەهکرنا نەخوشخانا ل کەتواری ئاڤاکری و لدیف نڤیسارێن لسەری دیارکری ئەم ئەڤێ نەخشەی رادگەهینن و هەر دەستگایەکێ میری یان هەر هاووەلاتیەکی پێشنیارەك یان بەرهنگاریەك هەبیت ژبو گهورینا ئەڤێ نەخشەی یان نەرازیبوون لسەر دانانا ئەڤێ نەخشێ بلا داخوازیا خو پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا سێمێلێ بکەت دماوێ یاسایی دا (٣٠) روژا ژ مێژویا دەرکەفتنا ئەڤێ ئاگەهداریێ و پشتی بورینا ئەڤێ ماوەی هیچ داخوازی ناهێنە وەرگرتن و گەل چ پێشنیار یان بەرهنگاری پەیدانەبون ئەڤ نەخشە دێ هێتە پەسندکرن..
هەڤپێچ:
هەموو بەراهیك
ئەندازیار/ محسن عبدالکریم حسین
سەروکێ باژێرڤانیا سێمێلێ
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٤٨/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٣٢١٦٩٥/هەلێر) جۆری (فورد اکسبلورا استیشن) مۆدیل (٢٠١١) رەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (عرفان عثمان عمر) لە ڕۆژی (٢٠١٩/٩/١٨) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت,ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (١١,٠٠٠,٠٠٠ یازدە ملیۆن دینار).
دادوەری یەکەم / محی الدین عبدالرحمن مصطفی
* * *
دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە: ١/ استملاك قضائی/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢١
بۆ/ داوالێکراو/ المستملك منه١ (علی عبدالرحیم احمد)
ئاگاداری
داواکار (المستملك (سەرۆکی شارەوانی ئاکرێ – سەرباری کارەکەی) داوای ژمارەی سەرەوەی دەرهەق بە تۆ و (محمد عبدالرحیم احمد) تۆمارکردووە لەبەردەم دادگاکەمان کە تیایدا داوای رووبەری (٤٠٧,١٢)م٢ لەموڵکی ژمارە (١٢/ کەرتی ١٣٦ باستین قابکی و صارمی) بەناوی تاپۆی شارەوانی تۆمار بکرێت. چونکە ئەو رووبەرە کەوتووەتە بەر شەقامێکی گشتی وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تاکو ئامادەبیت لەبەردەم دادگاکەمان لە ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٢٥ کە دیاریکراوە بۆ دادبینی بەپێی مادەی ١/٢١ لە یاسای دادبینی شارستانی و بەپێچەوانەوە دادگا هەڵدەستێت بەدادبینی پاش ملە دەرهەق بە تۆو دەرکردنی بڕیاری پێویست بەپێی یاسا.
دادوەر/ خالد عثمان یوسف
* * *
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ١٧٧/ك/٢٠١٦
ڕێکەوت:٢٠١٩/٨/١٨
ئاگاداری
سکاڵاکار/ حلیمە حسن محمد
تۆمەتبار/ احمد انور کریم صالح
بۆ تۆمەتبار (احمد انور کریم صالح) پێشتر دانیشتووی شاری (چەمچەماڵ – گەڕەك/ بێ کەس) بوویت بەلام شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لە ئێستادا.
دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٩ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ١٧٧/ك/٢٠١٦ بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان ژمارە (١١١) ساڵی (١٩٦٩) بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ جبار رضا احمد
* * *
دادگای کەتنی دوکان
ژمارە: ٤٣/ج/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٨/١٩
پسولەی ئاگادارکردنەوە
ناوی سکالاکار/ بهاء ناجی ابراهیم
لەبەر ئەوەی لە دۆسیەی ژمارە ٤٣/ج/٢٠١٩ لە دادگای کەتنی دوکان سکاڵاکاری وە شوێنی نیشتەجێبوونت دیاری کراو نییە بۆیە بڕیارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبیت لەدادگای کەتنی دوکان لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١١ لەکاتژمێر (٩) ی سەر لەبەیانی لەسەر کێشەی ژمارە (٤٣/ج/٢٠١٩) بەپێی ماددەی ١/٢٣ لە یاسای هاتووچۆ بەبێ دواکەوتن بەپێچەوانەوە بەر پرسیاری بەرامبەر بە یاسا.
دادوەر/ ابوبکر مولود عبداللە
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/دوو
ژمارە: ١٢٨٩/ك/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٨/٢٠
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: شهد محمد ابراهیم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٨٦٧/ت/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٨/١٨
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: شهناز علی سلطان
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٧/٣) لەیاسای تیرۆر لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئاسایشی قەڵادزێ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١١/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٩٤٢٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (صالح محمد حمە صالح) بۆ (بازرگانی گشتی و هێنانی ئاژەلی زیندوو/ تاك)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (صالح محمد حمە صالح) بۆ (بازرگانی گشتی و هێنانی ئاژەلی زیندوو/ تاك) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٥/٥) کە تۆمارە لەژێر (٢٣٩٦٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٣/١٥ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (صالح محمد حمە صالح) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (قاسم محمد عزیز) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/١٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە لقی کۆمپانیای (صالح محمد حمە صالح) بۆ (بازرگانی گشتی و هێنانی ئاژەلی زیندوو/ تاك) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/ بەوەکالەت

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی شۆڕشی گۆماتای ماد

کەمال نوری مەعروف

1

سەرەتەڵەمێک:
دەمێکە بیرم لەوە کردۆتەوە لەسەر شۆڕشی گۆماتای مادو هەوادارانی بنووسم، بەڵام کەمی سەرچاوەی باوەڕپێکراوی مێژوویی پێویست ناچاریکردم ئەو نووسینەم دوا بخەم بۆئەوکاتەی سەرچاوەم لا کۆدەبێتەوە. لە ئێستادا ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا بە هۆی بوونی سەرچاوەو کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو کەسایەتییەی مادو هەوادارانی، تاوەکو بە خوێنەری کوردی بگەیەنم کە بۆچی دژی دەسەڵاتی داریۆشی گەورەی هخامەنشی شۆڕشی بەرپا کرد.

پێشەکی:
مادەکان بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو لەچەند هۆزێکی هیندو ئاری زمان پێکهاتوون کە ژمارەیان حەوت عەشیرەتن و بەر لە سەردەمی هخامەنشیەکان (700-550پ ز) لە باکووری خۆرئاوای ئێران جێگیربوون. لەساڵی 612ی پ.ز کەیخوسرەوی گەورەپادشایان ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی دامەزراند، ئەوەش دوای سەرکەوتنی بوو بەسەر ئاشوریەکانداو داگیرکردنی پایتەختی نەینەوا. من بۆ ئەو سەردەمە دەڵێم بە سەرچاوەکانی مێژووەوە دیارە کە گرنگی پێنەدراوە، ئەوەش بۆ هۆکاری سیاسی ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە. لێرەدا نامەوێت خۆم بخەمە ناو ئەو پرسانەی مێژووەوە بە قەوارەی ئەوەی ئاماژە بەشەڕەنگێزیو پیلانگێری کۆرشی دووەم بدەم کە وڵاتی مادی بەهۆی پەسانی تری دڵرەقی ناو ماد کە پایە بەرزبوون داگیرکرد. بەمانایەکی تر گواستنەوەی دەسەڵێت لە مادەوە بۆ فارسی هخامەنشی. ئەوەش بە داگیرکردنی (هەگمەتانە) (هەمەدان) شاری کاروانچیەکان کۆتایی هات، دوای (3) ساڵ شەڕکردنی بەردەوام هەتاکو ساڵی 550ی پ.ز. ئەگەر بەلاپەڕەکانی ئەو سەرچاوانەی مێژووی کۆندا بگەڕێین گەورە پیاوانی ئایینی ماد لەسەرو بەندی نەمانی ئەو دەسەڵێتەدا دوای (8) ساڵ بەسەر مردنی کۆرشی گەورەدا چەندجارێک بەشۆڕش هەستاون بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتیان و دروستکردنەوەی قەوارەی سیاسییان، کە لای هەندێک مێژوو نووسانی فارس بەناوی شۆڕشی مەزهەبی ڕاڤەی لێدەکەن. سەرجەمی ئەو شۆڕشانە بە ئامانجی ڕزگاربوونیان بووە لە دەسەڵاتی ئۆتۆکراتی چەوسێنەری دارای گەورە. من لەم لێکۆڵینەوەیەمدا دەمەوێت تیشک بخەمە سەر ڕۆژگاری ئەو شۆڕشەی مادو ئەوانەی تریش کە بەدوایدا هاتوون، لەگەڵیشیا هەندێک قسە لەسەر بەردە نووسراوەکەی بێستوون بخەمە ڕووکە داریۆشی یەکەم گۆماتای تێدا ناشیرین کردووە بۆ مەرامی سیاسی خۆی کەدەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات بووە. هەموو ئەمانە بۆ مێژووی کۆن بابەتێکی ناوازەن بۆ لێکدانەوەو ساخکردنەوەو نووسینەوەی لاپەڕەیەکی نوێ بۆ ئەو مێژووەی ماد کە ڕەگەز پەرستی بە ژمارەیەک لەو سەرچاوانەوە دەبینرێتو دەکەونە بەرچاو، هەروەکو مێژووی ماد لای ئەوانە بەشێک نەبێت لە مێژووی مرۆڤایەتی.

شۆڕشی گۆماتای مادو چۆنێتی سەرهەڵدانی:
کە سەرەتا دێینە سەر باسی چۆنێتی سەرهەڵدانی شۆڕشی(گۆماتا) دەبێت لە ڕێگای بەردە نوسراوەکەی داریۆشی گەورە لە بێستوون، لەوردەکاریەکانی تێبگەین تاوەکو بزانین لەچ بارودۆخێکدا سەری هەڵداوە، یان هۆکاری سەر هەڵدانەکەی چ بووە. چاو گێڕانێک بەبەردە نووسراوەکەی داریۆش (521-486پ.ز) دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە داریۆش بۆ ڕێگا خۆشکردنی خۆیو گەیشتن بەتەختی پاشایەتی هخامەنشی لە ئێران هەموو ئەو وتانەی کە نووسیونی لە باسی (گۆماتا)دا لە ڕاستیەوە دوورن.

داریۆش لەباسی (گۆماتا)دا دەڵێ:
بەندی 12: ئەم شایە کە(گۆماتا)ی موغەلە کەمبوجییەی داگیرکردووە. ئەو شایەیە کە لەوەو پێش لە ڕەگوریشەی ئێمە بوو(مەبەستی کەمبوجییە) دوایی (گۆماتا)ی موغەلە کەمبوجییەی داگیرکرد. پارس و مادو هەموو وڵاتانی داگیرکرد، خۆی کردە پاشایان.
بەندی 13: داریۆش شا وتی: مەردێک نەبوو، نەپارسی، نەمادی، نەهیچ کەسێک لە نەوەی ئێمە کە پاشایەتییەکە لە (گۆماتا)ی موغ بسەنێت. مرۆڤ زۆر لەو دەترسا نەوەکو ئەو مرۆڤە زانیبێتی کە بەرلەو (بەردییە)ی ناسیوەو بیکوژێت واتە (گۆماتا) بیکوژێت نەوەکو ناسیبێتی کە ئەو (بەردییەی کوڕی کۆرش نییە).
هیچ کەسێک دەربارەی (گۆماتا)ی موغ توانای وتنی قسەی نەبوو تاوەکو من گەیشتم. بۆ ئەمە یارمەتیم لەئاهۆرامزداخواست. ئاهۆرامزدا یارمەتی بە من فەرموو. (10) ڕۆژ لە مانگی (باگەدیشدا) ڕۆشتبوو، (مانگێکی پەهلەوییە بەبەراورد بە ئێستا مانگی 10ی تشرینی یەکەم دەگرێتەوە). ئەو کاتەبوو من لەگەڵ چەند نەفەرێک بۆ کۆتایی هێنان بە(گۆماتا)ی موغ کە ئەو ئازاترین مرۆڤ لەگەڵیدا بوون. ئەوم لە قەڵیی (سیکایاواتیش) لەسەر خاکی (نیسایە)ی ماد کوشت. پادشایەتیم لێسەندەوە. لەسەر داوای ئاهورامزدا من بوومە پاشا کە بەمنی بەخشی.
بەندی 14: داریۆش شا وتی: پادشایەتییەک کە من لەڕەگوریشەی بووم، من هێنامە ڕوو. من لەو شوێنە بەهێزم کرد. هەرواش بوو من کردم. من پەرستگای (مائیرا) کە (گۆماتا)ی موغ وێرانی کردبوو چاکم کردەوە. لەوەرگاو وڵاخداری و بەکوێلەکان خانووی خواوەندەکان کە (گۆماتا)ی موغ لێیسەندبوون من مرۆڤەکانم لە شوێنی خۆیان داناونەتەوە کە سەر بە پارس و مادو هەموو کیشوەرەکان بوون.

سەرنجدان لە نووسراوەکەی داریۆش:
کەدێینە سەر نووسراوەکەی داریۆش و سەرنجی لێدەدەین بە ئاشکرا خۆبەزلزانی و لایەنی ڕامیاری تێدا دەردەکەوێت. چونکە بەو جۆرەیە کە بەشێوەی (من) دێتە زمان. حکومەتی (گۆماتا)ش لە ڕووە ئاینییەکەیەوە لەسەردەمی (دارا)دا نیشان دراوە کە بوونی بۆ بەر لەوەدەگەڕێتەوە هەر وەکو لە بەردە نوسراوەکەدا نیشاندراوە. موغەکانیش لەسەردەمی مادەکاندا چینێک بوون لەسەر ئاینی خۆرپەرستی بوون کەسەر بەدیاردەکانی سروشت بوون بەڵام ئەوانی تر بەپلەی دووەم دێن دوای خۆر. ئەو مووغانەش لە پلەی یەکەمدا نەیاری ئاینی زەردەشتی بوون.
(گۆماتا)ی مووغیش لە ئەفسەرەکانی پێشووی دەربارەوە. ئەو خۆی کردە پاشاو حکومەتی لەپارێزگای (کرمان) دامەزراند کەویلایەتێکی سەر بە مووغەکان بووەو زۆرینەیان لەوانبوون و لەوێدا ماوەتەوە. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە کە ئایا: چۆن و بەچ شێوەیەک توانی ئەو دەسەڵێتە وەربگرێت کە هەشت ساڵ دوای مردنی کۆرشی گەورە ڕوویداوەو لەنووسراوەکەی بێستووندا هاتووە؟ لەوەڵێمدا دەڵێین: هەموو ئەو بۆچوونانەی کەلەسەر چۆنێتی وەرگرتنی دەسەڵێت لەلایەن (گۆماتا)ی مادەوە هاتووە ڕای جیاجیای لەسەرە.
لەو ڕووەوە هێرۆدۆت دەڵێ (گۆماتا) واخۆی نیشان داوە کە(بەردییە) (سەمیر دیس)ی برا بچووکی (کەمبوجییە).
ئەم هەواڵە (کەمبوجییە)ی نارەحەت کرد کاتێک بەو گەیشت لە هێرشەکەیدا بۆسەر میسر.
ئەو بڕیاری گەڕانەوەی بۆ پارس دا. بەڵام لەکاتی گەڕنەوەیدا لەسووریا مرد.
داریۆش لەنووسراوەکەیدا باسی ئەوە دەکات مەردێک لەبنەچەی کۆرشی گەورە لەژیاندا نەماوە بۆیە ئەو ئەرکەی داوەتە دەست توانای خۆی. (گۆماتا)ی موغ کە لەپارس لەناو لایەنگرانیدا لەسەر تەخت دانیشتبوو. هەموو ویلایەتەکانی لە باجی (3) ساڵ و خزمەتی سەربازی بەزۆر بەخشیبوون، بۆیەئەوانیش ببوونە لایەنگری و بەهەموولایەکدا بلێوبوون. شۆڕشەکەش لەکرمان دەستی پێکرد کە نزیکی (پاسارگاد)بوو هەروەکو ئاماژەماندا.
ئەم پارێزگایەی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆر هەمان ئەو پارێزگایە بوو کە (کۆرش) حکومەتی خۆی بە (بەردییە)ی کوڕی بچووکی سپاردبوو. (کرمان)یش پارێزگایەکی دەوڵەمەندبوو لە ناو کیشوەری کۆنی پارس چونکە پڕکانزای جیا جیا بوو. بۆ (گۆماتا)ش باش بوو چونکە ئاڵتونی زۆری لەگەڵ کانزای زیو هەبوو کەسەرچاوەکەی ڕووباری (هێکتانیس)بوو. (گۆماتا) لە هەنگاوی یەکەمیدا تێکۆشاوە (کرمان) لەشوێنی(پاسارگاد)بکاتە پایتەختی هاخامەنشی کە(کۆرشی گەورە)بینای کردبوو. ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕاکێشە ئەو واتە(گۆماتا) بۆ (پاسارگاد) نەڕۆشت چونکە لەوە دەترسا کۆمەڵێنی دەربار بەزۆری هەستیان بەوەکردبێت کە ئەو (بەردییە)ی ڕاستی نییە، بەڵام هەر لەوێ نزیک بە (پاسارگاد)لە قەڵییەک بە ناوی (سیکایاواتیش) (شەن قەڵێ) لەناویدا شوێنی خۆیگرت.
داریۆش لەگەڵ شەش لە برادەرەکانی خۆی(کۆمەڵەی حەوت کەس) لەڕۆژی 29ی 9ی522ی پ.ز شالاوی بردە سەرقەڵێکەو (گۆماتا)ی کوشت. داریۆش بە ئەنجامدانی ئەو کارەی هەواڵی بەهەموو لایەکدا بلێو کردەوە. هەواڵەکەش بۆ ئەوە بوو پاشایەتی هەموو ئێران بە خێرایی بگرێتە دەست لە تەواوی هەموو ئەو پارێزگایانەی کە سەر بە شۆڕش بوون، لەو ماوەیەدا (19) جەنگی بەرامبەر نەیارانی کردو(9) شۆڕشی کە بە ناوی پاشا درۆزنەکان هەڵگیرسابوون کوژاندەوە.
ڕۆژی 28ی 10ی 521ی پ.ز دوا شۆڕشی لە ژێر پێی ئەوان دەرهێناو بە دوای ئەوەدا داریۆش بووە شای ئیمپراتۆری ئێران. مامۆستای مێژوو نووس تەها باقر بەهەمان شێوە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە بەو شێوەیەی کە دوای مردنی(کەمبوجییە)(قەمبیز) ئاژاوەو شۆڕش هەموو لایەکی ئیمپراتۆریەتەکەی گرتۆتەوە بەولێتی بابلیشەوە. هەر ئەو هۆکارەش بووە ڕێگای بۆ (گۆماتا)ی خۆش کرد ببێتە پادشاو لایەنگرانی زۆریشی بۆ پەیدابووە لەویلایەتەکاندا و بە کارەکەی ڕازی بوون.

ئایا داریۆش لەبەردە نووسراوەکەیدا چی دەڵێت:
داریۆش لەنوسراوە کەیدا بە ئاشکرا دەیەوێت ڕووی شۆڕشە میللییەکەی (گۆماتا)ناشیرین بکات کە بە ڕووکەشی مەزهەبی بووە دژبە هاخامەنشیەکان. بەشێوەیەک ویستویە دووری بخاتەوە بەوەی گۆماتا دەسەڵاتی داگیرکردوە لە وڵاتی هاخامەنشیدا کە خۆی لەبنەچەی گەورەی دەسەڵێتدارنەبووە. لەهەندێک سەری ترەوە واتاوانباری دەکات گوایە شۆڕشێکی مەزەبی ئەنجامداوە دژ بە ئاینی نوێی زەردەشتی .ئەو تۆمەت بارکردنەی داریو□ش دژ بەنەیارانی بۆچوونی هەموو ئەو ستەمکارانەیە کە دەسەڵێت دەگرنە دەست و ئەوانەی بەر لە خۆیان کە لەدەسەڵێتدابوون بەو جۆرە ناشرینیان دەکەن. ئەو شێوەیە دیمەنێکی تری زۆر دارێکم دێنێتەوە یاد لە مێژوودا کە ئەویش(ئۆتۆحیکال)ی پاشای وەرکای سۆمەرییەکە لە سەرو بەندی سەدەی 21ی پ.ز، شەڕی لەگەڵ گۆتییەکانداکردووە بەناوی شەڕی ڕزگار بوون کە (40) ڕۆژی خایاندووە و توانیویە بەسەریاندا زاڵ بێت. بەناوی ئەوەی ولێتی سۆمەری لە بێگانەی شاخاوی پاک کردۆتەوە. ئەوەی لەسەر ئەو گوتی یانە وتراوە کە بەشێوەیەکی گشتی بە دڕندە ناویان براوە بەو شێوەیەی کە هیچ پاشماوەیەکی ئاسەواریو کەلتوریان لەولێتدا بەجێنەهێشتووە جگە لەوەی سەردەمەکەیان کە سەدەیەکی زیاتر خایاندووە بە ڕۆژگارێکی تاریک لە مێژووی سیاسی میسۆپۆتامیادا ناوی براوە.
هەر لەو شێوەیەدا ئەوەی لە ئەدەبی سۆمەری بەدەستمان گەیشتووە لەسەردەمی ژیانەوەو پێگەیاندنا کە بۆ ڕۆژگاری گودییە دەگەڕێتەوە بەو جۆرە هاتووە: ئۆتۆحیکاڵ گوتییەکانی بەزاند کەماری شاخە دورەکانن، ئەوانە دوژمنی خواکانن کە پاشایەتییان لە وولێتی سۆمەر گواستەوە بۆشاخەکان و ولاتیان پرشەرو ئاژاوە کرد..کاتێکیش خواوەند ئینلیل بڕیاریدا لەناویان بەرێت(ئۆتۆحیکاڵ)ی هەڵبژارد کەپاشای وەرکابوو.
لێرەدا پرسیارێک دێتە ڕوو ئایا ئەوەی ناحەزان دەیڵێن وایە کە مێژووەکەیان پشتگیری لێدەکات؟ ئەوەی شارەزای مێژووی کۆن بێت ئەو هەڵبەستراوانە بەدرۆ دەزانێت کە لە ڕاستییەوە دورن. لە کاتێکدا گوتییەکان کە دەسەڵاتیان لە ولێتی میسۆپۆتامیادا لەسەدەی 22ی پ.ز گرتە دەست ولێتەکەیان بۆ یەکەمجار دابەش کرد بەچەند یەکەیەکی ئیدارییەوە کە سەربەخۆییان پێداون بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان کەدەتوانین ناوی ئۆتۆنۆمی ئەمڕۆی لێبنێین، واتە ئازاد بوون لە دەسەڵاتی مەرکەز بە شارو شارۆچکەو دانیشتووەکانیانەوە. کەواتە ناحەزان بۆچی وادەڵێن؟ من بۆ ئەوە دەچم دەسەڵێتداری زۆردار کە دەسەڵێت دەگرێتە دەست هەر بۆ خۆی ئەژی واتە بۆ مانەوەی تەختەکەی کە تێیدا نەیارانی ناشیرین دەکات. نموونەی ئەو جۆرە دەسەڵێتە داپڵۆسێنەرەش بە ئاشکرا بەدیمەنەکان و بەردە نووسراوەکەی بێستوونەوە کە چۆن دارا قاچی خستۆتە سەر لاشەی(گۆماتا)و چەکی سەرکەوتنی بەدەستەوە گرتووەکە،کەوانە.لێرەوە گەڕانەوەیەکی تر بۆ بەردە نووسراوەکەی بێستوون کە هاوشێوەی قاڵب هەڵکۆڵراوە، بە بەراوردکردنی بەهەڵکۆڵراوەکانی پادشاکانی ئاشوور ئەوانیش بەبێ جیاوازی دوژمنانی خۆیان دژ بە ئاشور بە چەتەو ڕێگرو تاوانبار ناشیرینیان کردوون. خۆشیان واتە پاشاکان بەمەردی ئازاو خزمەتکاری خواوەند باسکردووە. هەر لەبەر ئەو بەڵگانەش بووە کە خواوەندەکان لەشەڕەکانیاندا یارمەتییان داون. نموونە بۆ ئەمە((من سارجۆن پاسەوانی دادوەریم، کەسێک کە دەسدرێژی نەکاتە سەر ئاشوروشەمەش ڕازی بوونی ئەو خواوەندانەی لەسەربووە کەبەدڵ یارمەتییان داون و بەسەر دوژمنەکانیشیانا سەرکەوتوبوون. داریۆش بۆچوونە دەرەوەی لەشەڕەکانیداو بەگژدا چوونەوەی نەیارەکانی کە سەرکەوتو بووە لەهەوڵەکانیدا ئەویش وەکو پادشای ئاشور سارجۆن ئەوە دەڵێتەوەو دەریدەخات کەخواوەند ئاهورامزدا بەباشی گرنگی بەو داوە. لەم هەڵوێستەیدا دەتوانین بڵێین :داریۆش لەدیمەنی بەردە نووسراوەکەیدا بەهەمان شێوە لاسایی بەر لەخۆی کردۆتەوە کە هاوشێوەی نەخشەکەی ئانوبانینی دەری هێناوە لەسەر پێڵی زەهاو.
جارێکیتر گەڕانەوەیەک بۆسەرچاوەکانی مێژوو و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانیان، سەبەرەت بە (گۆماتا)ی ماد لەبەردە نووسراوەکەی بێستووندا ئەوە دەکەوێتە بەر چاوو وا هاتووە،ئەو کاتێک خۆی کردە پاشا وەکو نووسەرانی یۆنانی دەڵێن: لەڕواڵەتدابێ هیچ کێششەیەک کارو باری ولێتی گرتۆتە دەست. بەمانا پاشایەتییەکەی شوێنی ڕەزامەندی دانیشتوانی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی بوون، بەهۆی ئەوەی خەڵکەکەی لە باجوخزمەتی سەربازی لەناو کۆمەڵگای ئەو ڕۆژگارەدا بەخشیون. ئەوەش سەردەمێک بووە کە جەنگی بەردەوام ناوچەکەی وێران کردووەو خەڵکە برسییەکەشی کردۆتە سوتەمەنی تەواو بۆئاگرەکەی. بۆیە بەپێی وتەی نووسەرانی یۆنانی دەتوانین بڵێین: وتەکانی ناو بەردە نوسراوەکەی داریۆش درۆی هەڵبەستراون. چونکە مەئمورەکانی ڕامیاری هاو هەڵوێستی(گۆماتا)بوون واتە لە خزمەتیدا بوون. لەوانە ویلایەتی(ئاناتولیای عەزبی)،(ئوروئیتس)لەگەڵ گەورەکانیان لەو کەسانە بوون کە لە خزمەتی حکومەتەکەیدا بوون.

ئەم نووسراوەی داریۆش گرنگی خۆی هەیە بۆ خزمەتی(گۆماتا)ی موغ چونکە بەو جۆرە بووە کە داریۆش وتوویە: شۆڕشگێڕ بووە کە توانیویە بە هێز لەڕوی خانەدانی هخامەنشی و لایەنگرانی دژ یان بووەستێتەوە. نووسینەکەی هێرۆدۆتیش هەر ئەوە دەڵێتەوە، واتە ئەوەی بەدەستی گەیشتووە بەو شێوەیە بووە کە کۆمەڵێک لە مادەکان حەق بەدەسەڵێتەکەی دەدەن. ئەو گۆڕانکاریانەش کە لە حکومەتدابووە ناتوانێت ئینکاری لێبکرێت کە(گۆماتا)ی موغ دیارە لایەنگری زۆر بووە.

بەڵگەش بۆ ئەمە هیرۆدۆت دەڵێ: داریۆش دوای ئەوەی (گۆماتا)ی کوشت تەواوی ئاسیا بۆمەرگی ئەو پرسەیان دانا. ئەوەش لەرزینێک بوو کە حکومەتی موغەکان توشی هات کە خانەدانێکی پاشایی کۆن سیفاتی دەسەڵێتدارێتی لێ حەرام کرا، چونکە حەق بەدەست بوو. لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی لەهەر لایەک دەسەڵاتی عەسکەرتاری داپڵۆسێنەر هەبوبێت بڵێسەی شۆڕش لەگەورەبووندابووە.

بەراوردێک لەنێوان دوو سەردەمدا لەڕووی ئاینییانەوە: لەباسی ڕووی ئاینی ئەو دووسەردەمەدا واتە ڕۆژگاری میدی (700-550پ.ز)و دەسەڵاتی هخامەنشی (550-330پ.ز)کە زیاتر لە پاشایەتی داریۆشی گەورەدا دەخوێنرێتەوە (521-486پ.ز) کە سەرەتایە بۆ دەرکەوتنی ئاینی زەردەشت. دەبێت ئەوە بخەینە بەرچاو کە جیاوازییەکی زۆر لە باوەڕی کەلتوری ئەو دوو ئاینەدابووە. هەرئەوەش بووەتە هۆکار کە بەسەختی داریۆش لەهەوڵەکەیدا کۆتایی بەژیانی(گۆماتا)هێناوە،چون کە نەیاری ئاینەکەی بووە کە زەردەشتی یەو بەڕەسمی ناساندوویەتی.
ئاینی خەڵکی ماد بەگشتی کە مێژوو نووسانی یۆنانی دەربارەی نووسیویانە پەرستنی جۆری خواکان بووە کە بە پێی توخمەکانی سروشت دیارییان کردوون وەکو: با، ئاو خاک و زەویو مانگو و هەتاوو ئەستێرەکان و ئاگر. ئەمانە لای مرۆڤی سەر بە ئاینیی زەردەشت نەبووە. بەڵکولەبنەچەدابۆ ئاینی هیندو ئاریایی کۆن دەگەڕێتەوەکە زەردەشت دەیانداتە دواوە. ئەوەش دیارە کە ئاینی زەردەشت لەتەواوی ڕۆژگاری هاخامەنشیدا ڕازیبوونی تەواوی خەڵکی لەسەر نەبووە، چونکە بۆ سەردەمەکە نوێبووە.


داریۆشی شا

پەلەقاژە و هەژموونگەرایی لە پێناو مانەوە



شۆڕش خالید ئازگەیی*

بێگومان ساڵانی دوای کۆتایی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بە سەردەمی زێڕینی بەهێزبوون و گەشەی خێرای بلۆکی ڕۆژئاوا دادەنرێت. بە تایبەت دوای ڕووخانی دیواری بەرلین، سەردەمی دارمان و شکست و پاشەکشەی بلۆکی سۆشیالیستی و فکری مارکسیستی و لێنینیستی و لەگۆڕانی بیرۆکە خەیاڵ پلاوەکان بە تەواوەتی دەستی پێکرد و ئەم بلۆکەی لە ناواخندا هەڵتەکاند.هاوکات لەگەڵ دارمانی کەمپی سۆشیالیزمدا، ووڵاتانی ڕۆژئاوا پێیان نایە قۆناغێکی زێڕینی پێشکەوتن و گەشە و دەوڵەمەندی لە هەموو ڕوێکەوە.

بەشی دووەم

پاراستنی ئاسایش، لەبیربردنەوەی کێشەکان

بە بارێکی دیکەدا، زیاد لە پێویست سەرقاڵ بوونی سەرکردە ئاسیاییەکان بە پاراستنی ئاسایش و تەناهیەوە، یەکێکە لەو ئاستەنگ و کۆسپ و ئاڵنگاریانەی ئێستاکە ڕووبەڕووی سەرۆک و سەرکردەی وڵاتان بۆتەوە. تێگەیشتن لە باری ئاسایش بە بێ تێگەیشتن لە چەمکی جیهانگەرایی خێرا و ئابووری شڵەژاوی بازاڕی ئازادی ناوخۆ و بازاڕی دراوی جیهانیەوە، نایەتە دی و ئەم دوو مەفهومە گرێدراوی یەکترن. ڕۆژئاوا هەرچەندە لە هەناوی خۆیدا ڕووبەڕووی دەیان کێشە و تەحەدی و قەیرانی قوڵی تەوژمی پەنابەران و شەپۆلی پۆپۆلیستی ڕاستگەرا بۆتەوە، لێ تا ئەم ساتەوەختەش توانیویەتی لە ڕێگەی بلاوەکردنی چەمک و پەیام و پڕوپاگەندەیی جیهانگەراییەوە کاریگەری بەرچاو و جۆری بخاتە سەر باری کولتور و فەرهەنگ و ئایین و خوێندنی وڵاتانی تردەوە.بۆ نموونە حاڵی حازر ژمارەی کەنیسە پرۆتێستانتەکان لە وڵاتی چین لە ژمارەی هەمان کەنیسە، لە ئەورووپا زیاترە و ڕۆژ بەڕۆژیش ژمارەیان ڕوو لە زیادبوون دەکات و پەرەیان پێ دەدرێت.پەرەسەندنی خواست و مەیلی دانیشتوانی ئاسیا بۆ دەست پێوەگرتن و مسۆگەرکردنی ئاسایش و سیستەمی سیاسی شوێن بڕوا و متمانە و گەڵاڵەکردنی شوناسێکی نیشتیمانی یەکانگیری تایبەت بە خۆیانەوە، جێگەی سەرسوڕمان نیە. ئەوان نایانەوێ وەک وڵاتانی ڕۆژئاوا بکەونە ژێر کاریگەری هەژمونی جیهانگەرایی و لەدەستدانی ناسنامەی نیشتیمانی و شوناسی نەتەوەییانەوە. هەژمونێک کە لە کۆچی بەکۆمەڵی موسوڵمانانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا دەستی پێکردووە و حاڵی حازر بۆتە بابەتی هەرە گەرمی ناوەندەکانی میدیایی و کارتی گوشاری بەردەست جوڵانەوە پۆپۆلیستی و ڕاستڕۆکانەوە و وەک هەڕەشە لەسەر ناسنامەی ئەورووپی بوون و لیبراڵیزم وێنا دەکرێ.ڕۆبێرت کلیپن لە کتێبی (جەنگ و گۆڕانکاری لە سیاسەتی جیهانیدا)، ڕاستەوخۆ ئاماژەی داوە بەو ڕاستیە، میژوو هەڵگری کۆمەڵێک حەقیقەت و ڕاستیی حاشا هەڵنەگرە. ئەو پێیوایە سەرلەبەری سیستەمە سیاسیەکانی جیهانی لە جەوهەردا لە دەرئەنجامی ململانێ و شەڕ و پێکدادانەکاندا لە دایک بوونە و ئامانج و فۆرم و ستراکتۆری ئەم سیستەمانەش دواجار پاراستنی قەوارە و بەهێز هێشتنەوەی ڕۆحیەتی خودی سیستەمەکە و بەرژەوەندی باڵای ئەو جەمسەرەیە سەرکردایەتی دەکات.ئەو سیستەمانە لەپاڵ هەوڵدانیان بۆ بە هێز مانەوەیان و خۆڕاگریان لەبەردەم ڕەشەبای گۆڕانکاری و ململانێکان، هەر جۆرە هێزێکی دەرەکی و نامۆ، بە هەڕەشە بۆ سەر بونیادی مانەوەی خۆیان و بەرژەوەندیەکانیان وێنا دەکەن و گشت هێز و توانای خۆشیان بۆ بەرپەرچدانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێزە دەرەکیانە دەخەنە کار.

دروشمە ماوە بەسەرچووەکان

ساتەوەختە ترسناک و پڕ لە هەڕەشەکان لە ئاستی سیاسەتی جیهانیدا لەو ساتەوە سەر هەڵدەدەن، کاتێک سەرکردایەتی سیستەمەکان بە ڕۆحیەت و خەیاڵ و دروشمەگەلی حەماسی جاران و ماوە بەرسەچووەوە هەوڵی نیدارەدانی هەڕەشە و مەترسی و قەیرانەکان دەدەن و توانای ڕووبەڕووی مەترسیە دەرەکی و ناوەخۆییەکانیان نیە و دواتر شکست دەخۆن و لە دۆخی مەنگی و چەقبەستوویی و قەتیس بوونداد دەمێننەوە.ئا لەم ساتەدایە کەشێکی پڕ لە مەترسی، هەڕەشە، پشێوی و ئاڵۆزی سیاسی و نەمانی متمانە، ناجێگر و پڕلە ڕیسک و موجازەفە لە ئەنجامی دەستپێشخەری و پلانی دیراسەنەکراو و بە پەلە و حەماسی و سەرپێی، سەر هەڵدەدات و وڵات دەکەوێتە دۆخێکی ناجۆر و کەشی چەقبەستووییدا. ئەم دۆخەش ڕێک ئەو کەشەیە هەنوکە زۆربەی وڵاتان و جەمسەرە پێک ناکۆکەکان لە ئاستی سیاسەتی جیهانیدا ڕووبەڕووی بوونەتەوە و ناتوانن لێی دەرباز بن و تەنیا هەوڵ ئەدەن ئیدارەی قەیرانەکان بکەن و جڵەوی دەسەڵات لەدەست نەدەن.

پاراستنی بەرژەوەندیەکان

لە سەردەمانێکی دووردا دەستەبژێری ڕۆژئاوا بڕوای پتەویان بەم تێزە هەبوو، سیاسەتی جیهانی گرێدراوی پاراستنی بەرژەوەندیەکان و هێز و دەسەڵاتەوە نیە، بەڵکو بریتیە لە پێوەر و بەهاکان. مەیلی گرتنەدەستی دەسەڵات، شوێنی خۆیدابوو بەو ئایدیالیزمەی دەستەبژێری ئەم ستراتیژیەی ئەمەریکان و بە چڕی چاودێری دۆخەکە دەکەن. بەڵام ئەم هەنگاوە کتوپڕی ئەمەریکا دوور بوو لە چاوەڕوانیەکانیان. چین کە پشت بە قورسایی ئابووری هەنارەکردن دەبەستێت، لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا کەوتۆتە ژێر مەترسیەوە و توانای بەردەوامیدان بەو ململانێیەی نیە، ئەگەر بێتوو زۆر بخایەنێ. بۆیەش لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی مامناوەندیدان و ئاگاداری زێدەخوازی و داواکاریە نامەنتیقیەکانی ترەمپن.

لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا ئەمریکیەکان هەوڵیان ئەدا لە چینەیەکان و سروشتی کار و ئیدارەکردن و ئابووریەکەیان تێبگەن، کەچی ئێستاکە دۆخەکە پێچەوانە بۆتەوە و چینیەکان ناچارن لە ئەنترۆپۆلۆجیای ئەمریکیەکان تێبگەن و دیراسەی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و مەبەستی ئەمریکیەکان بە گشتی و دۆنالد ترەمپ بە تایبەتی بکەن. چونکە وەک هەستی پێدەکرێ چینیەکان هێشتا بە باشی لە ڕۆژئاوا تێنەگەیشتوون و بەرپەرچ دانەوەی سیاسەتە ئابووریەکانی ئەمەریکایان بە سەپاندنی باجی زیاتر بەسەر شتومەک و هاوردەی ئەمریکیدا وەڵام دایەوە. لە کاتێکدا قەوارەی هاوردەکراوی وڵاتی چین لە ئەمەریکا، بەراورد بە هاوردەی چینی بۆ ئەمەریکا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە.

دەیە بەسەر هاتنە کایەوەی، هێشتا بە هێزی ماوەتەوە و هەڵگری هەمان ڕۆحیەت و پەیامی سەرکردایەتی کردنی جیهانە. ئەم سێ وڵاتە هەر کامەیان بە شێوازی خۆیەوە لە گۆڕەپانی مللانێکاندا ڕووبەڕووی سیاسەتەکانی ئەمەریکا بوونەتەوە و هەڵگری ڕۆحیەت و ستراتیژ و مێتۆدی دیاریکراو بە خۆیانەوەن بە ئاراستەی پاشەکشە پێکردنی ئەمەریکا لە گۆڕەپانی ململانێ سیاسی و ئابووریە جیهانیەکاندا. وێڕای ئەمەش هەر سێ وڵاتی ناوبراو ئێستاکە کەوتوونەتە حاڵەتێکی پڕلە دەردەسەری باجدانی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە.

پلانەکانی ئەمەریکا و گەشەی خێرای چین

وەک تێبینی دەکرا لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەشدا ئەمەریکا حاڵی حازر سەرقاڵی بەربەست دانان و ئاستەنگ دروست کردنە لەبەردەم گەشەی ئابووری چیندا و هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە. ئەمەریکا دەیەوێ پێشکەوتنە بەرفراوانەکانی چین بوەستێنێ و سنووردارێکیان بۆ دابنێ. جەنگی بازرگانیش ئەو پێوەر و مێتۆدە و ئامرازەیە ئەمەریکا لەم ململانێیەدا بە شێوەیەکی کاریگەر گرتوویەتەبەر و بە شێوەیەکی سیستەماتیک، بە بڕچوونی خۆی، وەک ئەرکێکی نیشتیمانی ئەنجامی دەدات. هەڵبەتە سەرکردەکانی چین ئاگاداری سیاسی و ڕوناکبیرانی ڕۆژئاوا و تێڕی لیبرالیستەکان نوێنەرایەتیان دەکرد. بەڵام ئەم شێوازە لە بیرکردنەوەیە لە ساڵی 2010دا گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەرداهات و فۆرم و ناواخنێکی دیکەی وەرگرت و لە جەوهەردا بوو بە شتێکی تر.لە ساڵی دووهەزار و دە بەم لاوە ئابووری وڵاتی چین گەشەیەکی سەرسوڕهێنەر و خێرای جۆری بەخۆیەوە بینی و توانی شان لە شانی ئابووری ئەمەریکا بدات. ئەم گەشە خێرایە بوو بە مایەی ترسێکی شاراوە و ئاشکرا لە ناوەندە سیاسیەکان و سەنتەرەکانی تێڕوانینەوە و دیراسە و لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژئاوا و بە مەترسی بۆ سەر گەورەیی و شکۆ و دەسەڵات و بەهاکانی ڕۆژئاوا وێنا کرا. بێگومان دروشمە بە ناوبانگەکەی ترەمپ بەوەی: دیسان شکۆ بە ئەمەریکا دەبەخشینەوە، بێ ئەملا و ئەولا لەم ترس و دڵەڕاوکێیە سەرچاوەی گرتووە. وڵاتانی چین، ئێران و ڕووسیا سێگۆشەی پێکهێنەر و سەرەکی تێزی جیۆسیاسی دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکان. ئەم سێ وڵاتە باش ئاگاداری ئەم ڕاستیەن، کە ئەمەریکا هێشتا چەقی سیاسەتی جیهانی و سەرکردەی بێ هاوتای ئەو سیستەمە جیهانییە، سەرەتاکەی بۆ دوا ساتەکانی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان دەگەڕێتەوە و تا ئێستاش بەردەوامە و سەرەڕای تێپەڕبوونی چەندین



ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1666:
ئاگرێکی گەورە لە شاری لەندەن کەوتەوە و سێ ڕۆژ بەردەوام بوو و زیاتر لە 10 هەزار خانووی وێران کرد.



سالی 1789:
وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریکا پێکهێنرا .



سالی 1938:
دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەی تورکیا ناوی لیوای ئەسکەندەرۆنەیان گۆڕی و کردیان بە ویلایەتی هاتای .



سالی 1945:
بە فەرمی کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهان ڕاگەیەنرا .



سالی 2007:
حکوومەتی لوبنان کۆتایی بە هەڵمەتێکی سەربازی هێنا لە خێوەتگای نەهرولبارد .




سالی 2018:
لە ڕێو دیجانیرۆ ئاگرێکی گەورە لە مۆزەخانەی بەرازیل کەوتەوە و زیاتر لە 20 ملیۆن پارچە ئاسەوار لەناوچوون .

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/9/2 ژمارە (5819)

ترەمپ و هێزی وێنەیەک لە تویتەر

غازی حەسەن

وێنە یەکێکە لە ئامرازە گرنگ و دیارەکانی نێو ڕاگەیاندنی نوێیە، وێنە لەتەک وشە و بڵاوکردنەوەی زانیاری بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کاریگەری لەسەر وەرگر و خوێنەر و بینەری میدیا دروستکردووە. ئەم قۆناغە بەسەردەم و دەسەڵاتی وێنە وەسف دەکرێت. بەکردەوەش وێنە لە (شاشە، سینەما، ڕۆژنامە، مالپەڕە ئەلەکترۆنییەکان و تۆڕی کۆمەڵایەتی و تۆێژینەوەی زانستی) ڕاستەوخۆ کردەی پەیوەندیکردن و دروستکردنی بڕیار و هەتا حوکم دانیش دروست دەکات. وێنە بۆتە ئامرازێکی یەکلاکەرەوە لەپێ سەلماندن و پشتڕاست کردنەوەی زانیارییەکان و کۆتایی هێنان بەگومان.





لەهەمان کاتدا کردەیەکی تایبەتی گەیاندن و کارتێکردنیش ڕادەپەڕێنێت. بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی ڕەش و سپی تەقینەوەی مانگە دەستکردەکەی ئێران لە شوێنی خۆی پێش ئەوەی بەرەو ئاسمان هەڵدرێت، لەتویتەری تایبەتی دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا و نووسینی بروسکە گوتارێکی کورتی "هەڵوێست و نیمچە گاڵتەپێکردن و وروژاندن دژی ئێران" بۆتە یەکێک لە هەواڵ و بابەتە گەرمەکانی نێو ئاژانس و میدیا دەمگەرم و بااڵدەست و وروژێنەرەکانی جیهان. لەم بابەتەدا باس لە سیاسەت ناکەم، بەڵکو ئاماژە بەکاریگەری "زمانی وێنە و هێزی وروژاندن و کاریگەرییەکانی خودی وێنە لەجیاتی دەیان وتار" دەکەم. وێنە هەر تەنیا زمانێکی تایبەتی نییە بۆ گەیاندنی زانیاری و کردەی پەیوەندیکردن بەوەرگرەکانییەوە، بەڵکو هێما و واتا و سیمۆلۆژیایەکی بەرجەستەی ئاماژەکردن و کردەی بەدیهێنانی کارتێکردن و وروژاندن و متمانە دروستکردنیشە لەبارەی ڕووداوێک و ئەو زانیاریانەی هێشتا گومان و گرمانە و لێکدانەوەی دژ بەیەکیان لەبارەوە دەکرێت، یان ئەو ڕووداوانەی هێشتا جێگەی گومانن و متمانەی تەواویان پێ نەکراوە و جێگەی مشتومڕن. وێنە لەم سەردەمەدا گونجاوترین ئامراز و کەرەستەی گەیاندنی مەبەستە، هەموو کەسێک تەنیا ئەوانەی نەخوێندەواریشن توانای تێگەیشتن و شیکردنەوەیان لەبارەی وێنەوە هەیە. سەرۆک ترەمپ لەتویتەری خۆیدا وێنەی شوێنی فەشەلهێنانی هەڵدانی مانگی دەستکردی ئێرانی بڵاوکردەوە، هەندێک دەڵێن هەواڵگری ئەمەریکا پێش فڕاندنی مانگە دەستکردەکە تێکوپێکی دا. ئەمەش بەواتای جەنگی نێوان ئەو دوو وڵاتە دێت. ترەمپ گوتیەتی "ئەمەریکا پەیوەندی بەم ڕووداوە کارەساتبارەی تەقینەوەی موشەکی سەفیر لەبنکەی ژمارە یەکی سەمنان لەئێرانەوە نییە، هیوادارم ئێران لەدۆزینەوەی هۆکاری ڕووداوەکە سەرکەوێت". ترەمپ بەڕۆژنامەنووسانی کۆشکی سپی ڕاگەیاندووە، هۆکاری بڵاوکردنەوەی وێنەکە، تەنیا بۆ ئەوە بووە، ڕوونی بکەینەوە ئێمە پەیوەندیمان بەڕووداوەکەی ئێران نییە. دەسەڵاتی تەواویشم لەچۆنیەتی بڵاوکردنەوەی وێنەکە هەیە. بەرپرسێکی ئێرانی گوتیەتی موشەکەکە ڕۆژی پێنجشەممە لەسەکۆی هەڵدانەوە تەقیوەتەوە، ئەمەریکاش ئەمەی پشتڕاست کردۆتەوە. کەچی جەواد ئازەری جەهرومی وەزیری پەیوەندی و گەیاندنی ئێران ڕەتی کردۆتەوە شتی وەها قەومابێت. شرۆڤەکاری وێنەی مانگی دەستکرد لە (سی ئای ئای) باتریک ئەدینگتۆن گوتوویەتی ئەو وێنەیەی ترەمپ بڵاوی کردۆتەوە لەوێنەیەکی بەنهێنی گیراوی مانگی دەستکردی هەواڵگری ئەمەریکا دەچێت. ترەمپ بەشێوەیەکی سادە وێنەکەی لەتویتەر بڵاوکردۆتەوە، کە لەسەرچاوەیەکی نهێنی وەرگیراوە، وێنەکە بەتوانایەکی زۆر ورد لەکاتی چاودێریی گیراوە، بێگومان ئەمە دەبێتە هەواڵێکی دڵخۆشکەر بۆ ڕکابەرەکامان!. ترەمپ دەسەڵاتی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە نهێنییەکانی فیدراڵی هەیە، هەرچەندە تویتەر ئامرازێکی شەرعی نییە، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. پسپۆری بواری وێنەگرتن لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە ئەلیستۆن بوتشیونی گوتوویەتی بڵاوکردنەوەی وێنەکە پێچەوانەی سیاسەتی تایبەتی ئەمەریکایە لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاشکراکردنی ئەو زانیاریانە. سەیر بکەن بڵاوکردنەوەی وێنەیەک بەدوای خۆیدا هێناوە. بڵاوکردنەوەی تەنیا وێنەیەک لەگەڵ بروسکە گوتارێکی کورتی سەرۆک ترەمپ، جیاوازی شیکردنەوە و هەواڵ و زانیاری بەدوای خۆیدا هێناوە، قسە لەسەر وێنەکە و دەسەڵاتی سەرۆک و شێوازی بڵاوکردنەوە و ڕاستی و هەقیقەتی خودی وێنەکەیە بۆتە باسی میدیاکان. بەرپرسێکی بەرگری ئەمەریکی بەتۆڕی (سێ ئێن بی سی) ڕاگەیاندووە: وێنەکە شتێکی هەقیقییە لەلایەن مانگی دەستکردەوە گیراوە، ڕۆژی هەینی 30 ئابی 2019 لەنێو ڕاپۆرتی هەواڵگریدا جێی بۆ کراوەتەوە. بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان ئەو وێنەیەی ترەمپ بڵاوی کردۆتەوە لە کۆبوونەوەیەکی کۆشکی سپی پیشان دراوە. ئەمە کاریگەری وێنەیە، بیری لێ بکەینەوە کاریگەری وێنەیەکی نهێنی و وێنەیەکی ڕۆژنامەوانی چەندە کاریگەرییان لەسەر دەسەڵاتی ڕاگەیاندن و خودی دەسەڵاتدارانەوە هەیە. ترەمپ بااڵدەستترین سەرۆکی دونیا بە وێنەیەک پرسێکی گرنگ دەخاتە بەردەم ڕای گشتی و هەست و هۆشی بەکارهێنەرانی وێنەکە دەجوواڵێنێت بەئاراستەی بیرکردنەوە لە کردەی گوتاری ڕاپەڕاندنی "فەرمان و حوکم و هۆشداری و گەیاندنی زانیاری و بانگەشە و کاردانەوە و پاڵپشتی و ڕەتکردنەوە و پاساو هێنانەوە و هێزی بەدیهێنانی مەبەست و خواستەکان.. تاد" لە چۆنیەتی بەکارهێنانی خودی وێنەکە و شێوازی بڵاوکردنەوە و مەبەستەکانی بڕیاردان لەچارەنووسی وێنەکەش. ئەمە کاریگەری و بایەخی وێنە و هێزەکەی پیشان دەدات.

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
بە مەبەستی گەڕان بەدوای غازدا ،تورکیا چوارەم کەشتی خۆی ڕەوانەی کەناراوەکانی قوبرس کرد .



ڕۆیتەرز:
لە هەردووک شاری میدلاند و ئۆدیسای ڕۆژئاوای ویلایەتی تکساسی ئەمەریکا کەسێک تەقەی لە خەڵک کرد و کەسێکی کوشت و 12 کەسی دیکەشی بریندار کرد، دواتر لەلایەن پۆلیس کوژرا .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
چەکدارانی بزووتنەوەی تاڵیبان لەچەند لایەکەوە هێرشیان کردە سەر شاری قندوزی ئەفغانستان و تا ئێستا دەیان کەس گیانیان لەدەست داوە .



ئەی ئێف پی:
وەک دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە سڕکردنی کاری پەرلەمانی وڵات لەلایەن جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانەوە، لە چەند شارێکی بەریتانیا هەزاران کەس هەڵڕژانە سەر شەقام.




ئەی ئێف پی:
وەک دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە سڕکردنی کاری پەرلەمانی وڵات لەلایەن جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانەوە، لە چەند شارێکی بەریتانیا هەزاران کەس هەڵڕژانە سەر شەقام.



کەنالی ئار تی:
سەرۆکی پاکستان هۆشداری دا لە ئەگەری بەرپابوونی جەنگێکی ئەتۆمی لە نێوان وڵاتەکەی و هیند.

هەسارەیەکی شێوە فوتبۆڵ لە دەرەوەی سیستەمی خۆردا دۆزرایەوە




ئەگەرچی شکڵ و شێوازی لە تۆپێکی فۆتبۆڵی سەر زەوی دەچێت، بەڵام پسپۆڕانی سەرپەرشتیاری (تلسکۆپی ئاسمانیی هابڵ) هەرسێ وشەی (یەگجار زۆر قورس) یشیان خستۆتە سەر! ئەمە کورتەی هەواڵی دۆزینەوەی یەکێکە لە قورسترین هەسارە کە تاوەکو ئێستا لە دەرەوەی سیستەمی خۆردا دۆزراوەتەوە، چونکە زۆر دەوڵەمەندە بە توخمە هەرە قورسەکانی نێو جیهانی کیمیادا.

ئەو هەسارەیە ناونراوە WASP-121B و بە دەوری ئەستێرەیەکدا دەخولێتەوە بەناوی WASP-121A و هەردووکیان بە مەودای نزیکەی 900 سالّی رووناکی لێمانە دوورن.

فەلەکناسانی (تلسکۆپی ئاسمانیی هابڵ) دەڵێن ئەو ئەستێرەیە لە رۆژی خۆمان زۆر گەشتر رووناکترەو تاقە هەسارەکەشی تا ئاستێکی مەترسیداریش لێی نزیکە – بە بەراورد نێوەندی ماوەی نێوان زەوی و خۆر دەگاتە 129 ملیۆن کم – هەر بۆیە پسپۆڕانی فەلەکناسی پێشبینی دەکەن پلەی گەرمی چینەکانی بەرگە هەوای لە سنووری 2537 پلەی سیلیزی بێت! ئەم پلە گەرمییە یەگجار زۆر بەرزە وادەکات ئاسن و مەگنیسیۆم بە هەڵمدابچن و بۆ بۆشایی ئاسمانی دەرەکیی ئەو هەسارەیەدا دزە بکەن، جگە لەو گەرمداهاتنە، هێزی کێشکردنی بەهێزی ئەستێرەکە بۆتە هۆی ئەوەی کەوا شکڵی هەسارەکە وەک تۆپی فوتبۆڵی لێبێت لەم بارەویەوە (دێڤید سینگ) ی لێکۆڵەری سەرەکیی لە زانکۆی (جۆن هۆپکنز) لە (باڵتیمۆر) دەڵێ: " بۆچی لەنێوان هەسارە دەرەکییەکاندا ئەمەمان خستۆتە ژێر لێکۆڵینەوەی ورد؟ ... چونکە بە هەمور مانایەک هەسارەیەکی نامۆیە، هێندە لە ئەستێرەکەی نزیکبۆتەوە تا وایلێهاتووە پلەی گەرمیی بگاتە سەرووی 2000 پلەی سیلیزی و هێندەشی نەماوە لە ژێر گوشاری ئەستێرەکەیدا لەت لەت بێت.

بوومەلەرزەی (مەریخ) یش تۆمارکرا



گومانی تێدا نییە کەوا بوومەلەرزەی تشرینی دووەمی 2017 یەکێک بوو لە بەهێزترین بوومەلەرزە کە لە میژووی هەرێمی کوردستاندا تۆمار دەکرێ و هاوڵاتیانیش بە گشتی هەستیان پێکرد، بەڵام ئایا دەزانی کەوا زەوی تاقە هەسارە نییە کە بوومەلەرزەی تیادا روو دەدات، بەڵکو لە مانگیشدا رووەدەدن!

50 ساڵ پێش ئێستاو لە میانەی گەشتی (ئەپۆڵۆ11) دا، کەشتیوانان (نیل ئارمسترۆنگ) و (ئیدوین ئالدرن) ئامێری (تۆمارکاری بوومەلەرزەیی --SEIS MOMETER) یان لەسەر رووی خاکی مانگدا چەسپاندو لە پاشان دەرکەوت مانگیش چالاکی بوومەلەرزەیی تایبەت بەخۆی هەیە.

بەڵام ئەمجارەیان هەسارەی سەرنجڕاکێشی (مەریخ) یش هاتە نێو لیستی ئەو تەنە ئاسمانیانەی کە بوومەلەرزەیان لێ رووەدات و بە کردەیی – واتە لە ڕێگەی ئامێری تایبەتەوە – تۆمار دەکرێت.

تیمی پسپۆڕانی کەشتی (InSight) کە لە 26ی تشرینی دووەمی 2018لەسەر رووی مەریخ دا نیشتۆتەوە رایانگەیاند کەوا زانیاری سەرنجڕاکێشیان دەستکەوتووە لەسەر بوونی چالاکیی بوومەلەرزەیی لەو هەسارەیەدا.

ئامێری پێوانەکاریی بوومەلەرزەیی کەشتی (InSight) کە لەلایەن (پەیمانگەی نیشتیمانی فەرەنسی بۆ لێکۆڵینەوە بۆشاییگەریەکان ژCNES) لە 2019.4.6یەکەم لەرە لەری بوومەلەرزەیی لە هەسارەی مەریخدا تۆمارکردو ئیدی ناسرا بە (مەریخ لەرزە -MARSQUAKE).

بۆ هەستکردنی کردەیی بە (مەریخ لەرزەکان)، پسپۆڕانی (سەنتەری زانیاری و خزمەتگوزارییە بوومەلەرزەییەکان ژMQS) لە (زیوریخ – سویسرا) هەڵسان بە دروستکردنی تاقیگەیەکی بچووک کە دەتوانێ لەگەڵ رێک لەگەڵ شەپۆلە تۆمارکراوەکاندا بجوڵێتەوە، بەڵام لەبەر کەمیی توانای شەپۆلەکانی بوومەلەرزەیی لە مەریخدا، پسپۆڕان هەڵسان بە گەورەکردنی ئەو شەپۆلانە بە ئاستی 10ملیۆن جار تا هەست بەهەموو لەرزینەکان بکرێت لەنێو تاقیگەکەو دەرئنجامەکەش پسپۆڕانی نێو تاقیگە لەرزیوەکە سەرسام کرد!


مانگی دەستکردی MRO لە ئاسمانەوە وێنەی گەڕۆکی (Curiosity) لەسەر ڕووی مەریخدا دەگرێت

ڕۆژ دوای ڕۆژ تێکنۆلۆژیاکانی وێنەگرتن هەنگاوی گەورەی پێشکەوتن دەهاوێژن و ئەو پێشکەوتنەش بێگومان لەسەر چەندین بواردا ڕەنگ دەداتەوە، یەکێ لەوانەش وێنەگرتنی ئاسمانییە لە ڕێگەی مانگە دەستکردو کەشتییە ئاسمانییەکانەوە، جا چ لە ئاسمانی هەسارەکەمان یان لە ئاسمانی هەسارەو پاشکۆیەکانی دیکەی نێو سیستەمی خۆردا بێت.

لەم بارەیەوە، پسپۆڕانی سەر بە مانگی دەستکردی هەرە پێشکەوتوو و ناوداری (مارس ریکۆنسیانس ئۆربیتەر) لە 2019.5.31فەرمانیاندا بە گرتنی چەند دیمەنێکی بۆ گەڕۆکی (کریۆسیتی) لە ڕێگەی کامێرای هەرە پێشکەوتووی (HiRISE).

ئەو ناوچەیەی کە گەڕۆکی (کریۆسیتی) لێبوو لە کاتی وێنەگرتنەکەدا ناسراوە بە (کەندەاوی وودلاند -Woodland Bay) لە قەراغ شاخی مەزنی (شارپ) کە بەرزاییەکەی دەگاتە 5کیلۆمەتر.

لە گرتەکەدا گەڕۆکی (کریۆسیتی) وەک تەنێکی شێوە لاکێشەیی بچووک بە ڕەنگی شین دەرکەوتووە لەنێو پانتاییەکی لمیی ڕەنگ تاریکدا.



پێشبینی دەکرێت ڕەنگی ئاسمانی (پلوتۆ) وەکو زەوی بێت



کێ باوەڕی دەکرد، ئاسمانێکی شین لە دووریی 7ملیار کیلۆمەتر لە خۆرو لە نزیک (پڕبێنی هەسارۆکەیی کایپەر) دا ببینین؟!، بەڕاستی شتێکی یەگجار زۆر نامۆ دڵڕفێنە!"، ئەمە گوتەی (ئالان ستیرن) ی پسپۆڕی یەکەمی کەشتی ئاسمانی (نیو هۆرایزنس) ە لە (پەیمانگەی لێکۆڵینەوەیی Southwest) لە (بۆوڵدەر ژ کۆلۆرادۆ).


لە ڕووی پێکهاتەییەوە، ڕەنگی تەنۆچکەکانی نێو بەرگەهەوای پلوتۆ قاوەیی و سوورن، بەڵام ڕەنگدانەوەیان بۆ ڕەنگی شین بۆتە مایەی سەرسوڕمانی پسپۆڕانی ناسا، ئەمەش وایکردووە بەشێکی زۆر لەو پسپۆڕانە ئامادە بەوە بدەت کەوا بوونی ئەو ڕەنگە شینە شکاوەیە لەنێو بەرگە هەوای تەماویی پلوتۆدا هێمایەکی ڕوونە بۆ قەبارەو پێکهاتەی ئەو تەنۆچکانەی کە بەرگەهەوای تەماویی ئەو هەسارۆکەیە پێکدێنن.

سەبارەت بە زەوی، ئەوا قەبارەی ئەو تەنۆچکانە زۆر بچووکن و لە نایترۆجین پێکهاتوون و ئەوانەن کە وادەکەن تەواوی ڕەنگەکانی نێو شەبەنگی تیشکی خۆر پەرش و بڵاوەی پێبکەن و تەنها ڕەنگی شینی تێدا بهێڵنەوە بیشکێننەوە، بەڵام پسپۆڕان شکیان نییە لەوەی کە دۆزینەوەکانی پێشووتری کەشتی ئاسمانی (نیو هۆرایزنس) سەلماندبووی قەبارەی تەنۆچکەکانی نێو بەرگەهەوای تەماویی پلوتۆ گەورەترە بەبەراورد لەگەڵ زەوی، کەچی ئێستا واپێدەچێت هێنندەش گەورە نەبن، بۆیە تەنۆچکەکانی نێو بەرگەهەوای پلوتۆ بە هەمان پرۆسەی تەنۆچکە یەگجار بچووکەکانی نێو بەرگە هەوای زەوی لەخۆدەستن.

لەلایەکی دیکەوە، زانایان لەو باوەڕەن کەوا تەنۆچکەکانی (Tholin) یش هەن لە چینە هەرە بەرزەکانی بەرگەوای پلوتۆدا، ئەو ناوچەیەش زۆر کاریگەرە بە تیشکەکانی سەرووی وەنەوشەیی دەرچوو لە خۆرەوە، ئا لەوێشدا، تەنۆچکەکانی نایترۆجین و میسان لەت دەبن و ئایۆنی دەبن و لەگەڵ یەکتریدا کارلێک دەکەن و لە کۆتاییدا تەنۆچکەی ئایۆنیی بارگاویی نێگەتیڤی زۆر ئالۆزتر دروست دەکەن.

هەمان ئەوجۆرە کارلێکە ئالۆزە لە چینە هەرە بەرزەکانی بەرگە هەوای (تایتان) ی گەورە پاشکۆی هەسارەی (زوحەل) یشدا بینراوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجڕاکێشە لەو گەرمداهاتنە، هێزی کێشکردنی بەهێزی ئەستێرەکە بۆتە هۆی ئەوەی کەوا شکڵی هەسارەکە وەک تۆپی فوتبۆڵی لێبێت لەم بارەویەوە (دێڤید سینگ) ی لێکۆڵەری سەرەکیی لە زانکۆی (جۆن هۆپکنز) لە (باڵتیمۆر) دەڵێ: " بۆچی لەنێوان هەسارە دەرەکییەکاندا ئەمەمان خستۆتە ژێر لێکۆڵینەوەی ورد؟ ... چونکە بە هەمور مانایەک هەسارەیەکی نامۆیە، هێندە لە ئەستێرەکەی نزیکبۆتەوە تا وایلێهاتووە پلەی گەرمیی بگاتە سەرووی 2000 پلەی سیلیزی و هێندەشی نەماوە لە ژێر گوشاری ئەستێرەکەیدا لەت لەت بێت.

ناسا دەیەوێ لە یۆڕۆپای پاشکۆی هەسارەی JUPITER زۆر نزیک بکەوێتەوە



لەنێو سیستەمی خۆردا، هەسارەی (موشتەری - Jupiter) گەورەترینیانە، بەجۆرێک کە 1300 جار لە زەوی گەورەترەو خاوەنی 79 پاشکۆیە کە بە دەوریدا دەخولێنەوە!، لەنێو ئەو پاشکۆیانەدا (یۆرۆپا) یەگجار زۆر ناوداراە کە لە مانگی خۆمان بچووکترەو ماوەیەکی زۆر دوورو دریژە لە ژێر لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی زانایانەو یەکێکە لەو جیهانە دەرەکیانەی کە بە تەواوی بە ئۆقیانووسی گەورەی ئاو داپۆشراوەو لەسەرووی ئەو ئۆقیانووسەشدا، تۆپکلێکی سەهۆڵیی مەزنی هەیە کە ئەستوورایەکەی دەگاتە دەیان کیلۆمەتر.

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (گاردیان) ی بەریتانی، پسپۆڕان هیچ بە دەووری نازانن کەوا لەنێو ئەو زەریا ئاوییانەی ڕووی (یۆرۆپا) ی پاشکۆی (موشتەری) دا ئاوێتەی کیمیایی ئالۆز هەبێت کە پاڵپشتی لە ژیانی بەکتریایی یان زیندەوەریی بچووکدا بکات، چونکە ئە وپاشکۆیە سێ مەرجی زۆر گرنگی هەیە کە پاڵپشتی لە بوون و بەردەوامیی ژیان کە بریتین لە (ئاو و پێکهاتەی کیمیایی پێویست و وزە گەرمی بەرهەمهاتوو لە دەرئنجامی کارتێکردنی هێزی کێشکردنی هەسارەی موشتەری لەسەریدا).

لەم سۆنگەیەوە، ئاژانسی (ناسا) بڕیاریداوە کەوا بە دیزاینکردن و دروستکردنی کەشتییەکی ئاسمانیی زۆر پێشکەوتوو بە ناوی (Europa Ky-pler) لە ساڵی 2023و پابەندبوون بە وادەی هەڵدانی بەرەو ئەو جیهانە سەرنجڕاکێشە لە ساڵی .2025

(تۆماس زوربوشن) ی بەڕێوەبەری نێردراوە زانستییەکان لە (ئاژانسی ناسا) لە (واشنتن) گوتی: "هەموومان شادومان بووین بە بڕیاری کۆتایی بونیاتنانی کەشتی ئاسمانی (Eu-ropa Kypler) لە پێناو لادانی پەردە لەسەر ئۆقیانووسە شاردراوەکانی (یۆرۆپا) کە پێشتر درکمان بە بوونیان کردبوو لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانی هەردوو کەشتی ئاسمانی پێشووتری (گالیلیۆ و کاسینی)، چونکە تێگەیشتنمان لە ئەسڵ و چۆنیەتی دروستبوونی ئۆقیانووسەکانی (یۆرۆپا) یارمەتییەکی زۆرمان دەدات لە حاڵیبوونمان لە پرۆسێسەکانی دروستبوونی خودی هەسارەکەمان و بوونی ژیان لە دەرەوەیدا.

هەولێر سێیەمین خولی شەهیدی فەرماندە خالد ئازگەیی بەڕێوە دەچێت

خەبات–هەولێر:
لە درێژەی چالاکییەکانی ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوانی 2ی هەولێری سەر بە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، خولی شەهیدی فەرماندە خالد ئازگەیی بەڕێوە دەچێت.
ئەم خولە بە بەشداری 96 تیپی سنووری شاری هەولێر کراوەتەوەو رکابەری لەسەر بەدەستهێنانی جامی خولەکە دەدەن و یاریییەکانیش لەیاریگای چیمەنی دەستکردنی شۆرش بەڕێوەدەچێت، کە بڕیارە لە کۆتایی خولەکەش جام و دیاری بەسەر براوەکاندا دابەش بکرێت.
جێی باسە، لە سالیادی شەهیدبوونی فەرماندە خالد ئازگەیی ناوەندی دووی لاوانی هەولێر بۆ سالی سێیەمە خولێکی تۆپی پێ بۆ تیپییە میللییەکانی شاری هەولێر ئەنجام دەدات.
ئەنجامی بەشێک لە یاریییەکان بەم شێوەیە بوو:
راستی – بەختیاری 2-3
سۆلاف – باوان 4-4
داناس – گەشتیار 1-3
جیهانبەخش – بیلایەن 2-4
ئەستێرەکان – گەنجان 0-2







گرینگی وەرزش لە کۆلیژەکاندا



ژیلا تەیفور

فێرخوازان رۆژانە کاتێکی زۆر لە کۆلیژ و ناوەندە بالاکانی خوێندن بەسەر دەبەن، زۆری ماوەی وانە و کاتی پشوگرانی وانەکان هۆکارێکە بۆ بێزاربونی فێرخوازان لە کولیژ، زۆرجار ئەو گلەییە زۆرە لە قوتابیان بونی هەیە کەوا کافتریاکانیان لەبری وانە هەڵدەبژێرن وە فێرخواز هەیە کاتی ڕێستی بەبەر باران و گەرما بەسەر دەبات بەهۆکاری نەبونی شوێنێک بۆ پشودان چێژ وەرگرتن .
بونی یاریگاریگا و هۆڵ کۆلیژ و ناوەندە بالاکانی خوێندن دابین کردنی پێداویستیەکانی وەرزش و یاریییە وەرزشیە هەمۆجۆرەکان، ڕێگایەکی سەرەکی و گرنگە بۆ دورخستنەوەی قوتابیان لە بێزاری و ماندوو بوون ئارامی دەرونیان پێدەبەخشێت.
سالانە چەند فێرخوازێکی چالاک و لێهاتوەکان لەلایەن نوێنەرە هەڵبژێردێت بەمەبەستی بەشداری کردن لە خول و فیستڤالی کولیژەکان . بەمەش وەرزش سەرەڕای چێژ و خۆشی یەکتر ناسین و لێک نزیک بونەوە لەنێوان کولیژ و ناوەندە بالاکانی خوێندن لەشارەکاندا دروست دەبێت ، نەک لە خولێکی بچوکی دیاری کراو (تۆپی پێ ی کوڕان)
کە ئەمە لە ولاتانی پێشکەوتو سالانە بۆ هەموو جۆکانی یاریییە وەرزشییەکان پاڵەوانیەتی زانکۆکان دەکرێتەوە و گرینگی و بایەخی زۆری پێدەدرێ بە سپۆنسەر دەکرێت لەلایەن کۆمپانیاو دەزگا میدیاییەکان .
لەکوردستاندا بە هۆکاری ئەوەی بنەمایەکی پەروەردەیی سەرەتایی وەرزشی بەهێز بوونی نییە ، هەر لە سەرەتاوە هەر لە قۆناغی قوتابخانەی بنەڕەتییەکان وانەی پەروەردەی وەرزش پشت گوێ خراوە هەر بۆیە لە کۆلیژەکان و ناوەندە بالاکانی خوێندن گرینگی پێ نادرێت بوونی نییە.
یاریگا تەنیا لەو کۆلیژ و پەیمانگایانە هەیە کە ڕووبەریان فراوانە یاریگایەکی بچووک ئەویش تەنها لەکاتی خولی سالانەی پەیمانگاو کۆلیژەکان چەند ڕۆژێک فێرخوازە بەشدار بووەکانی خولەکە سودی لێ وەردەگرن و مەشقی تێدا دەکەن ، ڕۆژانی ئاسایی گەر تۆپێک لە کۆلیژ بێت هەموو پێیان سەیرەو گاڵتەیان پێ دێت لە کاتێک زۆربەیان حەز بە یاریکردن بە تۆپەکە، بەڵام نەبوونی شوێنی گونجاو بونی سیستەمێک کەوا بردنی تۆپێک بۆ کۆلیژ بە گونجاو دانانێت، بردنی هەریەکە لە (شەترەنج ، دامە و دۆمینە) بۆ کۆلیژ کە یاریییەکی فکرین و مێشک تێدا بەکاردێن، بە عەیبە هەژمار دەکرێت دەڵێن تۆ بۆ خوێندن هاتووی نەک بۆ دیوەخانی باپیرت.
گرنگیدان بە وەرزش و هۆشیاری وەرزشی لەتەواوی کۆلیژ و ناوەندە بالاکانی خوێندن گرینگدانە بە دابینکردنی ئارامی، نەهێشتنی ڕوحی تووڕەیی ، نزیک کردنەوەی کۆلیژ و ناوەندەکان ، چێژ وەرگرتن و خۆشی لەبیر کردنی ماندبوون.

لە پەراوێزی تیروپشکی یانەکانی ئەوروپا پێنج ئەستێرە ڕووبەڕووی یانەکانی پێشوویان دەبنەوە

هاوار مورتکەیی
لە پەراویزی ئەو تیروپشکەی بۆ گرووپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ئەنجامدرا، پێنج ئەستێرە ڕووبەڕووی یانەکەی پێشوویان دەبنەوە.
لە گرووپی شەشەم کە بە گرووپی مەرگ نادەبرێت، بریتییە لە یانەکانی بەرشلۆنە و ئینتەر میلان و بروسیا دۆرتمۆند و سلاڤیا پراگ، لەم گرووپەدا سێ یاریزان ڕووبەڕووی یانەکەی پێشوویان دەبنەوە، ئەلیکسیس سانچیز کە بەر لەچەند ڕۆژێک چووە یانەی نیراتزۆری، بەرامبەر بەرشلۆنە یاری دەکات کە پێشتر لە 2011تا 2014لە کەتەلۆنیا یاری دەکرد.
عوسمان دیمبلی کە لەوەرزی 2017چووە بەرشلۆنە، لە وەرزی 2017-2016بۆ یانەی بروسیا دۆرتمۆند یاری کردووە، باکۆ ئەلکاسێر هێرشبەری دۆرتمۆند کە لە سالی 2018لە بەرشلۆنەهوە چووە ئەو یانەیە.
لە گرووپی یەکەم کە بریتیە لە یانەکانی ریال مەدرید و پاریس سان جێرمان و کلوپ بروج و گەلاتە سەرای، لەم گرووپەدا ئەنحل دی ماریا یاریزانی پاریس سان جێرمان بەرامبەر ریال یاری دەکات کە پێشتر لەوەرزی نێوان 2010 تا 2014بۆ مێرێنگی یاری کردووە.
لە گروپی پینجەمیش کە بریتیە لە یانەکانی لیڤەرپوول ناپۆلی و جینیک و سالزبۆرگ، لەم گرووپەدا سادیۆ مانی گۆڵکاری یانەی لیڤەرپوول ڕووبەڕووی یانەکەی پێشووی سالزبۆرگ دەبێتەوە کە لە وەرزی نێوان 2012ڕ 2016 یاری بۆ ئەو یانە نەمساییە کردووە.










مۆلەر: هاتنی کۆتینهۆ کاریگەری بەسەر منەوە نییە



تۆماس مۆلەر، هێرشبەری یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی، متمانەی بەوە هەیە، دەتوانێت شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی تیپەکەی بپارێزێت، هەرچەندە هەڕەشەی لەدەستدانی شوێنەکەشی، دوای هاتنی فیلیپ کۆتینهۆ لەسەرە. پێشبینی دەکرێت، مۆلەر بە هاتنی کۆتینهۆ، بە خواستراوی لە یانەی بەرشلۆنەوە کاریگەر ببێت، دوای ئەوەی ڕاهێنەر، نیکۆ کۆڤاچ دووپاتی کردەوە، بەنیازە وەکو دروستکەری یاری لە پشت هێرشبەرەوە، پشت بە کۆتینهۆ ببەستێت، ئەوەش هەمان شوێنی مۆلەرە. لە میانی لێدوانی بۆ ڕۆژنامەی (سپۆرت بیلد)ی ئەڵمانی، مۆلەر وتی:"یاریزانێکیمان هێناوە ناوبانگێکی جیهانی هەیە، خاوەن توانای هونەری نایابە، هاتنی بۆ بایرن شتێکی باشە، دوای ماوەیەک لە مقۆمقۆ، لەبارەی سیاسەتی گواستنەوەی یاریزانان لە یانەکەدا".لەوەرامی پرسیاری ئەوەی ئایا هاتنی کۆتینهۆ، کاریگەری بۆ سەر شوێنەکەی ئەو دەبێت، مۆلەر وتی:"لە داهاتوودا ئەوە دەبینین، بەڵام وا بزانم گرنگی من بۆ هەمووان لێرە ئاشکرایە، بۆیە لەسەر ئەرکی خۆم بەردەوام دەبم". شیاوی باسکردنە، تۆماس مۆلەر، کۆڵەگەیەکی سەرەکییە لە پێکهاتەی بایرن میونخدا، یەکێ لە یاریزانە دەگمەنەکانیشە، کە پێشتر لە تازەپێگەیشتووانی یانەکە یاری کردووە و تاکو ئێستا لە تیپی یەکەمدا ماوە، بێجگە لەوەی کاپتنی دووەمی یانەکە و خاوەن ئەزمونێکی زۆریشە.

ڕەمزی میرەکانی

ڕامۆس: دەمەوێ ببمە ڕاهێنەر



سێرجیۆ ڕامۆس، کاپتنی یانەی ریال مەدرید، ئاراستەی خۆی دوای تەواوبوونی کاروانی وەرزشی لە سالانی داهاتوو ئاشکرا کرد، بەوەی دەیەوێت ببێتە ڕاهێنەر. ڕامۆس، لە میانی ئەو بەڵگە فیلمەی لەسەر ژیانی تۆمارکراوە بە ناونیشانی (دڵی ڕامۆس) وتی:"هێشتا خۆم بە کاپتنی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئیسپانیا دەبینم، هەوڵ دەدەم نازناوەکان بەدەست بێنم، بەدووری نازانم لە ئایندەدا ببمە ڕاهێنەر". ڕامۆس لە بارەی باشترین ئەو ڕاهێنەرانەی کاری لەگەڵ کردوون وتی:"لە هەمووپانەوە فێر بووم، بەڵام ئەگەر تەنیا یەک ناو هەڵبژێرم دەڵێم،خواکین کاپارۆس، چونکە یەکەم کەس بوو، یەکەم دەرفەتی یاریکردنی لە خولی پلە یەک لەگەڵ سیڤیا پێ بەخشیم". هەروەها وتی:"دوای ئەو، لویس ئەراگۆنیسە، کە یەکەم دەرفەتی یاریکردنی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا پێ بەخشیم، ئەوکات تەمەنم 18ساڵان بوو". وتیشی:"منەتباری کارلۆ ئەنچیلۆتی و زەینەدین زیدانم، کە وایان لێکردم قۆناغێکی ناياب بژیم، بە بەدەستهێنانی نازناوەکانی خولی ئیسپانیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا". لە کۆتاییشدا وتی:"ئومێدەوارم ئەو ساڵانە لەگەڵ زیدان دریژە بکێشن و، لەگەڵ ئەو کۆتایی بە کاروانی وەرزشیم لە ریزەکانی ریال مەدرید بهێنم".

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 2. Sep. 2019 No: (5819)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

لەنێوان ئەم هەموو (ئەگەر)ەدا، مرۆڤم دەوێت خۆی رابگرێت، هەر بۆ نموونە:
- گۆشت ئەگەر زۆر ببرژێت، لەدەرەنجامدا دەبێتە هۆکاری شێرپەنجە، ئەگەر کەمیش ببرژێت گەدە تووشی هەوکردن دەکات.
- جەرجیر، ئەگەر لەگەڵ خواردندا بخورێت، ژەهری ناو لەش لەناو دەبات، ئەگەر بە کوڵاوی بێت بۆ سورێنچک خراپە.
- باوی، ئەگەر شەش حەوت دنکی لێ بخوێت، چەورایی ناو خوێن کەم دەکاتەوە، ئەگەر لەوە زیاتر بێت، ئازار بە گورچیلە دەگەیەنێت.
- تور، بۆ کرداری هەرسی زۆر باشە، ئەگەری ئەوەش هەیە زیان بەکۆلۆن بگەیەنێت.
- ئەگەر ماسی ناو زێ بخوێت، بۆ لەش زۆر بەسوودە، ئەگەر هی ناو حەوز بێت زیان بە پالاوتنی خوێن دەگەیەنێت.
- نانی جۆ، بەهۆی بوونی ریشاڵەکان، نابێتە خۆی قەڵەوی، ئەگەر زیاد ببرژێت بۆ پەنکریاس خراپە.
- ئەگەر هێلکە و ڕۆن بخوێت، دەبل چەوری بەکاردێنیت، ئەگەر بە کولاویش بیخوێت ئەگەری تووش بوون بە حەساسیەت هەیە.

ئیتر هەر(خواردن)و(خواردنەوە) یەکی کە هەیە، قازانج و زیانی هەیە، بۆ خۆم ئەگەر هیچ لەوانە نەخۆم تەقەی سەرم دێت، بەڵام مەحاڵە بتوانم بێ تەماتە بژیم، کەچی ئەو مالّ کاولەش زیانی بۆ گورچیلە هەیە. جاوەرە تێکە و فرکە.

شەهێن جەمال: هونەرمەند بەکارە هونەرییەکانی ناتوانێت خۆی بژێنێت

خەبات: سۆزان سلێمان

شەهێن جەمال خانمەئەکتەری کورد لە چاپێکەوتنێکدا لەگەڵ خەبات، دەڵێت: لە ساڵی"١٩٨٥ "لە شاری سلێمانی لە دایکبووم سە ڕەتای دەسپێکی کاری هونەریم بۆ ساڵی"٢٠٠٤" دەگەڕێتەوە لەو ساڵەدا دەستم بە کاری هونەری کرد، کاری هونەری حەزێکی تایبەتی خۆم بووە، زۆر حەزم بە کاری نواندن کردووە هەربۆیە دەستم بەو کارە کردووە،تا ئێستاش بەردەوامم، یەکەم هەنگاویشم بۆ بەژداری کردن لە دراماکاندا لە ڕیگەی هاوسەرەکەمەوە بوو، هەروەها بەژداریم لە ".

شانۆدا کردووە، بەڵام من زیاتر لە فیلم و دراماکاندا دەرکەوتووم، زیاتر لە فیلم و دراماکاندا بەژداریم کردووە، وە تا ئێستاش بەژداریم لە زۆرێک لە فیلم و درامادا کردووە ،دیارترین یان بەشداری کردنم بوو لە درامای "گەردەلوول" کە من وەک "شەهێن جەمال" لە دراماییەدا ناسرام کە لە دەهێنانی"جەلیل زەنگەنە"بوو یەکێک بوو لە پر بینەرترین دراماکانی کورد کە دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی هەبوو، تا ئێستاش من و هاوسەرەکەم بەژداریمان لە زۆرێک لە دراماکاندا کردووە،وە ئێستاش بەردەوامین لە کارە هونەرییەکانمان، لە پرسیارێکدا کە ئایا بێجگە لە کاری هونەری هیچ کارێکی دیکە دەکات؟ لە وڵامدا دەڵێت: لێرە هونەرمەند بە کارە هونەرییەکان ناتوانێت خۆی بژێنێنیت، ئەبێ لە پاڵ کاری هونەری کاری تریش بکات، ئێستا ئێمە کافتریاییەکمان داناوە؟ سەرقاڵی بەڕێوەبردنی ئەو کافتریایەن، لە ڕووی پشتگیریەو دەڵێت؛ تا ئێستا بە هیچ شێوەیەک هاوکاری من نە کراوە چونکە لێرە گرنگی بە هونەر نەدراوە، بەڵام کاتێک لە دراماییەک یان فیلمێک بە ژداری دەکەم لە ڕێگەی ئەو گرێبەستەی نێوان من و دەرهێنەرەوە، پشتگیری ماددیم ئەکرێ ئەویش بە هەوڵ و ماندووبونی خۆمە، سەبارەت بەو ڕەخنانەی کە وا ڕووبەرووی دەبنەوە دەڵێت؛ ئێستا وای لێهاتووە ڕەخنە لە مرۆڤی ئاسایش دەگیرێت ، بەڵام گرنگ ئەوەیە



بەو ڕەخنانە نەڕوخێیت، من وەک هونەرمەندێک لەوانەیە زۆر ڕەخنە ئاراستەی من کرابێت، بەڵام هیچ یەک لە ڕەخنانە ڕوخێنەر نەبوونە، تا ئێستاش زۆر داوای ئەوەم لێکراوە بۆ بەرنامەو پێشکەشکاری وە کاری مۆدێل، بەڵام ڕەتم کردوونەتەوە چونکە حەز بەوو کارانە ناکەم کاری من تەنها نواندنە، تەنها ویستوومە لە لەو ڕێگەیەوە بەردەوام بم، لە پرسیارێکی تردا کە ئایا چ کارێکی بە دەستەوەیە ؟ دەڵێت: نوێترین کارم بە شداری کردنم لە دراماییەکدا بە ناوی "ئەرخەوان" کە خۆم ڕۆڵی سەرەکیم دەبێت هەروەها کە لە "٤٠" ئەڵقە پێکهاتووە، ئەو دراماییە گشت کارەکانی ئامادەیە وەک سیناریۆ و کاست و وە بەمزووانە دەست بە وێنەگرتنی دەکرێت، لە کۆتاییدا دەڵێت:سوپاسی یەک بە یەکی هەواداراکانم و بینەرەکانم دەکەم ، هەموویانم بەبێ جیاوازی خۆش ئەوێت ئەوەشی ڕقی لێمە من زیاتر ئەوم خۆش ئەوێت چونکە من ڕقم لە کەس نییە هەموو هەواداراکانم بەبێ جیاوازی خۆش ئەوێت.

لاپتۆپێک لەناو ئاویشدا کار دەکات



کۆمپانیای Raytheonی ئەمریکی لەمیانی پیشانگەی China Joy تەکنیکیدا، لاپتۆپێکی نوێی ئاشکراکرد کەبەرگەی تەپبوون و تەپوتۆز دەگرێت. لاپتۆپە نوێیەکە بە Uncia ناسراوە کەپەیکەرێکی بەهێزی هەیە بەئەستوری ١٢,٧ ملیمەتر و کێشی ١,١ کیلۆگرام و پشت بەستوە بەپێودانگەکانی IP٦٨ واتە بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر ئاودا کارەدەکات. شاشەیەکی ١٣ ئینچ و پرۆسێسەری ئنتڵ کۆر ئای سێقنی هەیە و ئەدای خێرایە و لەرەلەری ٤ هەزار مێگاهێرتزە و ڕامەکەی ٨ گێگابایتە.

جارێکی دیکە ئەحلام و ڕاغب عەلامە دەبنەوە بە دادوەر



خەبات: هەمزە سەرحان

ڕێکخەرانی بەرنامەی زە ڤێس ئەو گۆڕانکارییانەیان ڕاگەیاندووە کە لە وەرزی پێنجەمی بەرنامەکەدا کراوە، کە گرنگترینیان ئەندامانی لێژنەی بڕیاردانن.

تۆڕی هەواڵی "وەکالات" ئاماژەی بەوە کردووە، جارێکی دیکە ئەحلام و ڕاغب لە یەک شوێندا کۆدەبنەوە، سەمیرە سەعید و محەمەد حەماقیش لەگەڵیاندان، لە وەرزی پێنجەمی The Voice لەسەر شاشەکانی MBC لە سێیەکی کۆتایی ساڵی ٢٠١٩دا، کاتی وێنەگرتنی قۆناغی "تەنها دەنگ" نزیکبوونەتەوە، کە دەکاتە سەرەتاکانی مانگی ئاب. لە پێشکەشکردنی یاسر سەقاف و ناردین فەرەج و، دەرهێنانی جنان مەنزورە.

پێشتریش ئەلیسا رایگەیاندبوو کە لێژنەی داوەرانی بەجێهێشتووە و بەڕێوەبەرایەتیی کەناڵەکە پێی ڕانەگەیاندووە کە بەشداری لەم وەرزەدا بکات، جگە لەمەش بەهۆی سەرقاڵیی بە ئەلبومی گۆرانییە نوێیەکەیەوە، لە هەموو حاڵەتێکدا نەیدەتوانی بەشداربێت لە وەرزی نوێی ئەو بەرنامەیەدا.

هەواڵی بەشداریکردنی ڕاغب عەلامە لە لێژنەی داوەرانە، بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبوەوە و دەنگۆیەکی زۆری بەدواداهات، چونکە لە ڕابردوودا هونەرمەندی لوبنانی ڕاغب عەلامە وازی لە لێژنەی داوەرانی بەرنامەی عەرەب ئایدڵ هێنا بەهۆی ئەوەی پەیوەندیی خەلیجی ئەحلامدا خراپبوو.

ڕۆنی سورکردنەوە هەوکردنی کۆڵۆن زیاد دەکات



لە مالپەڕی ساینس دەیلی، هاتووە کە، ئەنجامی توێژینەوە نوێیەکانی پسپۆڕانی بواری خۆراک پیشانی داوە ، بەکارهێنانی ڕۆنی برژادن یا خۆراک هەوکردنی کۆلۆن و گەشەکردنی خانەکانی شێرپەنجە زیاتر دەکەن و بەکتریاکان و ماددەی ژەخراوییەکان دەکەنە نێو ڕێرەویی خوێنەوە. پسپۆرانی زانستی خۆراک لە ماساچۆن دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەک لە سەر ڕۆنی خۆراکی برژادن لە سەر نەخۆشی کۆلۆن وهەوکردنی بۆیان دەرکەوت کە ڕۆنی خۆراکی دەبێتە هۆی گەشەسەندنی شێرپەنجەی کۆلۆن .بە ووتەی توێژەران، ڕۆنی تایبەت بۆ خۆراک و برژادن دەبێتە هۆی شێرپەنجەی کۆلۆن و پێوستە خۆمان لەو خۆراکانە بە دوور بگرین کە بە ڕۆنی برژادن ئامادە دەکرێن . بۆیە، ئەگەر کەسێک نەخۆشی هەوکردنی کۆلۆنی هەیە یا شێرپەنجەی کۆلۆن و ئەو جۆرە خۆراکانە بخوات ،ئەوا نەخۆشییەکە زیاتر پەرەدەستێنێت.

کتێبی دەوڵەتی ئیسلامی پێشکەش بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرا



خەبات

کتێبی دەوڵەتی ئیسلامی بە زمانی عەرەبی بە قەڵەمی نووسەری خاوەن ناوی جیهانی عەرەب (عەبدولباری عەتوان) نووسراوە. ئەم پەرتوکە لەلایەن (حوسێن ئیحسانی) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و لە ولاتی ئەفغانستان چاپ کراوە؛ ڕۆژی پێنجشەمە 29ی ئۆگۆستی 2019 بەرانبەر بە 7ی سونبولەی 1398ی هەتاوی لە شاری کابوڵ لە دێپارتمانی ئەنیستیتوتی لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی ئەفغانستان پەردە لە سەر ئەم کتێبە لادرا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناسینی ڕیشەکانی سەرهەڵدانی بونیادگەرایی و تیرۆریسمی داعش لە ناوچەکە. هەروەها لە ئاستی ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی پرسی دەرکەوتن و نەمانی داعشی باس کردوە. هەروەها تاوتوێیەکی ڕێکی لە سەر چۆنیەتی بەرگریکردنی وڵاتانی تووش بوو بە جەنگ لە بەرانبەر ئەم دیاردەیە کردوە. لە پشت بەرگی کتێبەکە وا نووسراوە: ویلایەتە یەکگرتوەکان بە هیچ شێوەیەک ڕۆڵیان لە دروست کردنی داعش نەبوە. لە ماوەی یازدە ساڵی ڕابردوو پەراوێز خستنی خەڵکی سونەی عێراق و سوکایەتی پێکردنیان لە لایەن حکومەتی شیعی عێراق ئەم دۆخەی نایەوە. ئەم سیاسەتانە تۆی دەوڵەتی ئیسلامی چاند بونە هۆی ئەوەی بە خێرایی گەشە بکات؛ تا ڕادەیەک کە دە هەزار ئیسلام گەرای سەرانسەری جیهان بگەنە داعش. ئەم کتێبە بۆ تێڕوانینی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بزانن داعش چۆن دروست بوە و چۆن توانی ئەو هەموو تونددڕەوانی وەک دەوڵەتی ئیسلامی. شایانی باسە وەرگێڕ لە لاپەڕەی یەکەمدا ئەم کتێبەی پێشکەش بە هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوا کردووە. وەرگێڕ لە پێپەڕی کتێبەکە و لە وتاری ڕۆژی پەردەلادانیش بە تێری باسی ڕۆڵی کورد و پێشمەرگەی کوردستانی کردوە. لە پێنویسی زۆرێک لە لایەڕەکاندا بە قەڵەمێکی بەرگریکارانە ڕوون کردنەوەی لە سەر کورد داوە؛ بە جۆرێک کە هەندێ جار ڕەخنەشی لە نووسەر گرتوە کە وەک خۆی باسی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی نەکردوە. بەو هیوایەی ئەم کتێبە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی.

